# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٨)- (٩)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٣

**پێداگریی سەرۆك بارزانی هێزی پێشمەرگەی هێشتەوە و لە دەستووردا چەسپاندی**

**بڕیاری ڕیفراندۆم وێستگەیەکی وەرچەرخانە لە مێژووی گەلی کوردستاندا**

# بوونی نەتەوە و نیشتمان لە ساتەوەختی بڕیاری قورسی کاریزمادا دەردەکەوێت







# دیدار لەگەڵ شا فەهد عەبدولعەزیز

٤٩

ڕۆژی ٢٩ی ئایاری ١٩٩٣ لەگەڵ (خادم الحرمين الشريفين) شا فەهد عەبدولعەزیز کۆ بووینەوە. کەسێکی زۆر کراوە بوو. بە گەرمی بەخێرهاتن و پێشوازیی شاندەکەی کرد. بەوردی هەڵوێستی سعوودیەی ڕوون کردەوە و باسی بارودۆخی عەرەبی و هەروەها ئەو گیروگرفتانەی کرد کە لە ئەنجامی هەڵوێستە توندڕۆییەکان و دروشم و موزایەداتەوە هاتوونەتە بەردەم وڵاتە عەرەبییەکان. شەڕی عێراق و ئێران تەوەرێکی تری قسەکانی بوو و، گوتیشی هەوڵێکی زۆریان دا بە مەبەستی ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕەکە، بەڵام کاتێک ڕووی دا هیچ ڕێگاچارەیەک نەبوو، پێویست بوو یارمەتی عێراق بدرێت، نەک سەددام، حەزمان نەکرد عێراق بکەوێتە دەست ئێران. دواتر زۆر بە ئازارەوە باسی داگیرکردنی کوێت و مووشەکبارانی شارەکانی سعوودیەی کرد، ئەو مووشەکانەی بە پارەی سعوودیە کڕدرابوون. داگیرکردنی کوێت تاوانێکی گەورە بوو و هیچ ڕێگایەک نەبوو و سەرەڕای هەموو ناخۆشی و تاڵییەکان پێویست بوو سەددام باجی لە خۆباییبوونەکەی بدات. باسی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایریشی کرد لە نێوان شای ئێران و سەددام. گوتی: «داوایان لێ کردم وەک شاهید ئامادەی ئیمزاکردنەکەی بم، بەڵام ڕەتم کردەوە ئامادەی ئیمزاکردنەکەی بم و پێم ڕاگەیاندن کە ڕێکەوتنەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە».

شا فەهد، لە بەشێکی تری قسەکانیدا یارمەتی و پشتگیری سعوودیەی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کە سەبارەت بە شێوە و چۆنیەتیی هاوکارییەکان ڕاوێژ لەگەڵ ئەمەریکاش دەکەن. لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای سەرقاڵیی زۆری بە کاروباری ڕۆژانەیەوە پێی خۆش بووە بەر لە گەڕانەوە لەگەڵ شاندەکەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆ ببێتەوە.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (ئایا نێر و مێ دوو ڕەگەزی یەکسانن؟!) لە نووسینی (د. سیروان ئەحمەد قادر ئەمین) لە دووتوێی (١٢٨) لاپەڕەدا کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.


نووسینی نێو ئەم کتێبە دوو بابەت لە خۆ دەگرێت، لە بەشی یەکەمدا بە تەنیا بابەتی بەشە میراتی ڕەگەزی مێینەیە، گوایە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ستەمی لێ کردووە، لە بەشی دووەمی بابەتی جێندەر و ڕێککەوتننامەی (سیداو) و دەرهاویشتە و مەترسییە چاوەڕوان نەکراوەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی. نووسەر لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتی میرات شتێکی سروشتییە و فیترەتی ئینسان وا دەخوازێت لە دنیا پاش مردنی ماڵ و سامانەکەی کەسە نزیک و خزمەکانی لێی بەهرەمەند بن، نەك بێگانە، هەموو گەل و نەتەوەیەك سیستمێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە دابەشکردنی موڵك و ماڵ و سامانی ئەوانەی وەفات دەکەن، ئایا کێن ئەوانەی بەهرەمەند دەبن لە میراتی کەسە مردووەکان؟

هەر لەم سۆنگەیەوە نووسەری کتێبەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بە کورتی و بەکوردییەکەی، کرۆکی فەلسەفەی (جێندەر و سیداو) باس لە نەهێشتنی هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان نێر و مێدا هەن دەکات، بەتایبەت ئەو جیاوازییەی کۆمەڵگە دروستی کردوون.

بە گشتی دکتۆر سیروان لەم کتێبەدا وردەکاریی بەشە میراتی ڕەگەزی مێینەی خستووەتە ڕوو، لەمەدا باس لە ماددەی (١٣) بڕگەی (أ)ی ڕێککەوتننامەی سیداو دەکات، دواتر هاتووە ئاماژەی بە بارودۆخی ئافرەت کردووە بە درێژایی مێژوو، بگرە هەر لە سەردەمی ئەغریق و ڕۆمان و چینی و هیندی و فارس و بابلی و ئاشووری و جوو و نەسرانی تا پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. هاوکات لە باسکردنی جێندەریشدا پێناسەی کردووە و هێمای بۆ بابەتی هاوڕەگەزخوازی و بەیاساکردنی کردووە لە هەندێ وڵاتدا، لەگەڵ ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان چ لە ڕووی بەڵگە نێو دەوڵەتییەکان بۆ هاوڕەگەزخوازان، یان مافەکانیان.


دەستخۆشی لە (د. سیروان ئەحمەد قادر ئەمین) دەکەین و هیواداریین ئەم کتێبە وەك سەرچاوەیەك بێت بۆ ئەوانەی پسپۆڕن یان توێژینەوە لەسەر ئەم بوارە دەکەن. سەرکەوتوو بێت و لە چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتردا.

ماموٚستا مەلا ئەبوبەکر ئاقوبانی :




## نابێت ڕێگە بدەین ئایین و نیشتمانپەروەری لە یەکتری جیابکرێنەوە

پ.ی دکتۆرە جیهان محەمەد فەتاح:




## کوردستان شوێنی شیاوی بۆ بەنداوی گەورە و ستراتیژی هەیە

پ. د. کەرڤان محەمەد ئەحمەد ئامێدی :



## حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواردا چاکسازی کردووە، بەڵام کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش پێویستیان بە چاکسازیی زیاتر هەیە

دکتۆر مەحموود ئەلداغر :



## ناجێگیریی نرخی دینار بەرامبەر دۆلار تەنیا بە هەماهەنگیی نێوان بانکی ناوەندی و حکومەتی فیدراڵ چارەسەر دەبێت





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

باخان عوسمان :

## ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەرزش زۆر باشە



دکتۆر عەلی ڕەشید خۆشناو :



## ئەمساڵ ٦٠ ملیار دینار بۆ پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر تەرخان کراوە

سەحەر مەحموود زادە:

## ئاواتی گەورەم ئەوەیە دەرفەتی کار بۆ خانمانی کوردستان بڕەخسێنم



## ماوسی سێ ڕەهەندی ئەرکەکان ئاسان دەکاتەوە



## کەی پێویستە قژهەڵەورین بە هەند وەوربگیرێت؟



«مێسیی بەغدا»

## لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئۆستێندە






# بوونی نەتەوە و نیشتمان

## لە ساتەوەختی بڕیاری قورسی کاریزمادا دەردەکەوێت








«مرۆڤ بایەخ بە بوونگەرایی نادات، تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرە کە مانای «بوون»ی تێدا دەردەکەوێت و، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین مرۆڤ ئەو هەبووەیە کە لە مانای «بوون» تێدەگات، دەبێت ئەوەش بڵێین کە تێگەیشتنی مرۆڤ لە «بوون» خودی «بوونە»، بەو واتایەی ئەمە سیفەتێک نییە بۆ مرۆڤ دانرابێت، لێ شێوازی مرۆڤە لە بوونی خۆیدا. «بوون» بە شێوەی تێرامان لە مرۆڤدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە سەرەتاوە وەک نیگەرانی دەردەکەوێت و ئەم نیگەرانییەش بایەخدان بە کێشەکەی دەورووژێنێت».

**مارتن هادیگەر**
**کتێبی بوون و کات**

ئەو مرۆڤەی لە جیهانە تایبەتەکەی خۆی لە مانای «بوون» تێدەگات، مارتن هایدگەر ناوی ناوە (دازاین) بە مانای (بوون- لێرە)، یان بە واتایەکی دیکە تێگەیشتن لە (بوون — لێرە) لە چوارچێوەی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆتدا، لەبەر ئەوەی ئەو پێگە جوگرافییەی پێی دەگوترێت «نیشتمان»، ئەو پێگە جوگرافیایە (جیهانە تایبەتەکەی ) تۆیە، ئەوجا چۆن بە بێ تێگەیشتن لە «بوون» جیهان هیچ مانایەکی نییە و بە بێ جیهانیش مرۆڤ بوونی نییە، ئەوا بە بێ تێگەیشتنیش لە بوونی نەتەوە، نیشتمان هیچ بایەخێکی نییە، بە پێچەوانەشەوە بە بێ ئەو نیشتمانە، نەتەوە هیچ مانایەکی نییە.

تێگەیشتن لە مانای «بوون» کارێکی ئاسان نییە، هەروەها پرسیار ورووژاندیش سەبارەت بە مانای «بوون» وەڵامدانەوەی کارێکی ئاسان نییە و ناشبێتە کاری هەموو مرۆڤێك، بەڵکو ئەو مرۆڤە دەتوانێت لە مانای «بوون» تێبگات کە لە هەمبەر نەبوونی مانای «بوون» نیگەران دەبێت و، ئەم نیگەرانییە دەبێتە خەمێك و کێشەیەك و بە بایەخەوە کۆشش دەکات بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانییە برەوێنێتەوە و لە مانای «بوون» تێبگات و، تەنیا هەبوویەکیش مانای «بوون»ی تێدا دەربکەوێت، خودی مرۆڤە.

بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا هەموو مرۆڤێك هێمایە بۆ تێگەیشتن لە مانای «بوون»؟ هایدگەر پێمان دەڵێت: «دازاین تاکێکە لە ناو کۆمەڵدا و سەربەخۆ بیردەکاتەوە و بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدایە، بۆ ئەوەی لە مانای «بوون» تێبگات و کاتێکیش کە بوون (لە ناو جیهاندا ) دەگۆڕێت بۆ بوون (لەگەڵ ئەوانی دیکە)، ئەوا ئەگەر دازاین کۆنترۆڵی خۆی نەکات و، نەتوانێت سەربەخۆیی بیرکردنەوەی خۆی بپارێزێت، ئەویش دەبێتە یەکێك لەو خەڵکە و بایەخدانی بۆ بە مانای «بوون» نامێنێت و هەوڵەکانی بە فیرۆ دەچێت، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە دازاین ئەو تێگەیشتنەی خۆی بۆ مانای («بوون» بپارێزیت و، تێگەیشتن لە «بوون» بکاتە تێگەیشتنی ئەوانی دیکەش.

کەواتە ئەگەر ئەو مرۆڤەی مانای «بوون» بۆی دەبێتە نیگەرانی و بێداری، ئەم بێداری و نیگەرانییەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی مانای «بوون» لای ئەو ببێتە خەم و کێشەیەك و خەبات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکات، ئەوا ئەو «دازاین»ـە ئەو مرۆڤەیە کە لە ساتەوەختێکی ناو مێژووی نەتەوەکەیدا وەك کاریزما دەردەکەوێت و بوونی نەتەوەکەی دەکاتە خەم و کێشە و لە پێناویدا ئامادە دەبێت گیانی خۆی بەخت بکات.

هەر بۆیە ئەگەر «دازاین» لای هایدگەر، ئەو تاکە بێت کە لە خودی خۆیدا مانای «بوون» دەدۆزێتەوە، ئەوا کاریزماش تاکێکە لە ناو نەتەوە و لە خودی بوونی خۆیەوە مانای بوونی نەتەوەکەی بەرجەستە دەکات و، کاتێك لە مانای «بوون»ی خۆی تێدەگات، ئەم تێگەیشتنە لە بازنەیەکی فراواندا دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ مانای «بوون»ی نەتەوە.

ئەگەر بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەم باسە ئاماژە بە کاریزمای مەهاتما گاندی بدەین و، بپرسین: چۆن کاریزمای گاندی لەدایکبوو؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەو ساتەوەختە کاریزمای گاندی لەدایکبوو، کە وەك (تاك) پۆلیسێکی ئینگلیز لە باشووری ئەفریقیا لە شەمەندەفەر فڕێی دایە خوارەوە و پێی گوت: «تۆ مافت نییە لە فارگۆنی پلەیەك دابنیشیت». ئەم فڕێدانە خوارەوەیە بوو بە برووسکەیەك کە گاندی تێگەیشت، ئەو وەك هەبوویەك «مرۆڤە»، بەڵام ئەم هەبوونەی مرۆڤ هیچ مانایەکی «بوون»ی نییە. لێرەوە مانای «بوون» لای گاندی دەبێتە کێشەیەك و هەموو ژیانی خۆی بۆ تێگەیشتن لە مانای «بوون» تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی لە مانای بوونی خۆی وەك تاك و مانای بوونی نەتەوەکەی لەم جیهانە تێبگات.

گاندی بۆ تێگەیشتن لە مانای (بوون)، باشووری ئەفریقیای کردە «بوون – لێرە»، واتە هیندستانێکی بچووك و، هەر لەوێ هانی ئەو خەڵکانەی هیندستانی دا، کە لەوێ نیشتەجێبوون، بەکۆمەڵ ئەو پەساپۆرتانە بسووتێنن کە مۆری شاهانەی بەریتانیی لەسەر بوو، وەك پیشاندانی ناڕەزایی بەرامبەر ئەو ناسنامەیەی کە بوونی ئەوان بێ مانا دەکات.

لێرەوە وەك هایدگەر پێمان دەڵێت «تێگەیشتن لە «بوون» خودی بوونە و زمانیش ڕاگەیاندنی ئەو بوونەیە، ئەوا لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك گاندی لە باشووری ئەفریقیاوە لە مانای «بوون» تێگەیشت و بە ڕێگەی زمان و نووسین ئەم بوونەی لە هیندستانە بچکۆڵەکەی باشووری ئەفریقیا» بە جیهان ڕاگەیاند، ئیدی کاتی ئەوە بوو گاندی بگەڕێتەوە هێندستان و لە چوارچێوەی نیشتمانەکەی خۆیدا جارێکی دیکە «بوون – لێرە» ڕابگەیەنێتەوە.

ئەگەر سەرنجێك بخەینە سەر گاندی وەك تاکێك و هیندستان وەك سەدان نەتەوە و ئایینی جیاواز و ئەو پرسیارە بکەین: ئایا چۆن مانا و تێگەیشتنی گاندی لە «بوون»، بووە تیگەیشتنی نیشتمانێك کە سەدان نەتەوە و ئایینی جیاوازی لەخۆی گرتووە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕەفتار و نووسینەکانی گاندی دەردەهێنین و دەڵێین: گاندی بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هیندستانی سەلماند، هەموو هیندستانییەك (بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە) لای حوکمڕانیی پادشایی بەریتانی هەبووەیەکە وەك ئامێر و وەك مرۆڤ هیچ بوونێکی نییە. ئەمە پێمان دەڵێت گاندی مانای «بوون»ی لە خەمی تاکێکەوە، کردە خەم و کێشەی نیشتمانێك، ئەو نیشتمانەی کە جیهانە تایبەتەکەی گاندی پێك دەهێنێت.

ئەم پرسە بۆ نیلسۆن ماندیلاش هەر بە هەمان شێوەیە. نیلسۆن ماندیلا کاتێك لە تەمەنی نۆساڵی چووە قوتابخانە ناوی «نیلسۆن» نەبوو، بەڵکو ناوی «ڕۆلیهلاهلا ماندیلا» بوو، بەڵام ئەو کات سیستمی ڕاسیزمی باشووری ئەفریقیا قبووڵی نەدەکرد، کە ناو ڕەسەنی ئەفریقیی منداڵەکانیان دەگۆڕێ و ناوی «ڕۆلیهلاهلا ماندیلا»یان گۆڕی بۆ ناوێکی ئینگلیزی و کردیان بە «نیلسۆن ماندیلا».

کەواتە ماندیلاش وەك تاکێکی ڕەش پێست هەر لە سەرەتای منداڵییەوە و بە گۆڕینی ناوەکەی «بوون»ی وەك هاووڵاتیەکی ڕەش پێستی نیشتمانەکەی خۆی بێ مانا کراوە و، ئەم بێماناکردنەی «بوون» نیگەرانی کردووە، هەر ئەم نیگەرانییەش مانای «بوون»ی بۆ کردووەتە کێشەیەك و لە پێناویدا لە هەموو ژیانیدا خەباتی کردووە و، بە تێگەیشتن لە بوونی خۆی وەك تاکێکی ڕەشپێست، مانای بوونی تێکڕای ڕەشپێستەکانی پێناسە کردووەتەوە.

هەر بۆیە کاتێك تێگەیشتنی کاریزما (وەك تاك) دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ مانای بوونی نەتەوە لە نیشتماندا، ئەوا نەتەوەش

**ئەگەر ئەو مرۆڤەی مانای «بوون» بۆی دەبێتە نیگەرانی و بێداری، ئەم بێداری و نیگەرانییەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی مانای «بوون» لای ئەو ببێتە خەم و کێشەیەک و خەبات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکات**

**کاتێک تێگەیشتنی کاریزما (وەک تاک) دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ مانای بوونی نەتەوە لە نیشتماندا، ئەوا نەتەوەش وەک کاراکتەرێک و بەو تێگەیشتنەی بۆ بوونی خۆی پێی گەیشتووە، کارلێک لەگەڵ کەلتوور و مێژوو و شارستانیەتی خۆی دەکات**

**کاتێک کە لە دروشمی «کوردستان، یان نەمان» وەک دروشمی شۆڕشی ئەیلوول ڕادەمێنێن، دەبینین ئەم دروشمە هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەی سەدان ساڵەی نەتەوەیەکە کە خاکەکەی دابەش کراوە و، لە بوون و سەربەستیی خۆی بێبەش کراوە**

**بە گرێدانەوەی «ڕابردوو بە ئێستا و ئێستا بە ئایندەوە»، نەبوونی «بوون و ئازادی» خۆی هاوتای نەمان كردووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر گەلی كوردستان وەك گەلێكی سەربەست و ئازاد بوونی نەبێت، نەبوونی باشترە**

**دروشمی «كوردستان، یان نەمان»ی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، زمانی نەتەوەیە، ئەو نەتەوەیەی لە «بوون»ی خۆی تێگەیشتووە و دەیەوێت بەم پەیڤە شۆڕشەكەی بە جیهان بناسێنێت**

**شۆڕشەكەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهرییەوە كە پاشان شێخ عەبدولسەلامی بارزانی یەكەم و دوای ئەویش شێخ عەبدولسەلام بارزانی دووەم ڕێبەرایەتی دەكەن، بوونی نەتەوە وەك «بوونی دەوڵەت» ئاماژەی پێ كراوە**

وەك كاراكتەرێك و بەو تێگەیشتنەی بۆ بوونی خۆی پێی گەیشتووە، كارلێك لەگەڵ كەلتوور و مێژوو و شارستانیەتی خۆی دەكات و، بە جۆرێك سەرچاوەكان بەكار دەهێنێت و پێشیان دەخات، كە لە چوارچێوەی براندێكی نیشتمانیدا ئیرادەی نەتەوەیەكی زیندوو بەرجەستە دەكاتەوە.

**● كوردستان، یان نەمان**

**هاوتاكردنی بێ مانایی بوون بە نەمان**

عەباس مەحموود عەقاد لە كتێبی «فەلسەفەی شۆڕش» جەخت لەوە دەكاتەوە، «دروشمی هەر شۆڕشێك زادەی بیركردنەوەی نەتەوەیە لەو كارەسات و نەهامەتییەی كە پێشتر لە ساتە وەختی شۆڕشدا بە سەریدا هاتووە، نەتەوە بە یەك دوو وشە دەیكاتە دروشم و ناسنامەی شۆڕشەكەی پێ دیاری دەكات».

لەسەر ئەم بنەمایە كاتێك كە لە دروشمی «كوردستان، یان نەمان» وەك دروشمی شۆڕشی ئەیلوول ڕادەمێنین، دەبینین ئەم دروشمە هەڵقوڵاوی بیركردنەوەی سەدان ساڵەی نەتەوەیەكە كە خاكەكەی دابەش كراوە و، لە بوون و سەربەستیی خۆی بێبەش كراوە، ئەوا بە گرێدانەوەی «ڕابردوو بە ئێستا و ئێستا بە ئایندەوە»، نەبوونی «بوون و ئازادی» خۆی هاوتای نەمان كردووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر گەلی كوردستان وەك گەلێكی سەربەست و ئازاد بوونی نەبێت، نەبوونی باشترە، لەمەش زیاتر گرێدانەوەی سەربەستی و ئازادی بە مانای «بوون» لە خۆیدا مانای «بوون» لە ئازادی و سەربەستیدا بەرجەستە دەبێت.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: دروشمی «كوردستان، یان نەمان»ی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، زمانی نەتەوەیە، ئەو نەتەوەیەی لە «بوون»ی خۆی تێگەیشتووە و دەیەوێت بەم پەیڤە شۆڕشەكەی بە جیهان بناسێنێت و، ڕاگەیاندنی ئەو ساتە وەختەیە كە نەتەوە دووربینیانێك بۆ ئایندەی خۆی دیاری دەكات، كە ئەویش دووربینیانی «بوون و نەمان»ە.

گەلی كوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، كوردستانی وەك نیشتمان، بە مانای بوون و خودی بوون ناساندووە، ئەم بوونەی نیشتمانیش «كوردستان» وەك بوونێكی یەكپارچە، نەك چوار پارچەی دابەشكراو» پێناسە كردووە. ئەم حاڵەتی تێگەیشتنە لە «بوون» لە بیركردنەوەی نەتەوەدا، دوو جار گرێدانەوەی مێژووە بە ئێستاوە، یەكەمیان گرێدانەوە و ڕەتكردنەوەی «شەڕی چاڵدێران»ە كە پێنج سەدە پێش شۆڕشی ئەیلوول كوردستانی كردووە بە دوو پارچە، دووەمیشیان ڕەتكردنەوەی ڕێككەوتنی «سایكس پیكۆ»یە كە چوار دەیە پێش دەستپێكی شۆڕشی ئەیلوول، كوردستانی كردووە بە چوار پارچە، ئەم چوار پارچەیە كە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن كورد لە خۆی دەگرێت، وەك هەبوویەك هەیە، بەڵام ئەم هەبووە، هیچ «بوون»ێكی نییە و، وەك بیرمەندی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشكچی زۆر جوان ئاماژەی پێ كردووە « كوردستانی توركیا، كوردستانی ئێران، كوردستانی عێراق، كوردستانی سووریا بوونی هەیە و، تەنیا كوردستانێك كە بوونی نییە، كوردستانی ڕاستەقینەی گەلی كوردستانە».

نیگەرانیی نەتەوە لە هەمبەر بوون بە مانای «سەربەستی و ئازادی و نیشتمان»، نیگەرانیی تەنیا نەوەیەكی نەتەوە لە قوناغێكی دیاریكراوی مێژووی نەتەوەدا نییە، بەڵكو ئەم نیگەرانییەی نەتەوە بۆ ئازادی و سەربەستی، لە ساتە وەختی شەڕی چاڵدێرانەوە دەستی پێ كردووە و، بووەتە خەمێك و بیری لێ كراوەتەوە و، هەڵوەستە و تێڕامانی زۆری لەسەر كراوە، لە سەردەمانی جیاوازیشدا بەرهەمی ئەو تێڕامان و بیركردنەوەیە لە شیعری شاعیرانی كوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەم نیگەرانییەی بوون بە مانای ئازادی و سەربەستی نەبووەتە پرۆژەیەك بۆ تێگەیشتنێكی قووڵی مانای «بوون» لە ناو مێژووی نەتەوەدا، هەر بۆیە كاتێك دەمانەوێت مێژووی نەتەوە بە ئێستاوە گرێ بدەینەوە و، ئێستا بە ئایندەوە گرێ بدەینەوە، هەست دەكەین قوناغەكانی كامڵبوونی تێگەیشتن لە «بوون»، قوناغی جیاوازی بڕیوە و، نەتوانراوە نیشتمانە تایبەتەكەی «بوونی گەلی كوردستان» وەك جیهانێكی تایبەت بە گەلی كوردستان وەك خۆی پێناسە بكرێت.

لە شۆڕشەكەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهرییەوە كە پاشان شێخ عەبدولسەلامی بارزانی یەكەم

و دوای ئەویش شێخ عەبدولسەلام بارزانی دووەم ڕێبەرایەتی دەکەن، بوونی نەتەوە وەك «بوونی دەوڵەت» ئاماژەی پێ کراوە، هەروەها شێخ مەحموودی حەفید وەك «مەملەکەت» و پێشەوا قازی محەمەدیش وەك «کۆمار» ڕاڤە کراون، بەڵام لەناو ئەم مێژووەدا چوارچێوەی ئەو «دەوڵەت، مەملەکەت و کۆمار»ـە، تەنیا بەشێکی بچووکی کوردستانی گرتووەتەوە و ئەم بەشە بچووکەش نەبووەتە ئەو بازنەیەی کە مانای «بوون» بۆ تەواوی گەلی کوردستان لە جیهانە تایبەتەکەی خۆیدا بکات، کە هەر چوارپارچەی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام ئەم سەردەمە بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری «بوون» بە مانای «ئازادی و سەربەستی و نیشتمان»، لەگەڵ دەرکەوتنی مستەفا بارزانی وەك کاریزمایەك لە ناو مێژووی نەتەوەی خۆیدا، وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا دێت و، بۆ یەکەمین جار دوای زیاتر لە مێژووی چوار سەدەی ژێردەستەیی و دابەشکردنی کوردستان، مستەفا بارزانی وەك یەکەمین ڕابەر «بوونی گەلی کوردستان» بە مانای ئازادی و سەربەستی و نیشتمان لە ناو یەك نیشتماندا پێناسە دەکاتەوە، کە ئەویش هەر چوار پارچەی کوردستانە و، وەك جیهانە تایبەکەی گەلی کوردستان ناوی لێ ناوە «کۆماری کوردستانی گەورە»، ئەمەش بەو مانایەی کە بیرمەند ئیسماعیل بێشکچی بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێت: «زوڵمە کوردستانی عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا هەبێت و، گەلی کوردستان خۆی کوردستانی نەبێت». مستەفا بارزانی لە پەیامەکەیدا لە پاکۆ لە ساڵی ١٩٤٧ ڕایگەیاند، ئاراستەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییمان بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستانی گەورەیە، ئەو کۆمارەش جیهانە تایبەتەکەی گەلی کوردستانە و بێجگە لە گەلی کوردستان هیچ کەسێك خاوەنی «کۆماری کوردستانی گەورە» نییە.

مستەفا بارزانی لە ئاوارەیی سۆڤیەتی پێشان ( ١٩٤٦-١٩٥٨) گەیشتە ترۆپکی ئەم تێگەیشتنەی لە بوونی نەتەوەکەی وەك نەتەوەیەکی ئازاد و خاوەن نیشتمانی سەربەخۆ و شایستەی خۆی، هەر بۆیە خودی تێگەیشتنەکەی مستەفا بارزانی لە مانای «بوون»، وەك هایدگەر پێمان دەڵێت، بووە «خودی بوونی» نەتەوەیەك و نیشتمانێك، هەر بۆیەش لەسەر ئاستی جیهان جێگرەوەی ناوی کورد و کوردستان بووە «بارزانی».

هاوتابوونی ناوی «بارزانی» بە مانای بوونی نەتەوە و نیشتمانێك کە «کوردستان»ـە، تەنیا بەرهەمی بیرکردنەوە نییە لە بوونی نەتەوە و نیشتمانێك، بەڵکو هەستکردن بە نیگەرانییە لە هەمبەر نەبوونی «بوونی نەتەوە و نیشتمان» و، مستەفا بارزانی بە هاوشێوەی مەهاتما گاندی و نیلسۆن ماندیلا ئەم نیگەرانییەی لە سەرەتادا کردوویەتە «کێشەی خۆی» وەك تاکێك لە ناو نەتەوەیەکی ژێردەستەدا و، وەك تاك لە ئاوارەیی هەوڵی داوە، تێگەیشتنەکەی بۆ بوونی خۆی بکاتە تێگەیشتن لە بوونی نەتەوە و نیشتمان، ئەم تێگەیشتنەشی ڕاڤە کردووە و، وەك نوێنەری نەتەوە پەیوەندی بە چەندین سەرۆك دەوڵەتەوە کردووە و، هەوڵی داوە لە بوونی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتمانی تایبەتی گەلی کوردستان تێبگەن.

ئەو سەردەمەی مستەفا بارزانی وەك کاریزمایەك تێگەیشتنی لە «بوونی نەتەوە و نیشتمان» کردە کێشەی خۆی و پاشانیش لەو خودەوە کێشەی نەتەوەی و نیشتمانی پێناسە کردەوە، لە ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئەو سەردەمەی هەر چوار پارچەی کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتی، دیالۆگی گەرمی سیاسی لەسەر ئەوە بوو «ئایا کورد نەتەوەیە، یان نەتەوە نییە؟ ئایا کوردستان نیشتمانە تایبەتەکەی گەلی کوردستانە یان بەشێکە لە عێراق و تورکیا و سووریا و ئێران؟».

ڕاستە ورووژێنەری سەرەکیی ئەم پرسیارانە ئەندامانی «حزبی شیوعی عێراق»ی ئەو سەردەمە بوون و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیان دەکردەوە، بەڵام لەناو ئەندامانی ئەو کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش (١٩٤٦-١٩٥٨) قەناعەتێکی بەو جۆرە هەبوو، کە تێگەیشتن لە بوونی «نەتەوە و نیشتمان» لە ناو مێژووی چەپی «مارکس- لینین» سەرچاوە دەگرێت، نەك لە هەناوی مێژووی نەتەوە و گەلی کوردستانەوە.

**بیرمەندی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: «زوڵمە کوردستانی عێراق و ئێران و سووریا و تورکیا هەبێت و، گەلی کوردستان خۆی کوردستانی نەبێت»**

**کاتێک دەمانەوێت «ڕابردوو بە ئێستا و ئێستا بە ئاینده»وە گرێ بدەینەوە، بۆ ئەوەی لە مانای بوونی «نەتەوە و نیشتمان» تێبگەین، ئەوا لای دۆست و دوژمن ناوی «بارزانی» هاوتای ئەو بوونەیە و ئەو تێگەیشتنەی مستەفا بارزانی بووەتە نەخشە ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن لە بوونی نەتەوە و نیشتمان**

**مسعود بارزانی کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩وە ئەرکی درێژەپێدانی تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ «بوونی نەتەوە و نیشتمان» کردووەتە کێشەی خۆی و نەتەوەکەی، هەموو کات بازنەی بیرکردنەوەی «بەرەی نیشتمانی» بووە، نەک چوارچێوەی تەسکی حزبێکی سیاسی**



پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق لە ساڵانی (١٩٤٦-١٩٥٨) دوو حزبی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق بوون و، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەندام و لایەنگریشیان هەبوو، لە بەرامبەردا و هەر لەو ماوەیەدا مستەفا بارزانی لە ئاوارەیی ژیانی بەسەر دەبرد و، لە ژیانێکی نارەحەتی و دەربەدەری دەژیا، بەڵام لە ناو ویژدانی نەتەوە و تێکڕای گەلانی عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریزمای ناوەکەی دەبووە مانای بوون بۆ نەتەوەی کورد و تەواوی گەلانی عێراق، ئەم گەشەکردنە خێرایەی کاریزمای مستەفا بارزانی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەوەی ڕاستە مستەفا بارزانی تێگەیشتنی لە بوونی کورد و کوردستان کردووەتە کێشەی خۆی، بەڵام هەرگیز بوونی نەتەوەکانی دیکەی ڕەت نەکردووەتەوە و بەردەوام بانگەشەی برایەتیی نێوان نەتەوەی کورد و ئەو نەتەوانەشی کردووە کە کوردستان بە سەر دەوڵەتەکانیاندا دابەش کراوە.

لێرەوە کاتێك دەمانەوێت «ڕابردوو بە ئێستا و ئێستا بە ئایندە»وە گرێ بدەینەوە، بۆ ئەوەی لە مانای بوونی «نەتەوە و نیشتمان» تێبگەین، ئەوا لای دۆست و دوژمن ناوی «بارزانی» هاوتای ئەو بوونەیە و ئەو تێگەیشتنەی مستەفا بارزانی بووەتە نەخشە ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن لە بوونی نەتەوە و نیشتمان، بۆیە هەر لایەك، تەنانەت ئەو لایەنانەشی خۆیان وەك دژی ئەو تێگەیشتنە لە گۆڕەپانی سیاسیدان، ئەگەر لە نەخشە ڕێگەکەی مستەفا بارزانی لابدەن، ئەوا لە هزر و سەیرکردنی نەتەوەدا وەك خائین سەیر دەکرێن، ئەمەش بووەتە ئەو ڕاستییە مێژووییە، ئەگەر هەر لایەك درێژەپێدەری هەمان تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بێت بۆ «بوون»، یان دژی ئەو تێگەیشتنەش بێت، هەر دەبێت لەسەر ئەو نەخشە ڕێگەیە بڕوات کە مستەفا بارزانی بۆ «بوون»ی نەتەوە و نیشتمان دایڕشتووە.

**بۆ یەکەمین جار دوای زیاتر لە مێژووی چوار سەدەی ژێردەستەیی و دابەشکردنی کوردستان، مستەفا بارزانی وەک یەکەمین ڕابەر «بوونی گەلی کوردستان» بە مانای ئازادی و سەربەستی و نیشتمان لە ناو یەک نیشتماندا پێناسە دەکاتەوە، کە ئەویش هەر چوار پارچەی کوردستانە**

## • درێژەپێدانی تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بڕیاردانی قورس بۆ داکۆکیکردن لە «بوون»

مسعود بارزانی کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩وە ئەرکی درێژەپێدانی تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ «بوونی نەتەوە و نیشتمان» کردووەتە کێشەی خۆی و نەتەوەکەی، هەموو کات بازنەی بیرکردنەوەی «بەرەی نیشتمانی» بووە، نەك چوارچێوەی تەسکی حزبێکی سیاسی، لەم پێناوەشدا سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی بازنەی بەرەی نیشتمان بەردەوام بازنەیەکی فراوان بێت بۆ تێگەیشتن لە «بوون»، گەلێك جار غەدری لە «بوون»ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کردووە.

لە ناو ئەو نەخشە ڕێگەیەی تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ «بوونی نەتەوە و نیشتمان»، مسعود بارزانی هەنگاوی پراکتیکی بۆ مانادان بەو «بوون»ەی تێگەیشتنی مستەفا بارزانی هەڵدەگرێت و، لە هەمانکاتدا ڕابردوو بە ئێستا گرێ دەداتەوە و ئێستاش بە ئایندە و، وەك ئاماژەیەك بۆ بەرزیی ئەو بوونە، هێمای بوون وەك هێمایەکی پیرۆز سەیر دەکات و، لەمبارەوە کە دەیەوێت پێمان بڵێت بۆچی بارزانییەکان جامەدانیی سوور دەبەستن؟ بەمجۆرە بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و فێرمان دەکات: «جامەدانیی سوور بووەتە هێمایەك بۆ بوونی نەتەوەیەك»، بەمجۆرە لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ڕوون کردەوە: «مەسەلەی ڕێبازی بارزانی و ڕێبازی بارزان، ئەوە نییە هەر کەس جەمەدانیی سووری بەست، ئەوە بارزانییە، مەسەلە عەقیدە و بیروباوەڕە، بیروباوەڕی ئێوە ڕێبازی بارزانییە. جەمەدانیی سووریش ڕەنگە نهێنییەك بێت، کە ڕەنگە زۆر کەس نەیزانێت. لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، ئێستاش ماوە لە هەندێك شوێن، بەتایبەتی لە ناوچەی جافەکان و هەورامان و لە ئاکرێش ماوە، ئەوکات شەدە هەبوون، هەندێکجار دەمانگوت مشکی، سێ ڕەنگ بوون، مشکی و سەوز و ڕەش، ناوچەی بارزانیش وەك هەموو ناوچەیەکی دیکە وەك ئەو ئەفەندییانە هەر کەس بە زەوقی خۆی بۆینباخێکی بەستووە، بە کەیفی خۆی جەمەدانییەکەیان دەبەست، کاتێك کە بارزان کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی بەریتانی و پەلاماری سوپای عێراق و تێکشکان، پاش ماوەیەك مقاوەمە ناچار بوون، بچنە تورکیا، ئەو وەختە جەمەدانی دەرچووبوو، جەمەدانییش بە هەمان ڕەنگ، سوور و سەوز و شین، یان ڕەش، جەنابی شێخ ئەحمەد جەمەدانیی سووری هەڵبژارد، لە ئەحکامی عورفی کە لە ناوچەکە دەرچوو، یەکێکیان ئەوە بوو کە هەر کەسێکیان بینی، جەمەدانیی سووری بە سەرەوەیە، ئیعدامی بکەن و بیکوژن.


جارێك مەفرەزەیەکی پۆلیس لە خوار گوندی بارزان تووشی مێرمنداڵێکی شوانکارە دەبن، جەمەدانەکەی سوورە، بەو جەمەدانییە خنکاندیان و کوشتیان و شەهیدیان کرد. خەڵکەکە پەلاماری قشڵەیان دا، کە لە بلێ بوون، لێیان دان و زۆر بریندار بوون، دواتر ١٢ کەسیان لە ناوچەی بارزان هەڵبژارد و هێنایان و هەر دوازدەیان ڕەمی کرد، لەو کاتەوە جەمەدانیی سوور بوو بە ڕەمزی بەرخۆدان و تەسلیم نەبوون و خۆنەچەماندن، ئەو کاتە لە ناوچەی بارزان ئەگەر یەکێك جەمەدانیی سووری نەبەستبا، پێیان دەگوت تۆ جاشی پۆلیسیت، وای لێ هات..»

ئەگەر سەرنج لەسەر ئەم پەڕەگرافە بدەین، بێگومان سەرۆك مسعود بارزانی دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەگەر مەهاتما گاندی بە فڕێدانە خوارەوەی لە شەمەندەفەر بوونی وەك هاووڵاتییەکی هیندستانی بێ مانا کرابێت و ماندیلا بە گۆڕینی ناوەکەی لە ناوێکی ئەفریقییەوە بۆ ناوێکی ئینگلیزی، هەر لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە وەك هاووڵاتیەکی ڕەشپێستی ئەفریقیای باشوور بوونی بێ مانا کرابێت، ئەوا ئەو شوانەش کە لە گوندی بارزان لەسەر بەستنی جامەدانیی سوور، بە جامەدانییەکەی خنکێندراوە، ئەوا داگرتنی ئەو جامەدانییە سوورە لەسەر سەری، بێ ماناکردنی بوونی هاووڵاتییەکی کورد و کوردستانییە، هەر بۆیە وەك کاردانەوە و مانادانەوە بە «بوون»ی ئەو هاووڵاتییە و نیشتمانێك کە ناوی کوردستانە، هەر کەس جەمەدانیی سووری لەو دەڤەرە نەبەستبێت، وەك سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت، پێیان گوتووە: «تۆ جاش و خۆفرۆشی»،

**سەرۆک بارزانی بۆ ئەوەی بازنەی بەرەی نیشتمان بەردەوام بازنەیەکی فراوان بێت بۆ تێگەیشتن لە «بوون»، گەلێک جار غەدری لە «بوون»ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کردووە**

**بەستنی جامەدانیی سوور وەک تەحەددایەک بەرامبەر داگیرکەران، دووبارە مانادانەوەیە بە بوونی کورد و کوردستان و تێگەیشتنە لە بوونی «نەتەوە و کوردستان»**

**لە تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ بوونی نەتەوە و نیشتمان، «بوون» گەوهەرە و دەبێت گەوهەری ئەو بوونە بدرەوشێتەوە و، دەبێت مانا جیاوازەکانی بوون لە هاووڵاتی و نیشتماندا بەرجەستە بێت کە ئەویش «ئازادی و سەربەستیی نەتەوە و سەربەخۆیی نیشتمانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا»**



**ئەو ساتەوەختە کاریزمای گاندی لەدایکبوو، کە وەک (تاک) پۆلیسێکی ئینگلیز لە باشووری ئەفریقیا لە شەمەندەفەڕ فڕێی دایە خوارەوە و پێی گوت: «تۆ مافت نییە لە فارگۆنی پلەیەک دابنیشیت»**

ئەمە مانای ئەوەیە کەسێك دەبێتە خۆفرۆش و جاش، واتە مانای کوردبوون و کوردستانیبوون بێ مانا دەکات، بۆیە بەستنی جەمەدانیی سوور وەك تەحەددایەك بەرامبەر داگیرکەران، دووبارە مانادانەوەیە بە بوونی کورد و کوردستان و تێگەیشتنە لە بوونی «نەتەوە و کوردستان».

لە تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ بوونی نەتەوە و نیشتمان، «بوون» گەوهەرە و دەبێت گەوهەری ئەو بوونە بدرەوشێتەوە و، دەبێت مانا جیاوازەکانی بوون لە هاوولاتی و نیشتماندا بەرجەستە بێت کە ئەویش «ئازادی و سەربەستیی نەتەوە و سەربەخۆیی نیشتمانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا». لەمەوە ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی مستەفا بارزانی لەسەر دەقی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق بدەین، ئەوا دەبینین لای مستەفا بارزانی ڕێککەوتنی ئادار چوارچێوەیەکە بۆ مانای کوردبوون و کوردستانیبوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، عێراقیش وەك نیشتمانێکی هاوبەش بۆ هەموان دادەنێت، بەڵام کاتێك گەوهەری ئەم ڕێکەوتنە پێشێل دەکرێت و، دەیانەوێت مستەفا بارزانی سازش لەسەر کوردستانیبوونی کەرکووك بکات، دەڵێت: «کەرکووك دڵی کوردستانە»، ئەم وەسفەی مستەفا بارزانی تەنیا بۆ کەرکووك نییە، بەڵکو مستەفا بارزانی کوردستانیبوونی کەرکووکی گرێ داوەتەوە بە بوونی، گەلی کوردستان وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتمان، هەر بۆیە کاتێك دەڵێت: «کەرکووك دڵی



کوردستانە» وەك میتافۆر بۆ بوونی نەتەوە و نیشتمان، ئەمە مانای ئەوەیە بەبێ هەر بستە خاکێکی کوردستان، مانای بوونی تەواوەتی نەتەوە و نیشتمان بێ مانا دەبێت.

سەرۆك مسعود بارزانی لە بازنەی تێگەیشتنی تەواوی لە تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ «بوونی نەتەوە و نیشتمان» هەوڵی دا، پیادەکردنی مانای «بوون» ڕاڤە و پیادە بکات و، ماناکانی بوون بکاتە ئەمری واقیع، بۆ ئەمەش لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا لە ساتەوەختی ناسکدا بڕیاری زۆر قورس و بوێری داوە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١. لە دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول مسعود بارزانی لە بەشی یەکەمی بەرگی چوارەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نووسیویەتی: «لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبار و مەترسیدارەی دوای نسکۆی شۆڕش، نائومێدی باڵی بەسەر زۆر لادا کێشابوو، بە باشی دەمزانی ئەگەر ئەم نائومێدییە بەردەوام درێژە بکێشێت، کۆتایی بە خەباتی بنەماڵەکەمان و پارتی دێت. زۆر بیرمان کردەوە، ئاخۆ بۆ ڕەواندنەوەی بێهوایی دەبێت چی بکەین و چ ڕێگەیەك بگرینە بەر، بە ڕوونی بۆم دەرکەوت کە یەکەم هەنگاو و بڕیار. دەستپێکردنەوەی خەباتە.

وەرگرتنی ئەم بڕیارە قورسە لەو بارودۆخە نالەبار و مەترسیدارە، لە کاتێکدا بووە کە سەدام حوسێن دەیگوت: «دارخورما لە چیاکان بڕوێت، جارێکی دیکە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان دروست نابێتەوە. واتە - پێشمەرگە بوونی

**ماندیلاش وەک تاکێکی ڕەش پێست هەر لە سەرەتای منداڵییەوە و بە گۆڕینی ناوەکەی «بوون»ی وەک هاووڵاتیەکی ڕەش پێیستی نیشتمانەکەی خۆی بێ مانا کراوە و، ئەم بێماناکردنەی «بوون» نیگەرانی کردووە**

مستەفا بارزانی کوردستانیبوونی کەرکووکی گرێ داوەتەوە بە بوونی، گەلی کوردستان وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان، هەر بۆیە کاتێک دەڵێت: «کەرکووک دڵی کوردستانە» وەک مەجازێک بۆ بوونی نەتەوە و نیشتمان، ئەمە مانای ئەوەیە بەبێ هەر بستە خاکێکی کوردستان، مانای بوونی تەواوەتی نەتەوە و نیشتمان بێ مانا دەکات

سەرۆک مسعود بارزانی لە بازنەی تێگەیشتنی تەواوی لە تێگەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ «بوونی نەتەوە و نیشتمان» هەوڵی دا، پیادەکردنی مانای «بوون» ڕاڤە و پیادە بکات و، ماناکانی بوون بکاتە ئەمری واقیع، بۆ ئەمەش لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا لە ساتەوەختی ناسکدا بڕیاری زۆر قورس و بوێری داوە

نابێت-»، بەڵام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی مستەفا بارزانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەبات، لە ماوەی چەند مانگێکدا و دروست لە ٢٦ی ئایاری١٩٧٦ وەک خۆی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە «یەکەم چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ لە ناوچەی حاجی ئۆمەران کرا، کە بەداخەوە لەم چالاکییەدا سەید عەبدوڵلا شەهید بوو و، بووە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان».

٢. لە ساڵی ١٩٨٨ و دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ قڕکردنی کورد، سەدام حوسێن بڕیاری دابوو بە هێرشکردن بۆ چیای خواکورک و سێ گۆشەی نێوان «ئێران و عێراق و تورکیا»، بوونی پێشمەرگە لە کوردستان نەهێڵێت و جارێ سەرکەوتنی یەکجارەکی بدات، بەڵام بڕیارە قورسەکەی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ مقاوەمەت و دووبارە مانادانەوە بە مانای «بوونی نەتەوە و نیشتمان»، داستانی خواکورکی لێ بەرهەم هات، کە هەر لەو داستانەدا سەرۆک بارزانی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، گۆڕانکاری زۆر گەورە لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو ناوچەکە ڕوودەدات.

٣. لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و پاشان هێرشکردنەوەی ڕژێم بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان، دیسان سەرۆک بارزانی بڕیارێکی قورسی دیکەی بۆ مقاوەمەت دا و زۆر بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: لێرە شەهید بین باشترە، نەک لە ئاوارەیی و پەنابەریدا بژین». ئەم پەیڤەی سەرۆک بارزانی کە تیایدا «شەهیدبوون» هاوتای «بوون» دەکات، مانای ئەوەیە کاتێك داگیرکەران دەیانەوێت بوونمان بێ مانا بکەن، ئەوا هەموو جوانی و ماناکانی بوون لە شەهیدبووندا بەرجەستە دەکەینەوە.

٤. گێڕانەوەی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانەی حزبە سیاسییەکان بۆ دەسەڵاتی گەل و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئایاری ١٩٩٢، ئەمەش بەرهەمی بڕیارێکی قورسی دیکەی سەرۆک بارزانییە و لەمبارەوە سەرۆک گوتوویەتی «ئەو ڕۆژەی بەرەی کوردستانی پێشنیارەکەمی پەسەند کرد، بەوەی هەڵبژاردن لە کوردستان بکرێت، ئەوە ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانی من بووە».

لەم پەیڤەشدا دەیەوێت پێمان بڵێت: یەکێك لە ماناکانی بوونی نەتەوەیەکی ئازاد، ئەوەیە کە خۆی بچێتە سەر سندوقی دەنگدان و دەسەڵاتی گەل بڕیار لەسەر سیستم و شێوازی حوکمڕانی بدات».

٥. لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا، دەبێت بە شێوەیەکی فەرمی ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبکرێت، ئەم بڕیارە بۆ ئەو سەردەمە کە زۆر سەرکردە و لایەنی سیاسی بە موجازەفەیان دەزانی و، پێیان وابوو، کاتەکەی لەبار نییە، بەڵام پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر هەڵکردنی ئاڵا و جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی «من لەژێر سێبەری ئەم ئاڵایە لەدایك بووم و، ئامادەشم بۆ ئەم ئاڵایە بمرم»، بەڵام پاشان پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکی کردە ڕۆژی ئاڵای کوردستان، کە بەرواری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە کۆماری کوردستان، ئەمەش پێکەوە گرێدانەوەی «ڕابردوو بە ئێستا و ئێستا بە ئاییندە»وەیە بۆ بەرجەستەکردنی مانا و گەوهەری بوونی نەتەوە و نیشتمان.

٦. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و دەستپێکردنی هەوڵەکان بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ سەرۆك بارزانی بۆ مانادانەوە بە عێراقی نوێ و مانادانەوە بە بوونی گەلی کوردستان لە عێراقدا، دوو بڕیاری قورسی مێژوویی دا، کە بێجگە لە شەخسی مسعود بارزانی هیچ سەرکردەیەکی دیکە نەیتوانیوە بیریشی لێ بکاتەوە، کە بریتی بوون:

ا- ڕەتکردنەوەی هەڵکردنی ئاڵای عێراق لە کوردستان، ئەو ئاڵایەی سەدام حوسێن بە دەستی خۆی لەسەری نووسیبوو «الله اکبر» و بە ئاشکرا بە جیهانی ڕاگەیاند «ئێمە ئاڵایەك هەڵناکەین، کە لەژێر ئەو ئاڵایەدا کۆمەڵکوژ و ژینۆساید بکرێت»، بۆیە سەرۆك بارزانی پێداگری کرد ئەو «الله اکبر»ەی بە دەستی سەدام حوسێن نووسراوە، دەبێت بگۆڕێت و جارێکی دیکە «الله اکبر»ەکە بنووسرێتەوە و، ئەم ئیرادەیەی سەرۆك بارزانی جێبەجێ کرا.

ب- داکۆکیکردن و پێداگری لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئامادەنەبوونی تەنانەت بۆ موناقەشەکردن لەسەر ئەم پرسە، بووە هۆکاری ئەوەی بڕگەیەك بۆ دەستووری عێراق زیاد بکرێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر ناوی «پاسەوانانی هەرێمی کوردستان» شەرعییەتی دەستووری پێ بدرێت. ئەم بڕیارە مێژووییەی سەرۆك بارزانی بۆ پارێزگاریکردنی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، گرێدانەوەی مان و نەمانی کورد و کوردستانە، بە قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەك لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و پاشتریش دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بینیمان، ئەگەر ئەم بڕیارە مێژووییەی سەرۆك بارزانی نەبوایە، ئێستا نە جوگرافیایەك هەبوو، پێی بگوترێت کوردستان، نە گەلێکیش بوونی دەبوو پێی بڵێن گەلی کوردستان.

٧. لە ساڵی ٢٠١٤ و دوای کەوتنی مووسڵ و ڕاگەیاندنی «خەلافەتی ئیسلامی» لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە، تیرۆریستانی داعش ببوونە ئەفسانەیەك کە هیچ هێزێك خۆیان لەبەردا ناگرێت، بەڵام کاتێك هێرشیان کردە سەر کوردستان، لە دەستپێکدا توانییان شنگال و بەشێك لە دەشتی نەینەوا و مەخموور داگیر بکەن، سەرۆك بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەڕەشە وجوودییە نەکرد کە وەك سەرۆکی دەوڵەتێك باری نائاسایی و بڕیاری شەڕ ڕابگەیەنێت، بەڵکو بە شەخسی خۆی بووەوە بە پێشمەرگەکەی ١٩٦٢ و خۆی چووە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ورەی چوونی سەرۆك بارزانی بۆ بەرەکانی شەڕ و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەوەی کە «هێزێکن لە شکان نایەن»، بووە سەرچاوەی ئومێدێك بۆ تەواوی جیهان، کە پاشان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییان بۆ شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش پێکهێنا و، ئەوە مێژووە دەبێت وەك خۆی بنووسرێتەوە، پێش سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش، هیچ دەوڵەتێك بیری لەوە نەکردبووەوە کە شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش ڕابگەیەنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ هێرشی پێچەوانەی بۆ سەر تیرۆریستانی داعش دەستپێکرد، باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ هاوپەیمانیی دژی داعشی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ڕاگەیاند.

٨. بڕیاری ڕیفراندۆم لە حوزەیرانی ٢٠١٧ و جێبەجێکردنی لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، وێستگەیەکی وەرچەرخانە لە مێژووی گەلی کوردستاندا هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە هەتا ئێستا. سەرۆك بارزانی بە جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم بە دەنگدانی زیاتر لە ٩٢٪ گەلی کوردستان بە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆ هەموو جیهانی سەلماند «بڕیاردانی مافی چارەنووس» یەکێکە لەو مافانەی کە هەموو نەتەوە و گەلێك بۆ سەلماندنی بوونی خۆی پیادەی دەکات، پاشانیش کە لە دوارۆژی هەڵمەتەکانی ڕیفراندۆم بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند «من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری نەتەوەکەی خۆم بکەم»، ئەمە پیشاندانی ئەو هەموو گوشارە نیودەوڵەتی و هەرێمییە بوو کە لەسەر سەرۆك بارزانی هەبوو، بۆ ئەوەی لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سازش بکات، بەڵام کە دوایین پەیامی بەو شێوەیە بۆ هەموو جیهان ڕاگەیاند «سازش لەسەر بوونی گەلی کوردستان وەك گەلێکی ئازاد ناکرێت و مافی خۆیەتی وەك هەر گەلێکی دیکە، خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات»، مانای ئەوە بوو گەلی کوردستان بە دەنگدانی «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان»، لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بوونی خۆی دەسەلمێنێت .

لە دوماهیشدا وەك جان پۆل سارتەر لە پێناسەی بۆ «بوون» دەڵێت «کۆڵەگەی سەرەکی کە بوونی مرۆڤایەتی لەسەری ڕادەوەستێت، بریتییە لە پیشاندانی توانا و ئیرادە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە هەیەتی، ئەوجا لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سەربکەوێت، یان سەرنەکەوێت، ئەو ئیرادەیە هەر دەردەکەوێت».

**ئەم پەیڤەی سەرۆک بارزانی کە تیایدا «شەهیدبوون» هاوتای «بوون» دەکات، مانای ئەوەیە کاتێک داگیرکەران دەیانەوێت بوونمان بێ مانا بکەن، ئەوا هەموو جوانی و ماناکانی بوون لە شەهیدبووندا بەرجەستە دەکەینەوە**

**چوونی سەرۆک بارزانی بۆ بەرەکانی شەڕ و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەوەی کە «هێزێکن لە شکان نایەن»، بووە سەرچاوەی ئومێدێک بۆ تەواوی جیهان**

**سەرۆک بارزانی بە جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم بە دەنگدانی زیاتر لە ٩٢٪ گەلی کوردستان بە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆ هەموو جیهانی سەلماند «بڕیاردانی مافی چارەنووس» یەکێکە لەو مافانەی کە هەموو نەتەوە و گەلێک بۆ سەلماندنی بوونی خۆی پیادەی دەکات**

### مامۆستا مەلا ئەبوبەکر ئاقوبانی بۆ گوڵان:

# نابێت ڕێگە بدەین ئایین و نیشتمانپەروەری لە یەکتری جیابکرێنەوە



**هەر کوردێک لە پێناو خاک و نەتەوەی خۆی و ئایینیدا بکوژرێت پلەی شەهیدی هەیە**

**مامۆستا مەلا ئەبوبەکر ئاقوبانی ئیمام و وتارخوێن لە مزگەوتی چوار خەلیفە لە پیرمام و، ئەندامی لیژنەی فەتوا و شارەزا لە فقهی ئیسلامی و خاوەنی قوتابخانەی زانستییە، کە ساڵانێکە لە بواری بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی و بیری میانڕەویدا کار دەکات و، دەیان کەس لەسەر دەستی ئەو مۆڵەتی زانستییان وەرگرتووە. لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا جەختی لەسەر ئاوێتەبوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لایەنی نەتەوەیی کردەوە، هەموو ئەو هزر و بیروبۆچوونە توندوتیژییانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکان هێنراونەتە ناو کوردستانەوە، ڕەت کردەوە، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی خاوەنی مەدرەسەی زانستی شەرعین و بڕوانامەی ماستەرتان بە دەست هێناوە و، شارەزاییەکی باشتان لە مێژووی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو نەتەوەی کورددا هەیە، با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، تا چەند ماموستا و مەلای ئایینیی کورد توانیویەتی لە ڕێگەی ئایینەکەیەوە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکات؟**

- بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. ئایین و وڵات هەردووکیان ئاوێتەی یەکترن و لێکتر جیا ناکرێنەوە. لە هەموو دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکان و شەرعدا زۆر جەخت لەسەر ئەم بابەتە کراوەتەوە، بەوەی ئایین بە بێ وڵات نابێت و وڵاتیش بەبێ ئایین نابێت. خۆشەویستیی وڵات بەشێکە لە بیروباوەڕمان، گەورە و سەروەرمان پێغەمبەرمان محەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) کاتێك لە مەککەی پیرۆز پەیامی پیرۆزی ئیسلامی بڵاو دەکردەوە، تاوەکو خەڵکی لە زوڵم و چەوسانەوە و بێ ئیمانی ڕزگار بکات و، وەکو مرۆڤی پێگەیشتوو مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، کە ئەو سەردەمە قورەیشییەکان مافی ئافرەت و منداڵ و هەژاریان دەخوارد، بەم پەیامە پیرۆزەی ڕازی نەبوون، کاتێکیش پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە وڵاتەکەیان دەربەدەر کرد، ئەویش کاتێك ناچار بوو لە مەککە کۆچ بکات، لە کاتی کۆچکردنیدا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە مەککە خۆشەویستترین پارچە زەویی خوایە لای ئەو و، ئەگەر ناچار نەکرایە هەرگیز بەجێی نەدەهێشت.

ماموستا و مەلای ئایینی کورد پەروەردەی ڕەسەنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن و بە باشی لە ئایینەکەیان تێگەیشتوون و، وڵات و نیشتمان و نەتەوەکەیان خۆش دەوێت و، لە ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵ میللەتەکەیان پێکەوە بوون، جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە بەرزیی بیروباوەڕی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و بەرگریکردنە لە خاك و نیشتمان لە ناو کورددا. هەموو زانا و ماموستا و مەلای کورد تاکی کوردیان لە مزگەوت و زانست و تەکیە و خانەقا و قوتابخانەکانیاندا، وا پەروەردە کردووە ئەگەر لە پێناو خاك و نەتەوە و ئایینی خۆیدا بکوژرێت، پلەی شەهیدی هەیە، ئەوەتا کورد هەرگیز هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەچەوساندووەتەوە و ڕێگەشی نەداوە هزری نامۆ و بیروبۆچوونی توندوتیژی لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بۆی ڕەوانە بکرێت و، دین بۆ مەرامی تاکەکەسی و تاقمێك بەکار بهێنرێت، بەمەش ماموستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لە ناو کورددا توانیویانە پارێزگاری لە ناوەڕۆکی قورئان و فەرموودەکان بکەن، جوانترین نموونەش لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەوە بووە کە ماموستا و مەلای ئایینی پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد.

*** لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی کورددا، کە ئەهلی مزگەوت و خانەقا و کەسانی ئایینی بوون، هاوکات ماموستا و زانایانی ئیسلامییش لە دەوریان بوون و گرنگییەکی زۆر بە ماموستایانی ئایینی درابوو، ئەمە بۆچی دەگەڕایەوە و ڕۆڵی ماموستایانی ئایینی لە شۆڕشدا چۆن بوو؟**

- مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی گەورەی مێژوویی کورد و خاوەن بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و ئایینپەروەر، بەرگریی لە نەتەوە و خاکەکەی خۆی دەکرد و دژی زوڵم و چەوسانەوە و داگیرکەر بوو. ئەو زاتە گەورەیە ڕێزی زۆری لە ماموستایانی ئایینی گرتبوو، هەموو تەمەنی خۆی بەخشییە بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی و کوردایەتی و ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەو دەربەدەری و ئازار و ئەشکەنجەیەی کە بینی، لە پێناو ئەوە بوو زوڵم و چەوسانەوە لەسەر میللەتی خۆی هەڵبگیرێت.لە مێژووی گەلی کورددا پێشەوا و شێخ سەعید و شێخ مەحموودی حەفید و هەموو سەرکردە و پیاوچاکانی دیکەی گەلەکەمان خودا لێیان خۆش بێت، هەڵگری هەمان بیروباوەڕی ئایینپەروەری و کوردپەروەری بوون. شۆڕشی کورد لەسەر دەستی هەموو ئەم سەرکردە گەورانەی مێژووی کورد بوون، کە ئەهلی مزگەوت و دەرچووی خانەقا و حوجرە بوون و باوك و باپیرانیان پیاوی گەورە و موسڵمان بوون، دڵسۆزی خاك و نەتەوەکەیان بوون و هەرهەموویان پەروەردەی کوردایەتی بوون.

*** ئایا هەر لەسەر ئەم ڕێبازە بوو ماموستایان و مەلای کورد بەرگرییان نەك تەنیا لە نەتەوەی کورد و موسڵمانان کردووە، بەڵکو بەرگرییان لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستانیش کردووە؟**

-ماموستا و مەلای کورد بەرگریکردن لە مەزڵوومییەت و کەسانی چەوساوەیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە، ئەوان بە باشی لە دەقە پیرۆزییەکانی قورئان و فەرموودەکان شارەزان و باش دەزانن ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خێری بەشەرییەت هاتووە، نەك تەنیا بۆ تاکی موسڵمان، جەنابی بارزانی کاتێك یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی دانا، بۆ ئەوە بوو، ڕۆڵ و پێگەی زانا و ماموستایانی ئایینی

**کورد هەرگیز هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەچەوساندووەتەوە و ڕێگەشی نەداوە هزری نامۆ و بیروبۆچوونی توندوتیژی لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بۆی ڕەوانە بکرێت**

**مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی گەورەی مێژوویی کورد و خاوەن بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و ئایینپەروەر، بەرگریی لە نەتەوە و خاکەکەی خۆی دەکرد و دژی زوڵم و چەوسانەوە و داگیرکەر بوو**

**جەنابی بارزانی کاتێک یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی دانا، بۆ ئەوە بوو، ڕۆڵ و پێگەی زانا و ماموستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەرز ڕابگیرێت و دوژمنانی ئەم گەلە دژی نەتەوەکەیان بەکاریان نەهێنن**

پیرۆزی ئیسلام بەرز ڕابگیرێت و دوژمنانی ئەم گەلە دژی نەتەوەکەیان بەکاریان نەهێنن. مەلا مستەفا بارزانی کاتێك زانایان و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کۆ کردەوە، فەرمووی: «من بەرگریکار و پشتیوانی ئێوەم، فەرموون بە شەریعەت و قورئانی پیرۆزی ئیسلام کار بکەن»، هەر لەبەر ئەمەش بوو مەلا مستەفا بارزانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی میللەتی کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا لێژنەی فەتوای کوردستانی دانا، بۆ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نەتەوەی کورد و دژایەتیکردنی توندڕەوی و ناحاڵیبوون لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو، تاکو ئەمڕۆ لێژنەی فەتوامان لە پارێزگا و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەیە. من لە زۆر دۆست و ناسیاوی زانا و مامۆستایانی پێش خۆمم بیستووە کە مەلا مستەفا بارزانی زۆر هاوکاریی مامۆستای مەلا و فەقێی کردووە، تەنانەت دەگێڕنەوە کە ئەو سەردەمە زۆر دڵخۆش بووە بە بینی زانا و مامۆستایانی ئایینی و بەردەوام لە مەجلیسەکانیدا هەبوون و، یارمەتی داون و هاوکاریی کردوون و قورئان و کتێبی شەرعی بۆ کڕیون و پێشکەشی کردوون. ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەو ئەجێندەی دەرەکی و هزری نامۆ و توندوتیژییەوە نییە کە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان هێنراوەتە ناو کوردستان، خودای گەورە و میهرەبان پارێزگاری لە ئایینەکەی دەکات، لە شەڕی داعش و ئەو هێرشە توندوتیژییەی دژ بە کوردی موسڵمان کرا، مامۆستا و مەلای کورد پاڵپشتی پێشمەرگە بوون و شەهیدەکانمان خوای گەورە و میهرەبان ئینشائەڵلا بە بەهەشتی بەرینیان شاد بکات، چونکە ئێمەی مامۆستایانی ئایینی ئەو ڕاستییە باش دەزانین کە هەرکەسێك لە پێناو بەرگری لە خاك و نەتەوەی خۆی بکوژرێت پلەی شەهیدی هەیە، ئەمەش شەریعەتی خوای گەورە و بەخشندە و ڕێبازی پێغەمبەرمانە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەو دەمەی هێرشی داعش و داگیرکەران کرایە سەر کوردستان، خۆ تەنیا بەرگریمان لە موسڵمانان نەدەکرد، بەڵکو بەرگریمان لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان دەکرد.

*** باسی هزر و بیری توندوتیژی و نامۆت کرد، کە بە مەبەستی بەرژەوەندیی کەسی و تایبەتی و حزبی، لێرە و لەوێ بەکار دەهێنرێت. ئایا تاچەند ئێوەی مامۆستایانی ئایینیی گەلی کورد ڕێگە لەم هزرە نامۆییانە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کۆمەڵگەی کوردستانی دەگرن؟**

- مامۆستا و مەلای ئایینپەروەر و کوردپەروەر هەرگیز ڕێگەیان نەداوە و نادەن هیچ کەسێك زیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگەیەنێت، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکە بۆ خوداپەرستی و خێر و خۆشیی مرۆڤایەتی خودای گەورە و میهرەبان بۆ بە شەرییەتی ناردووە، خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا * إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ * إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگەیە بۆ ئەوەی پێکەوە بژین و لێبووردە بین، مامۆستایانی ئایینی کە لەسەر شەریعەتی خودا و فەرموودەکانی پێغەمبەر ئایینپەروەری دەکەن، پێشمەرگەکانمان هان دەدا بۆ پارێزگاریکردن لە ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی دیکەش بەبێ جیاوازی، ئێمەی مامۆستایانی ئایینی زۆر بە توندی دژی ئەوانە دەبینەوە کە دەیانەوێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام وا نیشان بدەن، کە توندوتیژە و لەم پێناوەشدا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە جۆرەها شێوە لا دەدەن.

دین واتا ژین و نیشتمان و خێزان و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و خێر و خۆشی بۆ بەشەرییەت، هەمووان پێکەوە کۆدەکاتەوە و پێکەوەژیانیان دەپارێزێت، نەوەکو بە پێچەوانەوە بۆ لێکتردابڕان و ئاژاوە و ئاشووپ و دژایەتیکردنی یەکتر کە هزر و بۆچوونی نامۆی توندتیژین و بە ناوی جوداجوداوە، گرووپە ئیسلامییەکان بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە بۆمانی دەنێرن و دەرخواردی گەنجەکانمانی دەدەن، لە ڕێگەی ئەم هزر و بۆچوونە هەڵەو نامۆیانە بە ڕەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، زیان بە گەنجەکانمان و نەتەوە و وڵاتمان دەگەیەنن، کەسانێکی ناحاڵی و نەزان لە خشتە دەبەن، داعشەکان میللەتی مەزڵوومی کوردیان بە مورتەد دادەنا، کەچی دەرکەوت خۆیان موسڵمان نەبوون و فەساد و وێرانییان لە سەر زەوی بڵاوکردەوە و خوێنی موسڵمانانیان بە ناهەق ڕشت، دەبێت موسڵمان لە دەست و زمان و کردەوەی سەلامەت بن، کەچی ئەوان کوشتن و وێرانییان بڵاو کردەوە. ئەرکی سەرکردە و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە کە پێکەوە بۆ ڕزگارکردنی میللەتی کورد لە زوڵم و چەوسانەوە و داگیرکردنی خاك و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێبکۆشن و خێر و خۆشی لە ناو موسڵماناندا بڵاو بکەنەوە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم هزر و ڕێبازە بەردەوامیی هەیە و هزری نەتەوەیی و ئایینی**

ئەو دەمەی هێرشی داعش و داگیرکەران کرایە سەر کوردستان، خۆ تەنیا بەرگریمان لە موسڵمانان نەدەکرد، بەڵکو بەرگریمان لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان دەکرد

ئێمەی مامۆستایانی ئایینی زۆر بە توندی دژی ئەوانە دەبینەوە کە دەیانەوێت ئایینی پیرۆزی ئیسلام وا نیشان بدەن، کە توندوتیژە و لەم پێناوەشدا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە جۆرەها شێوە لا دەدەن

داعشەکان میللەتی مەزڵوومی کوردیان بە مورتەد دادەنا، کەچی دەرکەوت خۆیان موسڵمان نەبوون و فەساد و وێرانییان لە سەر زەوی بڵاوکردەوە و خوێنی موسڵمانانیان بە ناهەق ڕشت

ئەرکی سەرکردە و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە کە پێکەوە بۆ ڕزگارکردنی میللەتی کورد لە زوڵم و چەوسانەوە و داگیرکردنی خاك و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێبکۆشن

**گرێدراوی یەکترن؟ ئایا ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لە ڕاگرتنی ئەو هزرە نەتەوەیی و ئایینییەدا چۆنە؟**

- من وەکو مامۆستایەکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، داواکارم لە سەرۆك مسعود بارزانی خودا بیپارێزێت و تەمەنی درێژ بێت ئینشائەڵڵا و دواتریش لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خودا موەفەقیان بکات، ڕێگە نەدەن، ئایین و نیشتمانپەروەری لێکتر جودا بکەنەوە و، لەسەر هەمان ڕێباز و بیروباوەڕی پیاوچاکان و سەرکردەکانی پێش خۆیان بن، بە هەمان شێوەی ئەوان لەسەر هەمان فکر و ڕێبازی کوردایەتی و خوداپەرستی درێژە بە خەباتی گەلی کورد بدەن، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش دەبێت گرنگی بە زانا و مامۆستایانی ئایینی بدەن و ڕاوێژیان پێ بکەن و، پارێزگاری لە دابونەریت و کەلتووری جوانی کوردایەتی و ئایینی بکەن، ڕێگە نەدەن بەرەو کوفر و بەدڕەوشتی و تێکچوونی شیرازەی خێزان بچین. خوداپەرستی و ئاییپەروەری و کوردایەتی گرێدراوی یەکترن، وەڵاهی تێکدانی ئەم ڕێباز و هزرە ئایینی و نەتەوەییە خزمەت بە هیچ کەس ناکات، بەوانەی کە دژایەتیشی دەکەن، دڵتوندی و نارەحەتی و بێزاری بۆ دوورکەوتنەوە دەگەڕێتەوە لە هەموو ئەو خۆشی و سامان و بەخشندەییەی کە خودای گەورە و میهرەبان بە مرۆڤی بەخشیوە، لە تەندروستیی باش و سەلامەتی و سامان، دوورکەوتنەوە لە ئایین، واتا دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستیی مرۆڤایەتی و نەتەوە و خاك و نیشتمان، دەزانن لەبری ئەوەی سۆشیالمیدیا و مۆبایل و تەکنەلۆژیا بکەینە هۆکارێك بۆ خۆشگوزەرانی و پەروەردەی ڕۆحی، ناخی مرۆڤ بووەتە هۆکارێك بۆ دابڕان و قسەگوتن بە یەکتر و بڵاوکردنەوەی بەدرەوشتی و خوو و نەریتی ناشیرین و نامۆ بە پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە و ئایین، هەموو ئەو هزر و بۆچوونە نامۆیانەی ئایینی دژ بە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆمان دێت، ئەویش لەو ڕێگایەوە دێت، واتە گەندەڵی و بەدرەوشتی و توندوتیژیی ئایینیش بە خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و بێسەروبەریی ئەم بوارە دروست بووە. شیرازەی پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد و گەورە و بچووك و برا و برایەتی و تەنانەت ڕێزگرتن لە ئافرەتیش، بۆیە داواکارم چاوخشاندنەوەیەکی جددی بەم مەترسییە نوێیەدا بکەنەوە و، ئایین و وڵات و نەتەوەکەمان بپارێزین، پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (صنفان من الناس إذا صلحا صلح الناس وإذا فسدا فسد الناس: العلماء والأمراء). واتا ئەگەر زانا و سەرکردە و بەرپرسەکان ڕێکوپێك بن و، پێکەوە کار بۆ خۆشگوزەرانی و کاروباری خەڵکی و چاکە بکەن، ئەوا خەڵکیش بارودۆخیان خۆش دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر خراپە بکەن، بارودۆخی خەڵکیش خراپ دەکەن.

*** ئایا تا چەند ئەرکی مامۆستایانی ئاییینییە کە خەڵك و وڵات لە ئاشووپ و دووبەرەکی و نانەوەی پشێوی و فیتنە بپارێزن، بەتایبەتی کە گەلی کورد لە هەرچوار لاوە هێرشی توندی دەکرێتەسەر و زیانی پێ دەگەیەنن؟**

- پشێوی و نانەوەی فیتنە و ئاشووپ کارێکی نوێ نییە و، بەداخەوە لە دێر زەمانەوە ئەم دژایەتیکردنەی میللەتی کورد لەلایەن ڕژێمەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێوە دەکرێت، زاناو مامۆستایانی ئاییینی پیرۆزی ئیسلامی شارەزاییەکی باشیان بەرامبەر هەموو ئەو کەس و گرووپ و تاقمانە هەیە کە بەردەوام کار لەسەر نانەوەی فیتنە و ئاشووپ و کارکردن لەگەڵ دوژمندا دەکەن، کەمتەرخەمییان لە بەرپەرچدانەوە نەکردووە، خودای گەورەو میهرەبان داوای لێ کردووین: وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا، بەداخیشەوە ناکۆکی و لێکترازانی پەیوەندیی نێوان حزبەکان و نانەوەی پشێوی و دووبەرەکی و کارکردن لەگەڵ دوژمندا، زیانی گەورەی بە گەلەکەمان گەیاندووە، بۆیە ئێمەی مامۆستا و مەلای ئاییینی هەرگیز پاڵپشتی و پشتگیریی ئەو کارانە ناکەین، کە نەك هەر لە دژی ئەخلاق و ڕەوشتمانە، بەڵکو دژی داواکاریی خوای گەورە و میهرەبان و فەرموودەکانی پێغەمبەریشمانە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ناکۆکی و پشێویی نێو حزب و لایەنە سیاسییەکان بووەتە هۆی ساردکردنەوەی دۆستەکانیشمان، خودای گەورە لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ). واتا لە ناکۆکی و لێکترازاندا هێز و دەسەڵاتتان لەدەست دەدەن، کوردستانێکی پان و بەرین و دەوڵەمەند و بەپیت و بەرەکەت و گەلێکی فیداکاری شۆڕشگێڕ و بەوەفا و دڵسۆز و خەباتگێڕمان هەیە، بۆچی ناکۆکی دەخەنە نێوانیان؟ بەداخەوە حزب و ئایدیۆلۆژیا و بیر و هزری نامۆ زیانی بە گەلی کوردی موسڵمان گەیاندووە، لە خودای گەورە و میهرەبان دەپاڕێینەوە دڵیان نەرم بکات و ناکۆك نەبن و یەکگرتوو بن.

**خوداپەرستی و ئاییپەروەری و کوردایەتی گرێدراوی یەکترن، وەڵاهی تێکدانی ئەم ڕێباز و هزرە ئایینی و نەتەوەییە خزمەت بە هیچ کەس ناکات، بەوانەی کە دژایەتیشی دەکەن**

**لەبری ئەوەی سۆشیالمیدیا و مۆبایل و تەکنەلۆژیا بکەینە هۆکارێک بۆ خۆشگوزەرانی و پەروەردەی ڕۆحی، ناخی مرۆڤ بووەتە هۆکارێک بۆ دابڕان و قسەگوتن بە یەکتر و بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی و خوو و نەریتی ناشیرین و نامۆ بە پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوە و ئایین**

**زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی شارەزاییەکی باشیان بەرامبەر هەموو ئەو کەس و گرووپ و تاقمانە هەیە کە بەردەوام کار لەسەر نانەوەی فیتنە و ئاشووپ و کارکردن لەگەڵ دوژمندا دەکەن، کەمتەرخەمییان لە بەرپەرچدانەوە نەکردووە**

**ناکۆکی و لێکترازانی پەیوەندیی نێوان حزبەکان و نانەوەی پشێوی و دووبەرەکی و کارکردن لەگەڵ دوژمندا، زیانی گەورەی بە گەلەکەمان گەیاندووە**



پڕۆفیسۆر دکتۆر کەرڤان محەمەد ئەحمەد ئامێدی بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواردا چاکسازی کردووە، بەڵام کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوە و چاکسازیی زیاتر هەیە

**حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفتی گەورە، بەڵام توانی ڕۆژە سەختەکان بەڕێ بکات و، بگرە زۆر لەو قەرزانەشی لەسەری بوو، بیداتەوە. لە ساڵی نوێی ٢٠٢٣ حکومەت دەیەوێت درێژە بە بەرنامە چاکسازییەکەی بدات لە سەرجەم بوارەکانی دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتدا، چ لە ڕووی جێبەجێکردنی فرەچەشنکردنی ئابوورییەوە بێت، یان لە ڕووی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و ئابوورییەوە بێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەدا و توانای حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کەرڤان محەمەد ئامێدی شارەزا لە بواری مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سازدا. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** لەگەڵ ئەوەی قەیرانی دارایی و پەتای کۆڤید ١٩ و وشکەساڵی باری سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی قورس کردبوو، بەڵام ئێستا سەیر دەکەین و دەبینین، کابینەی نۆیەم ئەو ئاستەنگانەی تێپەڕاندووە و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی گەش هەڵدەگرێت، ئایا وەکو شارەزایەکی مێژوویی هەڵسەنگاندنتان بۆ کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی چۆنە؟**

- بۆ قسەکردن لەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت خوێندنەوەمان بۆ ئەو واقیعە ئابووری و سیاسییەی هەرێمی کوردستان هەبێت، کە لە پێش دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە دەستپێکی کابینەکە هەبووە، چونکە گەیشتن بەم واقیعەی ئێستا هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا دیدگا و فەلسەفەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دارشتەوە، تاوەکو کوردستان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشتر بگوازێتەوە، قۆناغێك کە هەموو ئەو سستی و کەموکورتی و لاوازییانە تێپەڕێنێت کە زۆربەی دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت و ئابووریی هەرێم پێوەی دەیانناڵاند، هەر لە نەبوونی بودجە بۆ مووچە و ڕاوەستانی زۆربەی پرۆژەکان و قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی و کەمیی سیولەی نەختینەیی، کە بە هۆی دابەزینی بەهای نەوت و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە لەلایەن بەغدا و هاتنی پەتای کۆرۆنا تووشی ببوو، گرنگترین و قورسترین ئەرك کە پێویست بوو لەم دۆخەدا جێبەجێی بکات، بریتی بوو لە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی چاکسازیی سەرتاسەری و فراوان، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو کەموکورتی و لاوازییەی کە هەبوو. ئەم دیدگا و فەلسەفەیە لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی دایەوە، تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندین بوار و سێکتەری جیاوازدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسە درێژخایەن و سەرتاسەرییەی چاکسازییە، کە دەتوانم پوخت و کورتی بکەمەوە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١. بنبڕکردنی گەندەڵی لە سەرجەم بوار و سێکتەرەکاندا.

٢. بەهێزکردنی ئابووریی کوردستان و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی ناپێویست.

٣. بەکارهێنانی داهاتی نەوت و گاز جگە لە بواری پێدانی مووچە بۆ بونیادنانی ژێرخانی سەرەکیی هەرێمی کوردستان.

٤. خۆشکردنی باروگوزەرانی خەڵکی کوردستان و نەهێشتنی نادادپەروەری.

٥. پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بەتایبەتی ناکۆکی لەسەر نەوت و گازی سرووشتی.

٦. ڕێکخستن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و کاری هاوبەش.

٧. دۆزینەوەی چارەسەرێکی زانستی و باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناو گەنجانی کوردستاندا.

**ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا دیدگا و فەلسەفەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دارشتەوە، تاوەکو کوردستان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشتر بگوازێتەوە**

**سەرۆکی حکومەت گرنگییەکی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری داوە، تاوەکو زۆر پشت بە داهاتی ناسەقامگیری نەوت نەبەستین**

**لە ڕووی کەرتی پەلەوەر و هێلکەشەوە لە قۆناغی خۆبژێوی تێپەڕ بووین و هەوڵی جددیش هەیە بۆ بووژانەوەی کەرتی ئاژەڵداری**

*** زۆر جار لە گەلێك بۆنەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جەخت لە ڕاگرتنی گەندەڵی و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجیی حکومەت دەکاتەوە، لەمەش زیاتر باس لەوە دەکات، کابینەی نۆیەم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا نەك هەر قەرزی نەکردووە، بەڵکو دوو ملیار دۆلار قەرزی کابینەکانی دیکەی داوەتەوە، ئایا گرنگترینی ئەو هەنگاوانە چین کە لە بواری چاکسازیدا پێویستە بگیرێتەبەر، بەتایبەتی بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات بۆ هەرێمی کوردستان؟**

- هەموو ئەم ئامانج و خاڵانە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو فەلسەفە و دیدگایەی حوکمڕانییە، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە قەوارەیەکی بەهێز لە هەستیارترین و پڕکێشەترین ناوچەدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکی حکومەت گرنگییەکی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری داوە، تاوەکو زۆر پشت بە داهاتی ناسەقامگیری نەوت نەبەستین، لە کابینەکەی ڕێزدار مسرور بارزانیدا گرفت و کێشەی جووتیاران و کڕینی گەنم و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانیان و هێنانی کاڵا و بەرهەمی بیانی، بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵ کەم بووەتەوە، جووتیارەکانی کوردستان لە ئاستێکی باشتر و کوالێتییەکی بەرزتردا گرنگی بە بەرهەمەکانیان دەدەن، ئەمە وێڕای کێشەی وشکەساڵی و گرفتەکانی گۆڕینی کەشوهەوا کە کێشەیەکی جیهانییە، لەم ڕووەشەوە گرنگی بە بەنداوەکان و پۆنتەکان دەدرێت، لە ڕووی کەرتی پەلەوەر و هێلکەشەوە لە قۆناغی خۆبژێوی تێپەڕ بووین و هەوڵی جددیش هەیە بۆ بووژانەوەی کەرتی ئاژەڵداری . لەگەڵ ئەم چاکسازی و هەوڵانەشدا پێویستە کۆمەڵێك کاری جددی و بەپەلە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، دەبێت بەرپرسیارێتی بدرێتە کەسانێکی دەستپاك و دڵسۆز و مێژووپاك و خاوێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو دیدگاو ئەجێندەی کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا داڕێژراوە، دەبێت بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێت. لە کەرتی گەشتوگوزاریشدا پێویستە چاکسازیی بنەڕەتی بکرێت، چونکە ئەم کەرتە مەزنترین کەرتی داهاتە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئیتر بۆچی لە هەرێمی کوردستان ئەم کەرتە ڕوو لە گەشەکردن نەکات، لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی ژینگەیەکی لەبارین لە بواری گەشتوگوزاری (سرووشتی، هاوینە و زستانە، شوێنەوار و...هتد)، پێشنیار دەکەم کەرتی گەشتوگوزار بە دامەزراوەیی بکرێت و لە ڕێگەی گەورە کۆمپانیاکانی گەشتیارییەوە گەشتیاری وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنرێنە هەرێمی کوردستان و، زۆرترین داهات و هەلی کار بۆ دانیشتووانی کوردستان دابین بکرێت، ئەو پرسیارەی کە پێویستە بەرپرسانی ئەم بوارە وەڵامی بدەنەوە، ئەوەیە: ئایا بۆچی داهاتی کەرتی گەشتوگوزار کەمە و زۆر لە شوێنە گەشتیارییەکان گرفتی بێ بازاڕییان هەیە؟ هۆکاری ئاڵۆزی و گرفتی ململانێی حزبایەتی و سیاسییە، یان گرفتی گرانیی سووتەمەنی و کارەبا و کەمیی ئاسانکارییە؟ شوێنەوارەکانی کوردستان بۆچی نۆژەن ناکرێنەوە بە ڕێگەی زانستی و گرنگییان پێ نادرێت؟ پێویستە سەرەتا لایەنی بێهێزی و کەموکورتییەکانی کەرتی گەشتوگوزاری بزانین، ئەو کات پلانی کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن دابنرێت، زۆر بواری دیکەی کارگێڕی و دارایی و ئابووریی دیکە هەیە کە پێویستی بە چاوخشاندنەوە و چاکسازی هەیە، هەر لە کەرتی نەوت و گاز و کارەباوە تاوەکو کەرتەکانی پیشەسازی و ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان هەناردە و هێنراوەکان و پەرەپێدانی پەروەردە و خوێندن.

**دەبێت بەرپرسیارێتی بدرێتە کەسانێکی دەستپاك و دڵسۆز و مێژووپاك و خاوێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو دیدگاو ئەجێندەی کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا داڕێژراوە، دەبێت بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێت**

*** بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە حکومەتێکی دیجیتاڵی، ئایا چۆن تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆکارێك بۆ چالاککردنی کارەکانی حکومەت و هەنگاوهەڵگرتن بۆ حکومڕانیی باش؟**

- باشترین خاڵی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بە حکومەتی دیجیتاڵی، هەنگاوەکەش دەستی پێ کردووە و بڕیارە تاکو ساڵی ٢٠٢٥ بگەینە قۆناغی حکومەتی دیجیتاڵی، ئەم حکومەتە دەیەوێت لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت هەنگاوێکی

**خاوەنی ژینگەیەکی لەبارین لە بواری گەشتوگوزاری (سرووشتی، هاوینە و زستانە، شوێنەوار و...هتد)، پێشنیار دەکەم کەرتی گەشتوگوزار بە دامەزراوەیی بکرێت**

زۆر گەورە بنێت و بەرەو پێشەوە بچێت. حکومەتی دیجیتاڵی وێڕای ئەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتییەتی کوشندە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە و، خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات، هاوکات بە تێچوونێکی کەمتر و کاتێکی خێراتر و کەمترین هەڵە و کەموکورتی کاروبارەکان بەرەو پێشەوە دەچن، وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت پێکەوە گرێ دەدات، جیاوازیی نێوان حکومەتێك کە بە شێوەیەکی کلاسیکی و ئاسایی کاروبارەکانی بەڕێوە دەچێت، سوودەکانی حکومەتێکی دیجیتاڵی زۆرن لەوانە:

١. بەکارهێنانی کاغەزی زۆری ڕۆژانە نا مێنێت.

٢. لایەنی ئەلەکترۆنی وەکو مۆبایل و سایتی ئەلەکترۆنی کاریگەرتر دەبن.

٣. بەردەوامبوونی کاری ڕۆژانەی هاووڵاتیان بێ ڕاوەستان، چونکە تۆڕی ئەلەکترۆنی ٢٤ کاتژمێر لەکاردا دەبێت.

٤. حکومەتی ئەلەکترۆنی و دیجیتاڵی دەبێتە حکومەتێکی پسپۆڕی و لایەنی نێت و ئەلەکترۆنی.

٥. لەم حکومەتەدا ئاستی بەهرەیی و توانای فەرمانبەران و کارمەندان بەرزتر دەبنەوە و، دەبێت شارەزاییان لە زۆر بواری دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیدا هەبێت، بۆ ئەمەش دەبێت زۆر لە فەرمانبەرانی حکومەت خولی پێگەیاندن و ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە.

٦. حکومەتە دیجیتاڵییەکان بە شێوەیەکی باشتر کۆنترۆڵی گەندەڵی و کەموکورتی و سستی دەکەن و حکومەتێکی شەفاف و بەرپرسیار دەبێت. بەمەش گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی کەم دەبێتەوە و بەشێوەیەکی باشتر و ڕێکوپێکتر و بە کوالێتی بەرز خزمەتگوزارییەکان بە خێرایی و ئاسان پێشکەش بە هاووڵاتیانی دەکات، ڕێگە لە هەموو ئەو پەیوەندییە نافەرمی و ناشەرعییانەش دەگیرێت کە لە هەندێك فەرمانگەی حکوومیدا هەیە و، زۆر لە بەرپرسانی حکوومیی فەرمانگەکان کارەکانیان بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و تایبەتی بەکار دەهێنن، هەروەها بە ڕێگەی حکومەتی ئەلەکترۆنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و جیهان بەهێزتر دەبێت و وەبەرهێنان و سەرمایەی بیانی زیاتر ڕادەکێشرێتە ناو هەرێمەوە، هەر لە ڕێگای حکومەتی دیجیتاڵییەوە پەیوەندییەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان باشتر دەبێت.

*** کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و گرنگیدان بەم سێکتەرە بە یەکێك لەو تەحەددییانە دادەنرێت کە بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی پێشخستنیدایە، چی بکرێت بۆ ئەوەی چاکسازی لە کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش لە ئاست چاکسازی و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێت؟**

- کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە یەکێك لەو کەرتە گرنگانە دادەنرێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە سەرجەم بوارەکانی ژیانەوە هەیە، ئەم کەرتە لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتی و کوالێتییەوە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە، چونکە تا ئەمڕۆ شکستی گەورە لەم بوارەدا هەیە، قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا بەپێی سیستمی پێشکەوتوو و پڕ زانین و فێرکردن نابرێت بەڕێوە، ڕاستە مامۆستایانی بەڕێز کەمتەرخەم نین و دڵسۆزانە لەم ڕووەوە کەموکورتییان نییە، بەڵام هەندێك جار چاکسازی لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا پەیوەندی بە ستراتیژیەت و پلان و ئاستی توانا و شارەزایی و کارامەییەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانەتر مامەڵە لەگەڵ قوتابیدا بکرێت، ئەم قوتابییە کە دەگاتە قۆناغەکانی دیکەی ناوەندی و دواناوەندی، کەموکورتییەکەی تێیدا زیاتر دەبێت و تەنانەت لەسەر ئاستی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قوتابی و ئامادەکردنی بۆ زانکۆش گرفتی گەورەمان هەیە، لە زانکۆ و دوای دەرچوونیان و بوون بە خاوەن بڕوانامە، دەبینین لەو ئاستەدا نین، تەنانەت لە بازاڕی کار و دامەزراوەکانی حکومەتدا سوودیان لێ وەرناگیرێت و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییان کەمە، ئەمە لەکاتێکدا بە سەدان ملیۆن دینار لەم گەنجەدا لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن خەرج کراوە، ئەمە خۆی لەو کێشەیەدا دەبینێتەوە کە پێی دەگوترێت نەگونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ پێگەیاندنی گەنجێکی ئاست بەرزی خاوەن ئینتما بۆ خاك و نیشتمان و، گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و خواستەکانی بازاڕ.

**باشترین خاڵی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتنە بە حکومەتی دیجیتاڵی، هەنگاوەکەش دەستی پێ کردووە و بڕیارە تاکو ساڵی ٢٠٢٥ بگەینە قۆناغی حکومەتی دیجیتاڵی**

**حکومەتی دیجیتاڵی وێڕای ئەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتییەتی کوشندە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە و، خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات، هاوکات بە تێچوونێکی کەمتر و کاتێکی خێراتر و کەمترین هەڵە و کەموکورتی کاروبارەکان بەرەو پێشەوە دەچن**

**بە ڕێگەی حکومەتی ئەلەکترۆنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و جیهان بەهێزتر دەبێت و وەبەرهێنان و سەرمایەی بیانی زیاتر ڕادەکێشرێتە ناو هەرێمەوە**

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی بەڕێوەبەری سەنتەر ڕۆتگێرزە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات دامەزرێنەری سەنتەری توێژینەوە و شرۆڤەکاری ئێرانییە و، بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەم سەنتەرە بووە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و کار دەکات بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانی و، جیهانگەرایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی**
**تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕۆتگێرز بۆ گوڵان:**

# ئەگەرێک بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ئاسۆدا بەدی ناکەم

# دیمانەی تایبەت



*** وەك ئاشكرایە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ كردووە، چونكە دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی ڕەنگدانەوە و ڕەهەندی جیهانییان هەیە، ئێوە چۆن لەم شەڕە و لە درێژە كێشانی ئەم شەڕە دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم جەنگە درێژە دەكێشێت و بەردەوام دەبێت، من لەم ڕووەوە هیچ ئاسۆیەك بەدی ناكەم بۆ یەكلابوونەوە، یان كۆتاییهاتن و ڕاوەستانی ئەم شەڕە، پێم وایە نە وڵاتانی ئەوروپا و نە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا خوازیاری ئەوە نین، ئەم شەڕە كۆتایی پێ بێت، چونكە دەیانەوێت ئەم شەڕە بكەنە ئامراز و دەرفەتێك بۆ لاوازكردن، یان سزادان، یان تێكشكاندنی ڕووسیا، واتا دەیانەوێت ئەم شەڕە بكەنە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ڕووسیا لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە تووشی پەككخستن بكەنەوە، بەڵام ئەگەر لە خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین و بڕیارەكەی بۆ بەرپاكردنی شەڕ و داگیركردنی ئۆكرانیا بڕوانین، ئەوا دەبێت ئەوە بڵێین كە سەرۆك پۆتین لێكدانەوەیەكی هەڵەی هەبوو بۆ كاردانەوە و پەرچەكردارەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، بەتایبەتی لە ئامانج و مەبەستەكانی ئەمریكا لەم شەڕەدا.

*** هەرچەندە شەڕەكە نزیكە لەوەی ساڵێك تەواو بكات، بەڵام ئایا پێت وایە تا چ ڕاددەیەك ڕووسیا دەرك بە هەڵەی بڕیارەكەی دەكات و ئایا تا چەند ڕووسیا شكستی هێنا لەوەی كە پێشبینییەكی ڕاست و دروست بكات بۆ ڕەوتی شەڕەكە و بۆ درێژەكێشانی شەڕەكە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە لەم ڕووەوە خودی سەرۆك پوتین تووشی هەڵە بووە لە گرتنەبەری ئەو ستراتیژیەتەی لە شەڕەكەدا

**نە وڵاتانی ئەوروپا و نە ئەمریكا خوازیاری ئەوە نین، ئەم شەڕە كۆتایی پێ بێت، چونكە دەیانەوێت ئەم شەڕە بكەنە ئامراز و دەرفەتێك بۆ لاوازكردن، یان سزادان، یان تێكشكاندنی ڕووسیا**

**ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە شاشەی تی ڤی و لە سەرتاسەری جیهاندا پەخش دەکرێت و دەبینرێت، زۆربەی ئامرازەکانی کاریگەر بوون لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی لە ژێر دەستی ئەمریکادا**

**هەڵەیەکی دیکەی ڕووسیا ئەوە بوو کە نەیتوانی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە بەشێکی زۆری شەڕی ئەم ڕۆژگارە پەیوەستە بە پڕوپاگەندەوە و، زۆربەی کەرەستەکانی ئەو پڕوپاگەندەیەش لە دەستی ئەمریکادایە**

**بە وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی ئاسایش و پۆلیسی ئۆکرانیام ڕاگەیاند کە پێویستە بە حەزەر بن، چونکە من نیشانە و ئاماژەکانی بەرپابوونی شەڕ بەدی دەکەم**

پیادەی کرد و گرتیەبەر، بەتایبەتی کە پێی وابوو، یان پێشبینی ئەوەی دەکرد کە دەتوانێت شەڕێکی تەواو تەقلیدی بەرپا بکات و ئەنجام بدات، مەبەستم لە تەقلیدی ئەوەیە کە سوپا ڕەوانە بکات و لەم ڕێیەوە شارەکان داگیر بکات و مووشەکەکان لە دوورەوە ئاراستە بکات، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو کردی، کە ئەمریکا خوازیار بوو ئەنجامی بدات، ئەوە بوو سوپای ڕووسیا تووشی گیرخواردن بووەوە، چونکە ئەمریکا لەم ڕووەوە نیگەران بوو، لەوەی ڕووسیا هەمان ئەو کارە، یان دەرئەنجامە دووبارە بکاتەوە کە خودی ئەمریکا خۆی لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە عێراقدا کردی، چونکە لەو شەڕەدا سوپای ئەمریکا سەرکەوتنێکی خێرای بەدەست هێنا و هەڵمەتی ترس و تاسانی پیادە کرد و بە هەموو سەنگ و قورسایی سەربازیی خۆیەوە کاولکارییەکی زۆریان لە عێراقدا دروست کرد، ئەوە بوو سەدام حوسێنیان ناچار کرد دەستبەرداری دەسەڵات ببێت و هەڵبێت و سوپای وڵاتیش خۆبەدەستەوە بدات، بەڵام ئەوەی ڕووسیا لە ئۆکرانیادا کردی، بەرپاکردن و هەڵگیرساندنی شەڕێکی تەقلیدی بوو، کە نەیانتوانی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان پێشڕەوی بکات.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەم شەڕەوە، یان لە ڕوانینی لەم شەڕەوە گەلاڵە بووە، ئەوەیە کە ڕووسیا تووشی شکست و پاشەکشە و خەسارەتی گەورە بووە، بە چەشنێك کە ئەو وێنەیەی پێشتر لەبارەی هێزی سەربازی و سوپای ڕووسیاوە هەبووە، تێك شکاوە، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پێم وایە خودی ئەم شەڕە تەقلیدییە دەرئەنجام و لێکەوتەی دژ و پێچەوانە و نەخوازراوی لێ کەوتەوە بۆ ڕووسیا، بەتایبەتی لە ڕووی پڕوپاگەندەی شەڕەوە، چونکە درێژبوونەوەی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا نەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی خەسارەت و زیانە مرۆییەکانەوە، خۆ ئەگەر شەڕەکە کورتخایەن بووایە (بە چەشنی شەڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣) و لە هەفتەی یەکەمدا کییڤی کۆنترۆڵ بکردایە، ئەوا دەبووە براوەی شەڕەکە.

لێکدانەوەیەکی هەڵەی دیکەی ڕووسیا پەیوەست بوو بە سەرکردایەتی و دەسەڵاتدارانی کییێف-ەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئۆکرانیا ئەوە بڕیارەیان دا کە ئەورووپی و ئەمریکییەکان خواستیان لەسەر بوو، لە بەرامبەردا تەنیا داوای چەك و هاوکاریی سەربازییان کرد، دەرئەنجامەکەش، یان هاوکێشەکەش ئەوە بوو کە شەڕەکە بە چەکی ئەمریکی، بەڵام بە گیان و خوێنی ئۆکرانیا کرا، هەرچۆنێك بێت من دەمەوێت ئەو خاڵە دووبارە بکەمەوە کە کێشەکە لەوەدا بوو (بۆ ڕووسیا مەبەستمە) کە شەڕێکی هاوشێوەی ئەمریکایان لە عێراقدا نەکرد و هۆکارەکەش ئەوە بوو کە ڕووسییەکان ئەوەیان لەبەرچاو گرت کە ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی ئۆکرانیا بە ڕەچەڵەك ڕووسین و، نەیانویست خەڵکی خۆیان بکوژن، بەڵام ئەمە هەڵەیەك بوو لەلایەن ڕووسیاوە، چونکە سەری کێشا بۆ درێژبوونەوەی شەڕەکە، دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، کە ئەم شەڕە لە سەدەی بیست و یەکدا دەکرێت کە ٨٠٪ی شەڕەکە پڕوپاگەندەیە و لە ٢٠٪ی شەڕێکی سەربازییە، چونکە ئاشکرایە ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە شاشەی تی ڤی و لە سەرتاسەری جیهاندا پەخش دەکرێت و دەبینرێت، زۆربەی ئامرازەکانی کاریگەر بوون لەسەر ڕای گشتی و دروستکردنی ڕای گشتی لە ژێر دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، واتە تەواوی کەرەستەکانی شەڕی پڕوپاگەندە لە دەستی ئەمریکادایە، واتە دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین هەڵەیەکی دیکەی ڕووسیا ئەوە بوو کە نەیتوانی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە بەشێکی زۆری شەڕی ئەم ڕۆژگارە پەیوەستە بە پڕوپاگەندەوە و، زۆربەی کەرەستەکانی ئەو پڕوپاگەندەیەش لە دەستی ئەمریکادایە.

*** ئێوە لە سەرەتادا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم شەڕە درێژە دەکێشێت، بەڵام پێتان وایە چ پەرەسەندن و پێشهاتێك هەیە کە بکرێت ڕوو بدات و ببێتە مایەی کۆتاییهێنان بەم شەڕە؟**


- با سەرەتا من ئەوە بڵێم کە هاوسۆزم لەگەڵ خەڵك و گەلی ئۆکرانیا و لە ڕاستیدا من بۆ چەند ساڵێك ڕاوێژکاری هەندێ لە بەرپرسانی ئۆکرانیاش بووم و، چەندین جار سەردانی ئەو



وڵاتەم کردووە، تەنانەت من بە وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی ئاسایش و پۆلیسی ئۆکرانیام ڕاگەیاند کە پێویستە بە حەزەر بن، چونکە من نیشانە و ئاماژەکانی بەرپابوونی شەڕ بەدی دەکەم، هەروەها ڕاوێژ و ڕاسپاردەی من بۆ ئەوان ئەوە بوو کە دەبێت بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرن و هاوسەنگییەك بەدی بهێنن لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوادا، بەڵام بە داخەوە چینی ناوەڕاست و دیموکراسیخوازان و پرۆ ئەوروپییەکان دەرکیان بە دەرئەنجامی کار و کردەوەکانیان نەدەکرد و، پتر بە ئاراستە و ئاقاری ڕۆژئاوا هەنگاویان هەڵدەگرت، لە دەرئەنجامدا دوژمنایەتی و دژایەتییان لەگەڵ ڕووسیادا خوڵقاند و دروست کرد، دۆخەکەش لەم ڕووەوە گەیشتە خاڵێك کە ڕووسیا نەتوانێت چاوپۆشی بکات، هەروەها هەوڵدان بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا، کە دەتوانین لێرەدا بڵێین ناتۆ بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، واتە ئەگەر ڕووسیا بڕیاری بەرپاکردنی شەڕەکەی دابێت و دواتریش جێبەجێی کردبێت، ئەوا ئۆباڵێکی گەورە لە ئەستۆی ناتۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەمانە ئێستا بوونەتە چیرۆکێك و بەشێك لە مێژوو، چونکە واقیعەکە ئەوەیە کە ڕووسیا سەرقاڵی کاولکردنی ئۆکرانیایە و ئەم شەڕەش درێژە دەکێشێت و ئاسۆی کۆتاییهاتنی بەدی ناکەم، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت، کە زینلینیسکی لەلایەن سوپای ئۆکرانیا لا ببرێت و دوور بخرێتەوە لە دەسەڵات، پێم وایە ئەمە تەنیا بژارەیە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پارێزگارییەکی زۆری لێ دەکرێت.

**تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت، کە زینلینیسکی لەلایەن سوپای ئۆکرانیا لا ببرێت و لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە**

دیمانەی تایبەت



**پرۆفیسۆر هوارد فیدرسپیڵ بۆ گوڵان:**

# درەنگ، یان زوو پوتین ئەو قەناعەتەی لا دروست دەبێت کە ناتوانێت شەڕەکە بباتەوە

**هوارد فیدرسپیڵ پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری. بۆ تاوتوێکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و ئەگەری گرتنەبەری گفتوگۆ بۆ یەکلاکردنەوەی و چەند پرس و بابەتی دیاریکراو، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا پەیوەست نییە بەو دوو وڵاتەوە، بەڵکو کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە کاریگەریی لەسەر تێکڕای جیهان هەبووە، لە پەیوەندی بە پرسی ئاسایش و وزەوە و گرانبوونی نرخی خۆراك و چەندین لێکەوتە و دەرهاویشتەی دیکە، ئێوە چۆن لە ڕەوتی ئەم شەڕە و بەرەوپێشچوون و درێژەکێشانی دەڕوانن؟**

- دەکرێت لە بارەی تێکڕای شەڕەکەوە لەوە بڕوانین، کە هەڵگیرساندن و بەرپاکردنی ئەم شەڕە لەلایەن سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە پشتڕاست نەبوو بە پاساو و بیانوو، یان هۆکارێکی قەناعەتپێهێنەر و ڕەوا، واتە بیانوو و هۆکارێکی داتاشراو و نادروست هێنرایەوە بۆ شەرعییەتدان بە دەستپێکردن و بڕیاری بەرپاکردنی ئەم شەڕە، ئەوە بوو ڕووسیا لەسەر ئەم بنەما و لێکدانەوە هەڵەیە بڕیاری دا و ڕەفتاری کرد، واتە ڕووسیا مەسەلەکەی بە چەشنێك خستەڕوو، یان گوزارشتی لێ کرد، وەك ئەوەی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسییەك بووبێتەوە کە هەر دەبێت لەم ڕووەوە پەرچەکدار و کاردانەوەی هەبێت، بە چەشنێك کە ببێتە هۆی ڕەواندنەوە و کۆتاییهێنان بەم مەترسییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو کە دەوڵەتە دراوسێکەی (ئۆکرانیا) کردە ئامانج.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە بەلای کەمەوە بەشێك لە بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە و هەڵگیرسانی شەڕەکە دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوت و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، تەنانەت سیاسەتی خودی دەسەڵاتدارانی ئۆکرانیا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئێستا شەڕەکە بەردەوامە، ئێوە چۆن لە هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەڕوانن لە ئاست ئەم شەڕەدا و هەروەها لە پەیوەندی بە هاوکاریکردنی ئۆکرانیا و سزادانی ڕووسیاوە؟**

- من دەمەوێت لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە

**ئێستا سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە ڕاستەوخۆ نەیەتە نێو شەڕەکەوە، واتە سەربازەکانی بێنە نێو بەرەکانی شەڕەکەوە، ئەمەش سیاسەتێکی پەسەندکراو و قبووڵکراوە لە نێو خودی ئەمریکا**



بڕوانم، کە ئەم هاوکاری و سزادانانە بە چەشنێك نەبوون، یان بە ڕاددەیەك نەبوون کە سەر بکێشێت بۆ ئەوەی پێکدادانانی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕووسیا و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕوو بدات، مەبەستم ئەوەیە تا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە ڕاستەوخۆ نەیەتە نێو شەڕەکەوە، واتە سەربازەکانی بێنە نێو بەرەکانی شەڕەکەوە، ئەمەش سیاسەتێکی پەسەندکراو و قبووڵکراوە لە نێو خودی ئەمریکا.

*** هەندێ جار ئاماژە بە گریمانە، یان ئەگەری ئەوە دەکرێت کە لە حاڵەتی درێژەکێشانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیادا، ئەوا ڕەنگە هاوکاری و یارمەتییە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام نەبن بۆ ئۆکرانیا، بەڵام تا ئێستا ئەم هاوکارییانە بەردەوامن و کاریگەریی بەرچاو و نکۆڵی لێ نەکراوییان هەبووە، لەسەر ئاراستەی شەڕەکە، هەرچەندە نەبوونەتە هۆی یەکلاکردنەوەی پارسەنگی هێز، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین ئێمە لە ڕوانگەی چەند ئەزموونێکەوە لەم پرسە بڕوانین، چونکە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، سوپای ئەمریکا لە چەند وڵاتێکدا جێگیر بووە و، تا ئێستاش بەردەوامە و درێژەی هەیە، بەڵام لە هەندێ وڵات بە پەلە و بە خێرایی کشایەوە، لێرەدا ئەو پرسەی بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەلایەن خودی خەڵکی ئەمریکاوە، ئەوەیە کە وڵاتەکەیان بە چەشنێك تێوەنەگلێت کە ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆژانە سەربازی کوژراو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکە، واتە ئەمە بەرهەڵستی و نارەزایەتی دروست دەکات.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی هاتووە، ئەوەیە کە ڕووسیا نەیتوانیوە بەرهەمێکی ئەوتۆ لەم شەڕە بچنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕووسیا تووشی چەندین شکست و ڕووبەڕووی چەندین خەسارەت و زیانی سەربازی بووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سوورە لەسەر درێژەپێدانی ئەم شەڕە، ئایا لۆژیك ئەوە نییە، ڕووسیا هەوڵ بدات کە دەروازە و دەرفەتێك بۆ کۆتاییهێنان**

**بڕیارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە سەرکەوتنی ڕووسیا، بوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا خۆی لە هەلومەرجێکدا بدۆزێتەوە کە ڕووبەڕووی دەرئەنجامێکی نەخوازراو ببێتەوە**

**بەم شەڕە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر ئەم خوێنبەربوونە سەربازییە بەردەوام نەبێت؟**

- گومان لەوەدا نییە کە ڕووسیا پێشبینیی بەدیهێناتن و هاتنەئارای ئەم دەرئەنجامە نەخوازراو و پێچەوانەیەی نەدەکرد، بەڵکو گریمانە و چاوەڕوانیی ڕووسیا ئەوە بوو، کە ڕۆژئاوا بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی هەڵوێستێکی سەرسەخت و ئەوتۆ ناگرنەبەر، کە لە دەرئەنجامدا ئۆکرانیا بتوانێت بەرهەڵستی و بەرگرییەکی ئەوتۆ بکات، کە بتوانێت بەرەنگاری هێرشەکانی ڕووسیا ببێتەوە و، بەرپەرچی پەلامارەکانی بداتەوە، بەڵام هەڵوێست و سیاسەت و بڕیارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە سەرکەوتنی ڕووسیا، بوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا خۆی لە هەلومەرجێکدا بدۆزێتەوە کە ڕووبەڕووی دەرئەنجامێکی نەخوازراو ببێتەوە.

*** ئاشکرایە ئەم شەڕە نەك تەنیا وڵاتانی ناچار کردووە کە پێداچوونەوە بە پرسی ئاسایشی سەربازیی خۆیاندا بکەنەوە، بەڵکو هەندێ لە وڵاتان، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا، خۆیان لە دۆخێکدا بینییەوە کە ناچار بوون پێداچوونەوەی جددی بە ئاسایشی وزەشدا بکەن، لەبەر ئەوەی ڕووسیا پرسی هەناردەکردنی نەوت و غازی بۆ ئەوروپا وەك چەکێك لەم شەڕەدا بەکارهێنا، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بەرزبوونەوەی نرخی وزە، مایەی ناڕەحەتی و نیگەرانی بووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە چەند وڵاتێکی دیاریکراوی نێو ئەوروپا، وەك ئەڵمانیا، بە ڕادەیەکی گەورە پشتبەستوو بوون بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە چ دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ ئایا ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی بە جددی بیر لەوە بکرێتەوە کە دەست بە گفتوگۆ بکرێت لەگەڵ ڕووسیادا، بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە و بەو پێیە بە پرسی پەیوەست بە وزەشەوە بهێنرێت؟ چونکە نابێت ئێمە ئەوە نادیدە بگرین کە وڵاتانی ئەوروپا ترس و نیگەرانییان هەیە لە ڕووسیا و، بوونی ڕووسیایەکی بەهێز بە چەشنێك لێك دەدەنەوە کە مایەی نادڵنیایی و نائارامیی ئەوان بێت، بەتایبەتی ئەم ترسە لە وڵاتانی بەڵتیکدا پتر هەستی پێ دەکرێت و بەرجەستەیە، پوختەی مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە وڵاتە ئەوروپییەکان دەیانەوێت پاڵپشتی و پشتیوانیی ئۆکرانیا بکەن و هاوکاری و یارمەتیی پێویستی بۆ دەستەبەر بکەن، لەم ڕووەوە نایەوێت ئۆکرانیا تووشی داڕووخان و داگیرکاری ببێتەوە، ئامادەن داراییەکی زۆری وڵاتەکانیان بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن ئەم دەرئەنجامە بێتەئاراوە و ڕووسیا باڵادەست و سەرکەوتوو بێت و لەشەڕەکەدا زاڵ بێت، بەڵکو دەیانەوێت بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکدا بشکێتەوە کە ڕووسیا ڕێگەی ئاشتی و ئاشتەوایی بگرێتەبەر و دووبارە نەوتیان پێ بفرۆشێتەوە.

*** کەواتە لە ئێستادا ئایا هیچ ئاسۆیەك بۆ گرتنەبەری ڕێگەچاری گفتوگۆ بەدی دەکەن؟ ئایا بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی گۆڕەپان و بەرەکانی شەڕ، پێت وایە ڕووسیا بیر لەوە بکاتەوە کە هەنگاوێکی لەم چەشنە بگرێتەبەر، یان بەلای کەمەوە ئامادە بێت بۆ ئەوەی دەرفەتێك بە هەوڵ و کۆششەکانی ئاشتی بدات؟**

- بەڵێ، من پێم وایە ئەگەر و دەرفەتێکی لەم چەشنە لە ئارادایە و هەیە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە درەنگ، یان زوو سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەگاتە ئەو ڕاستییە و ئەو قەناعەتەی لا گەڵاڵە دەبێت کە بەم چەشنە کە ئێستا لە ئارادایە، ناتوانێت شەڕەکە بباتەوە و، ئەو ویستەی بۆ دروست دەبێت کە کۆتایی پێ بهێنێت و خۆی لێ ڕزگار بکات، چونکە پێم وانییە ڕووسەکان لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هەبێت، مەبەستم ئەوەیە کاتێك ڕووبەڕووی دۆخێکی نالەبار و کێشەیەکی قورس دەبنەوە، ئەوا دەست هەڵدەگرن و هەڵدێن و پشتی تێ دەکەن. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر ڕووسیا ئەو ئامادەییە دەربڕێت، مەبەستم بۆ گفتوگۆ و گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوە و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەڵامدانەوەی دەبێت و بەدەم ئەم خواستەوە دەچێت، تەنانەت ئەگەر ئۆکرانییەکانیش ڕای بگەیەنن کە نایانەوێت گفتوگۆ بکەن لەگەڵ ڕووسیادا، لەبەر ئەوە پێم وایە لە میانەی ساڵێکدا ئەم گفتوگۆیانە دەست پێ دەکەن و دێنەئاراوە.

**وڵاتانی ئەوروپا ترس و نیگەرانییان هەیە لە ڕووسیا و، بوونی ڕووسیایەکی بەهێز بە چەشنێك لێك دەدەنەوە کە مایەی نادڵنیایی و نائارامیی ئەوان بێت**

**سەرۆک ڤلادمیر پوتین ئەو ویستەی بۆ دروست دەبێت کە کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت و خۆی لێ ڕزگار بکات**

## دکتۆر عەلی ڕەشید خۆشناو

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ ٦٠ ملیار دینار بۆ پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر تەرخان کراوە

**ئاشکرایە هەولێر پێگەیەکی تایبەتی هەیە و خزمەتگوزارییەکی بەرچاویش بۆ ئەم شارە دەستەبەر کراوە، بەڵام هێشتا شایستەی زیاترە و لەم ڕووەوە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامن، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ دکتۆر عەلی ڕەشید خۆشناو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجام دا.**

*** ئەو پرۆژانە چین کە لە ماوەی کابینەی نۆیەم بەتایبەتی لەساڵی ڕابردوو لە سنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێ کراون؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی هەر لە سەرەتاوە کە بەرنامەی کابینەکەی ڕاگەیاند، بە ناوی کابینەی خزمەتگوزاری بوو، بەرنامەکانیش بەپێی ئەولەوییات دارِشتبوو، تاوەکو بتوانین زۆرترین خزمەت بە هەرێمی کوردستان بکەین. ئینجا ئەوەی لە بەرپرسیاریەتیی ئێمەدایە، ئەوەیە کە خزمەتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەین. ئێمە بەپێی ئەو بودجەیەی بۆ پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر لە ئەنجومەنی وەزیران تەرخان دەکرێت، کە ساڵانە گوژمەیەك هەیە بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٦٠ ملیار دینار و بۆ ئەمساڵ ٦٨ ملیار دینار تەرخان کراوە، جگە لەوەی ئەو بودجانەی بۆ پرۆژە ستراتیژییەکان خەرج کراون، وەك شەقامی ١٥٠ مەتری و ڕێگای هەولێر – حاجی ئۆمەران و چەندین پرۆژەی دیکەی ستراتیژی لە سێکتەرە جیاجیاکان و دابەشکردنی نەوت بەسەر هاووڵاتیان، لە ساڵی ڕابردوو ئەو بودجەیەی لەپەرەپێدانی پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران خەرج کراوە، نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار بووە و پرۆژەکانیش جۆراوجۆر بوون، لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و لە پرۆژەکانی ڕێگاوبان و قیرتاوکردن و ئاو و ئاوەڕۆ و دروستکردنی بنکەی تەندروستی و چاککردن و دانانی هێڵی کارەبا و...هتد، کە ژمارە و کۆمەڵێك پرۆژەی جۆراوجۆر

> **ساڵی ڕابردوو ئەو بودجەیەی لە پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران خەرج کراوە، نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار بووە**

بەپێی ڕێزبەندییەك بۆ هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری بووە، لەو خزمەتگوزارییانەش ڕێزبەندی درایە گەڕەکە هەژارنشینەکان کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو کەمتر خزمەتگوزارییان پێ گەیشتبوو، بۆ نموونە گەڕەکەکانی (فەرمانبەران و هەشتی حەسارۆك و مامزاوە و کرێکاران و کوردستان و لەتیفاوە و...هتد)، لەو پرۆژانەش کە زیاتریان بۆ ئەنجام درا، وەك قیرتاوکردن و بیرلێدان و ئاوەڕۆ و گەیاندنی بۆریی ئاوی ئیفراز و کارەبا و سەرجەم ئەو پرۆژانە بەرنامەی کابینەی نۆیەم بوون بۆ پەرەپێدان و زیاتر گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگا زۆر دڵخۆش و دڵنیاین لەوەی کە جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان خۆی لەسەر وردەکاریی پرۆژەکان ڕادەوەستێت، هەروەها بۆ پاراستنی شاری هەولێر لە لافاو گوژمەیەکی باش لە لایەن ڕێزدار سەرۆکی حکومەت تەرخان کراوە و لەم دواییە بۆ پاراستنی گردجووتیار لە لافاو بڕی (٨)ملیار دیناری دیکە تەرخان کرا، پرۆژەکەش بریتییە لە گواستنەوەی ڕێڕەوی ئاوەکان و دروستکردنی لێوار و ئاوڕێژییەکان و پردێك و هەموو ئەو پێداویستی و پرۆژانەی کە ناهێڵێت لە مەودوا ئاوی بارانبارین بەناو کۆڵان و گەڕەکی گردجووتیاردا بڕوات و ببێتە هۆی پەنگخواردنەوەی لافاو، هاوکات کارو پرۆژە بۆ ئەوە جێبەجێ کرا کە چیتر ئاو لەسەر شەقامی سەرەکیی نێوان هەولێر بۆ پیرمام ڕانەوستێت و، لەو شوێن و گەڕەکانەش کار کرا کە ساڵی ڕابردوو لافاویان تێدا ڕووی دا، وەك دارەتوو و ڕۆشنبیری و ژیان و چەندین شوێنی دیکە، کە لە سایەی ئەو پرۆژانەوە دەتوانین گەرەنتی ئەوە بە هاووڵاتیانی ئەو شوێنانە بدەین، کە چیتر وەك ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی لافاو نابنەوە، لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە ئەدای حکومەت و دامودەزگاکان ڕازین، هەر چەندە لێرە و لەوێ هەندێ کەموکووری بەدی دەکرێت، بەڵام پرۆژەکان بە شێوە و ئەدایەکی باش لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکان جێبەجێ دەکرێن و، بەردەوام لە یەکتر نزیکین لە حکومەتی خۆجێیەتی و بەردەوام لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەداین لەگەڵ بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و بەپێی ماوەی دیاریکراو پرۆژەکانی پایتەخت جێبەجێ بکرێن. جەنابی پارێزگار پەیمانی داوە لە ٢٠٢٣/٢/٨ کە دوو ساڵ بەسەر خزمەتکردنی تێپەڕ دەبێت، بێتە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەوەی ئەو کار و پرۆژە و بەرنامەی ئەنجامی داوە و بەرنامە و کاری داهاتووشی بخاتەڕوو.

*** ئەو پرۆژە ئاوەڕۆییەی لە شەقامی٣٠مەتری و بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران چییە و چ پرۆژەیەکتان بۆ گەڕەکی تەیراوە هەیە؟**



**دڵخۆش و دڵنیاین لەوەی کە جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان خۆی لەسەر وردەکاریی پرۆژەکان ڕادەوەستێت**

**بۆ پاراستنی گردجووتیار لە لافاو بڕی (٨)ملیار دیناری دیکە تەرخان کرا، کە پرۆژەکەش بریتییە لە گواستنەوەی ڕێڕەوی ئاوەکان و دروستکردنی لێوار و ئاوڕێژییەکان و پردێک و هەموو ئەو پێداویستی و پرۆژانەی کە ناهێڵێت ببێتە هۆی پەنگخواردنەوەی ئاو و لافاو**

**لە پرۆژەیەکی زۆر ستراتیژی بۆ شاری هەولێر لەگەڵ ڕێکخراوی جایکای یابانی لە پەیوەندیداین، کە ئەویش دروستکردنی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێرە کە بە قەرزی درێژخایەن دروستی دەکات**

- ئەو پرۆژەی ئاوەڕۆیەی بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران، تەواوکاری پرۆژەی ئاوەڕۆی سەر شەقامی ٦٠ مەترییە کە ڕاستەوخۆ دەکاتە چوارڕێیانی ٦٠مەتری بۆ گەڕەکی نەورۆز و یەکێ لە پرۆژە گرنگ و پێویستەکانە کە لە کار و بەرنامەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرە بۆ پاراستنی ئەو گەڕەك و ماڵانەی کە دەکەونە نێوان شەقامی ٦٠ مەتری و ٣٠ مەتری بە لای ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە ئاوی گەڕەکەکانی تەیراوە و چەندین شوێنی دیکەی سەرەوەتر دێتە ئەو شوێنە و زۆرجار دەبووە هۆی کۆبوونەوەی ئاو و ئاستەنگی بۆ هاتوچۆ دروست دەکرد. بەم پرۆژەیە کە لە شەقامی ٣٠ مەتری پێش ئەنجومەنی وەزیران دەچێتەوە چوارڕێیانی شەقامی ٦٠ مەتری بۆ نەورۆز، لەوێشەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ شەقامی مووسڵ ئەم پرۆژەیە کاری باشی تێدا کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت، بەڵام ئێمە لە پرۆژەیەکی زۆر ستراتیژی بۆ شاری هەولێر لەگەڵ ڕێکخراوی جایکای یابانی لە پەیوەندیداین، کە ئەویش دروستکردنی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێرە کە بە قەرزی درێژخایەن دروستی دەکات، ئەو پرۆژەیە بە سەر چەند قۆناغ دابەش کراوە و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەی ئاوەڕۆیە ئاوی ئاوەڕۆی قورس لەگەڵ ئاوەڕۆی ئاوی باران لە یەکتر جیا دەبێتەوە، کە قۆناغی یەکەمی دەبێت لە ماوەیەکی نزیکدا دەست پێ بکات، کە ئەو زۆنەی پرۆژەکە دەکات، نێوان شەقامی سەرەکیی مووسڵ تا دەگاتە دوو سایدی گەڕەکی نەورۆز و دانانی کارگەی ڕیسایکلینی ئاوە قورسەکەشی لەگەڵدایە، کە دەکەوێتە دوای شەقامی ١٥٠ مەتری لە خوارووی شاری هەولێر، ئەو کارگەیەش دیزاین و تەندەری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ئەنجام دراوە و شوێنەکەشی بۆ تەرخان کراوە، تەنیا چارەسەری ئاوی قورسەکە کە کارگەی ڕیسایکلینە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە. لەلایەکی دیکەوە تەیراوە یەکێك لەو گەڕەکە خۆشەویستانەی هەولێرە و قۆناغی سێیەمی دروستبوونی شاری هەولێرە و پێویستی بەوە بوو هەم شەقام و شۆستەکەی، هەم ئاوەڕۆیەکەی ڕێك بخرێتەوە، چونکە لە ساڵانی ٨٠وە ئەم ئاوەڕۆیە کاری لەسەر نەکراوە، هەر بۆیە بەڕێزان جەنابی پارێزگار و جێگری پارێزگار مەسعود کارەش پێیان باش بوو، ئەو پرۆژەیە لە تەیراوە جێبەجێ بکرێت، کە بڕی ٨٥٠ ملیۆن دینارە و بۆی هەیە یەك ملیار دینار تێچووی بێت، کە وادەکات بازاڕەکە و هەموو دووکاندارەکان دڵنیا بن بە هۆی تەواوبوونی پرۆژەکەوە چیتر لەو گەڕەك و بازاڕەدا لافاو ڕوو نادات.

*** بارودۆخی کارەبا لە شاری هەولێر و لە پارێزگای هەولێر بەگشتی چۆن دەبینیت؟ ئەو سێکتەرە تا چەند گرنگی پێ دراوە کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی هاووڵاتیانەوە هەیە؟**

- بە ڕاستی دەستخۆشی لە وەزارەتی کارەبای دەکەین، هەر چەند ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنەری کارەبا لە شاری هەولێر و سنووری پارێزگاکە زیاد دەکات، بەڵام وەزارەتی کارەبا شان بە شانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنەر هەموو تواناو هەوڵی خۆی بەکارهێناوە بۆ باشترکردن و گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییە بە هاووڵاتیان و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و دابەشکردنی کاری باشی لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی ماوەی پێدانی کارەبا بە خەڵك زیاتر و باشتربێت، بێگومان لە ساڵانی ڕابردوو لە چەندین گەڕەك و شوێن کێشە و گرفتی کارەبامان هەبوو، بەتایبەتی لە بەحرکە و دەڤەری بەرانەتی، بەڵام خۆشبەختانە کابینەی نۆیەم لە ڕێگای وەزارەتی کارەباوە ئەو کێشە و گرفتانەی چارەسەر کرد، بە دانانی چەندین وێستگەی کارەبای مۆبایل، بەڵام ئەوەی ئێستاکەش کێشەیە تەنیا کەمیی ماوەی کارەبایە، هەرچەندە لە ڕێگای موەلیدە ئەهلییەکانەوە کارەبا دابین دەکرێت، بەمەش دەتوانین بڵێین کارەبا کراوەتە ٢٤ کاتژمێری، ئەگەرچی وەزارەتی کارەبا بۆ ئەوەی ماوەی کارەبای حکوومی زیاتر بێت، هەستا بە دانانی کاتژمێری زیرەك کە سەرکەوتنێکی زۆر باشی بەدەست هێناوە و، ئێستاکە بۆ کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە کارەبای حکوومی هەستاوە بەجێبەجێکردنی پرۆژەی پریپێیت، وەك ئەزموون

لە ناو بازاڕی لەنگەی هەولێر جێبەجێ كراوە، كە بووەتە جێگای ڕێز و ستایشی خەڵكەكە، هەم لە ڕووی باشی و هەم لە ڕووی هەرزانیی نرخی كارەباكە، كە وەك كارتی مۆبایل ئەو سیستەمە كار دەكات و، چاوەڕوان دەكرێت لە داهاتوودا هەموو شار و پارێزگاكە و هەرێمی كوردستان بەو سیستەمە كارەبای پێ بدرێت، ئێستاكەش لەم وەرزی زستانە بۆ ئەوەی كەمترین گرفت هەبێت و ماوەی پێدانی كارەباكەش زیاتر بێت، هەر هاوبەشێكی كارەبا بە بێ جیاوازی ٣٠ ئەمپیر كارەبای لە ڕێگای كاتژمێری زیرەكەوە پێ دراوە، كە ئەمە لەو وەرزە كە خواست لەسەر كارەبا زۆر زیادی كردووە، بە شێوەیەكی باش پەیڕەو كراوە و هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی كارەبایان پێ دەگات، لەلایەكی دیكەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەیەوێت لە بەڕێوەبردنی كارەباوە بە هاوبەشی كار لەگەڵ كەرتی تایبەت بكات، حكومەتیش وەك وەزارەتی كارەبا چاودێری لەسەر بكات، كە ئەم سیستەمە لە هەموو دونیا بەتایبەت لە وڵاتانی پێشكەوتوو بەڕێوەدەچێت.

*** ئایا ئەو پڕۆژەیە كە بۆ زۆن و شاری خەلیفان لە بەردەستانە وەك سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر چییە و چەند بوار دەگرێتەوە؟**

- ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگا دەزانین كە لە حەوزی خەلیفان كێشەی كشتوكاڵی و ئاو و ئاوەڕۆ و ژینگەمان هەیە، بۆیە توێژینەوەیەكمان لە بەردەستە بۆ چارەسەركردنی هەموو ئەو گرفتانە و پاراستن و چاككردنی ژینگەكەی، بەتایبەتی ئەو ئاوەی لە تاڤگەی گەلی عەلی بەگ دێتە خوارەوە، كە هیچ مەرجێكی تەندروستی تێدا نییە و خەڵك بەتایبەت گەشتیارانیش دەچنە ناو ئاوەكەوە، كە ئەمەش هۆكاری زۆرە، بەتایبەت لە سەرچاوەكەی كە ئاوەكە لە وەرتێوە دێت، تا دەگاتە تاڤگەكە و خەڵك و گەشتیارانیش ئاوەكە بە شێوەیەكی ناتەندروست بەكار دەهێنن و چەندین (WC)ی لەسەر دروست كراوە، بۆیە ئاوەكە تا پلەیەكی مەترسیدار پیس بووە و نابێت مرۆڤ لێی نزیك ببێتەوە، هەر بۆیە بۆ چارەسەری كێشەكانی ئەو حەوزە پڕۆژەیەكمان وەك ئەنجومەنی پارێزگا لەژێر توێژینەوەدایە، لە پاش تەواوبوونی توێژینەوەكە بودجەیەكی نزیك كراوە بۆ پڕۆژەكە دیاری دەكرێت، كە لەو پڕۆژەیەدا پۆنت و كەناڵی ئاودێری و سیستەمی خاوێنكردنەوەی ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری تێدایە و دروستكردنی شەقام و ڕێگاوبان و كۆمەڵێك پڕۆژەی گەشتیارییش لەخۆدەگرێت، بە دوای تەواوبوونی توێژینەوەكەش پێشكەش بە حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەین.

*** بەرنامە و پلانتان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەكان بەتایبەت لەپەرەپێدانی پارێزگادا چییە؟**

- ئێمە سێ چوار ستراتیژیی گەورەمان لەپێشە، جگە لە خزمەتگوزاری لە هەموو سێكتەرەكان كە بە بەردەوامی پێشكەش بە هاووڵاتیان دەكرێت، بەڵام ئێمە بیرمان لە هەڕەشەیەك كردووەتەوە كە بەرەو هەرێمی كوردستان دێت و پایتەختی كوردستانیش پشكی شێری بەردەكەوێت، كە ئەویش هەڕەشەی كەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەرچاوەكانی ئاو و وشكەساڵییە، لە حاڵەتی وشكەساڵیدا واتە كشتوكاڵ و ئاژەڵداریت نامێنێت، یان بە لایەنی كەم تووشی كێشە و كەمبوونەوە دەبێت، هەر بۆیە بیرمان لەوە كردەوە و داواشمان لە حكومەتی كوردستان كرد كە هەستێت بە دروستكردنی بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوەكانی هەولێر و هاوشێوە بۆ پارێزگاكانی دهۆك و هەڵەبجە و سلێمانی دروست بكرێت، چونكە بۆ ئیدارەدانی بەنداوەكانی دووكان و دەربەندیخان و دهۆك بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوەكان هەیە، ئەگەرچی چەندین بەنداوی دیكە بەتایبەتی مامناوەند و بچووك دروست كراون، كە پێویستیان بە ئیدارەدان هەیە لە ڕێگای ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی بەنداوەكان كە پێشنیارمان كردوە بۆ پارێزگاكان. هەروەها دەكرێت بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوی دووكان ناوەكەی بگۆڕدرێت بۆ بەنداوی پارێزگای سلێمانی و لەوبارەوە تەنیا پێویستمان بە هەیكەلی بەڕێوەبەرایەتیی بەنداوەكانە و ستافەكە هەمووی هەیە و بارگرانیش لەسەر حكومەت دروست ناكات،

**تەنیا چارەسەری ئاوی قورسەكە كە كارگەی ریسایكلینە بری ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان كراوە**

**وێستگەی بەرهەمهێنانی كارەبا و دابەشكردنی كاری باشی لەسەر كراوە، بۆ ئەوەی ماوەی پێدانی كارەبا بە خەڵك زیاتر و باشتربێت**

**لەم وەرزی زستانە بۆ ئەوەی كەمترین گرفت هەبێت و ماوەی پێدانی كارەباكەش زیاتر بێت، هەر هاوبەشێكی كارەبا بە بێ جیاوازی ٣٠ ئەمپیر كارەبای لە ڕێگای كاتژمێری زیرەكەوە پێ دراوە**



**دکتۆر مەحموود ئەلداغر**
شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# ناجێگیریی نرخی دینار بەرامبەر دۆلار تەنیا بە هەماهەنگیی نێوان بانکی ناوەندی و حکومەتی فیدراڵ چارەسەر دەبێت

**دکتۆر مەحموود ئەلداغر شارەزا و پسپۆڕی بواری دارایی و ئابووری و کەسایەتیی ناسراوی عێراقی، لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا جەخت لەسەر مەترسیی ناجێگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دەکاتەوە، هۆکار و دەرئەنجامەکان و ئەو میکانیزمانەشی ڕوون دەکاتەوە کە بانکی ناوەندیی عێراقی بۆ جێگیربوونی نرخی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی پەیڕەوی کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی باسی بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ی عێراقی کرد و بۆ دەربازبوون لە زۆربەی کێشە و گرفتە ئابوورییەکان بە باشترین هەلی لە قەڵەم دا. لێرەدا دەقی وەڵامەکانی ئەم شارەزایەی دارایی و ئابووریی عێراق بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەك شارەزا و پسپۆڕێکی دیاری بواری دارایی و ئابووریی عێراق، ئایا هۆکاری شکستی ئەو میکانیزمانە لە چیدا دەبینن کە بانکی ناوەندیی عێراق بۆ جێگیرکردنی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی جێبەجێی کرد؟**

- هەموو ئەو میکانیزم و هەنگاوانەی بانکی ناوەندیی عێراق بۆ جێگیربوونی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی جێبەجێی کرد، ئەگەرچی میکانیزم و هەنگاوی باش و کەم نەبوون، بەڵام نەتوانرا نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی جێگیر بکات. ناجێگیریی بەهای دینار کێشەیەکی گەورەیە ڕووبەڕوومان بووەتەوە، چاوەڕوانیش ناکرێت بەو میکانیزمانە بتوانرێت بەهای دینار بەرامبەر دۆلار لە بازاڕە ناوخۆییەکانی عێراقدا جێگیر بکرێت. کێشەکە لە دۆلاری نەخت، یان کاشدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەو بڕە دۆلارەدایە کە پێویستمانە لە ڕێگەی حەواڵە و سەنەداتەوە، بۆ مەبەستی هێنانی کاڵا و شمەك دەستمان بکەوێت، ئەوەتا ڕاوەستانێکی نیمچە تەواو لە حەواڵە و ئەو بڕە دۆلارە دروست بووە کە بانکەکە پێویستە بیدەنە ئەو بازرگان و بزنێسکارانەی شمەك و پێداویستییەکان لە دەرەوەی وڵات دەهێنن، بەمەش خستنەڕووی دۆلار بۆ مەبەستی هێنانی کاڵا و شمەك لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا کەمی کردووە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواست لەسەر دۆلار لە ناوخۆ و وڵاتانی دەوروبەریشماندا.

*** ڕاستە خستنەڕووی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە بە کۆمەڵێك هۆکار کەمی کردووە، بەڵام بانکەکە ڕایگەیاندووە بڕە دۆلارێکی زیاتر دەخاتە بازاڕەوە، بەتایبەتی ڕاستەوخۆ دەیداتە ئەو بازرگان و هاووڵاتیانەی پێویستیانە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم هەنگاوەش نەبووە هۆی گەڕانەوەی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ نرخەکانی پێشووی، یان هەر هیچ نەبێت، بەهاکەی جێگیر بێت؟**

- نزیکەی هەفتەیەکە بانکی ناوەندیی عێراق دەستی کردووە بە خستنەڕووی بڕە دۆلارێکی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی پێویستیانە لە هاووڵاتیانی عێراقی، بەتایبەتی ئەوانەی گەشت دەکەن بۆ مەبەستی بازرگانی و گەشتوگوزاری و خوێندن و نەخۆشی، ئەم هەنگاوەش تا ڕادەیەك کاریگەرییەکی کەمی لەسەر دابەزینی بەهای دۆلار و کەمکردنەوەی شوێنەواری قەیرانەکە بووە، قەیرانەکەش لەو بڕە دۆلارەیە کە بۆ مەبەستی هێنانی کاڵا و شمەك لە دەرەوەی وڵات پێویستمانە، نەك لە دۆلاری نەختینەیی.

*** زۆر لە چاودێرانی دارایی و نەختینەیی ئەم ناجێگیری و هەڵکشانی بەهای دۆلارە بەرامبەر دینار بۆ ئاودیوکردنی دۆلار دەگەڕێننەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان، ئایا کێ لەپشت ئەم سەرپێچی و جموجووڵە نەبینراوەدایە؟**

- عێراق سیستەمی نرخی جێگیر بەکار دەهێنێت، واتا دراوەکەمان بە نرخی ١٤٦٠ و لە بازاڕدا ئەم نرخە دەبێتە ١٤٧٠، بەمەش

**ناجێگیریی بەهای دینار کێشەیەکی گەورەیە ڕووبەڕوومان بووەتەوە، چاوەڕوانیش ناکرێت بەو میکانیزمانە بتوانرێت بەهای دینار بەرامبەر دۆلار لە بازاڕە ناوخۆییەکانی عێراقدا جێگیر بکرێت**

**نزیکەی هەفتەیەکە بانکی ناوەندیی عێراق دەستی کردووە بە خستنەڕووی بڕە دۆلارێکی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی پێویستیانە لە هاووڵاتیانی عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی گەشت دەکەن بۆ مەبەستی بازرگانی و گەشتوگوزاری و خوێندن و نەخۆشی**

**چوار بانک لە عێراقدا سزا دران، لە ئاکامی سەرپێچیکردن لە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی بانکی ناوەندیی فیدراڵی، بەمەش قەیرانێکی نوێ دروست بوو، کە من ناوم لێ ناوە «قەیرانی متمانە» لەنێوان سێ لایەنی حکومەتی فیدراڵی و بانکی ناوەندی و مەسرەفەکان**

**پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم لەگەڵ ناوەند و حکومەتی فیدراڵ و بانکی ناوەندی هاوکاری یەکتر بن و مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی ڕاستەقینە بکەن، لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو حەوالانەش بکرێت کە نادروست و نازانستین**

**دەبێت بازرگانە ڕاستەقینەکان برواپێدانی بانکی(ائتمان مصرفي) بۆ وەرگرتنی حەواڵە بکەنەوە، نەوەکو بەم شێوازەی ئێستا کە بۆ هێنانی کاڵا و شمەک لەدەرەوە پشت بە سەرافەکانی ئاڵوێری دراو ببەسترێت**

**ئێمە لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر و نائارامداین، چەندین وڵات گەمارۆی ئابووری و داراییان لەسەرە، بۆیە دەبێت پشت بەتواناو بەرهەمی ناوخۆمان ببەستین و لە مەسەلەی حەواڵە و دابینکردنی دراوی قورسدا پشت بە سەڕافەکان نەبەستین**

بازاڕ پابەندبوونێکی دەکەوێتە ئەستۆ، بەوەی ڕێگری بکرێت لە ئاودیوکردنی ئەو دراوە بیانییەی کە بانکی ناوەندی نرخەکەی جێگیر کردووە بەرامبەر دینار، ڕەنگە تەنیا بۆ مەبەستی ئاودیوکردنی دۆلار نەبێت، بەڵکو بۆ ڕێگاگرتن بێت لە قۆرخکاری و بەدەستهێنانی قازانج لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی، ئەوە بوو چوار بانک لە عێراقدا سزا دران، لە ئاکامی سەرپێچیکردن لە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی بانکی ناوەندیی فیدراڵی، بەمەش قەیرانێکی نوێ دروست بوو، کە من ناوم لێ ناوە «قەیرانی متمانە» لەنێوان سێ لایەنی حکومەتی فیدراڵی و بانکی ناوەندی و مەسرەفەکان، پێویستە بە هاوشێوەی سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتوو هەنگاوی ڕاست و شێواز و ڕێگای گونجاو بگرینەبەر لەپێناو عێراق و هاووڵاتیان، نەوەك ئاودیوکردنی دۆلار بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عێراق. بە بڕوای من بانکی ناوەندی هەنگاوی گونجاو دەگرێتە بەر بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و هەڵێك پێشکەش عێراق دەکات، بە لایەنی کەم بۆ گەڕانەوەی شێوازی ڕاست و دروستی هەناردەکردن لە ماوەی سێ مانگدا، نابێت وا بیر بکەینەوە لە چەند ڕۆژێکدا قازانج بکەین و چەندین مانگ وساڵیش زیان بکەین، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم لەگەڵ ناوەند و حکومەتی فیدراڵ و بانکی ناوەندی هاوکاری یەکتر بن و مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی ڕاستەقینە بکەن، لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو حەوالانەش بکرێت کە نادروست و نازانستین. کۆتاییهاتنی قەیرانی ناجێگیری بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی پێویستی بە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن هەیە لەگەڵ بانکی ناوەندیی فیدراڵی بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئاسان و مومکین لە عێراقدا بۆ حەواڵە و بڕواپێدانی بانکی، گرفتەکە لەوەدا بوو، بانکی ناوەندیی فیدراڵی بە شێوەیەکی زۆر خێرا گۆڕانکاری لە شێوازی حەواڵە و وردبینی کرد، ئەمەش وای کرد حەواڵەکردنی دۆلار بۆ دەرەوە قورس بێت و بانکی ناوەندییش خستنەڕووی دۆلاری کەم کردەوە، بە هۆی کەمبوونەوەی داواکاریی بانکەکان لەسەر دۆلار و قورسیی حەواڵەکردنی دۆلار بۆ دەرەوەی سنوورەکان، ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانە وای کرد، خستنەڕووی دۆلار لە بازاڕەکاندا کەم ببێتەوە، نرخەکەشی بۆ سەرووی ١٥٥٥ دینار بەرز ببێتەوە و کاریگەریشی لەسەر بازاڕ هەبوو.

*** کەواتە ئەم تێکچوونەی جێگیربوونی نرخی بەهای دینار بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لەسەر بازاڕ و هەڵاوسان ئایا زۆر مەترسیدار دەبێت؟**

- بە بۆچوونی من تاکو ئێستا شوێنەوارەکانی ئەم ناجێگیربوونەی نرخی دینار بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دیارو ڕوون نییە، ڕاستە بازاڕەکان جۆرێك لە ناجێگیریان پێوە دیارە و جامبازەکان یاری بە بەهای دۆلار بەرامبەر دینار دەکەن، بۆیە پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی فیدراڵ بکرێت، بۆ ئەوەی میکانیزمێکی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی دۆلار بۆ هێنانی کاڵا و شمەك لە دەرەوەی وڵات، لە بری پشت بەستن بە دۆلاری کاشی ناو بازاڕ کە ئێستا بەم شێوازە هێنراوەکان دەهێنرێن و مەترسییەکی گەورە لەخۆ دەگرێت، بەو ئومێدەی بەم نزیکانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.

*** پێت وانییە چارەسەری ناجێگیریی بەهای دینار بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی تەنیا بە ئومێد نابێت؟ ئایا ئەم کێشەیە بەم نزیکانە چارەسەر دەبێت؟**

- چارەسەری ئەم ناجێگیرییەی نرخی دراوی نیشتمانی تەنیا بە هەماهەنگیی نێوان بانکی ناوەندی و حکومەتی فیدراڵ دەبێت، بەوەی دەسەڵاتدارانی نەختینەیی لە بانکی ناوەندی و بە هەماهەنگی و پاڵپشتیی حکومەتی فیدراڵی شێواز و میکانیزمێکی نوێی حەواڵە و خستنەڕووی دۆلار بۆ بازرگانانی ڕاستەقینە و بانکی متمانەپێکراو بخەنە بەردەست، بە لانی کەم تاوەکو سێ مانگ هەموو ئەم بوارانە ڕێك بخرێنەوە و دەبێت بازرگانە ڕاستەقینەکان بڕواپێدانی بانکی (ائتمان مصرفي) بۆ وەرگرتنی حەواڵە بکەنەوە، نەوەکو بەم شێوازەی ئێستا کە بۆ هێنانی کاڵا و شمەك لەدەرەوە پشت بە سەڕافەکانی ئاڵوێری دراو ببەسترێت.

*** بەڵام پێت وانییە هەموو ئەم هەوڵە دارایی و ئابوورییانە لە وڵاتێکدا کە بە ئاودیوکردنی**




**پارە و نەوت و سپیکردنەوەی پارە و گەندەڵی ناسراوە، هەر وا کارێکی ئاسان بێت؟**

- مەسەلەیەکی عەرەبی هەیە، دەڵێت: ڕەنگە شتێکی خراپیش هەر سوودێکی هەبێت، چونکە ئەگەر لەسەر ئەم شێوازە و حاڵەتە بەردەوام بین، قەیرانی زۆر زیاتر و گەورەتر بەڕێوە دەبێت، دەبێت هەمووان پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بین لە نێوان بازرگانانی ڕاستەقینە و بانکە ناحکوومییەکانی متمانەپێکراو، لەبری ئەوەی پشت بە سەڕافەکانی ئاڵوێری دراو و بازاڕەکانی دراو ببەستین، ئێمە نامانەوێت بانکێکی دیکە لەکار ڕاوەستێت، ئێمە لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر و نائارامداین، چەندین وڵات گەمارۆی ئابووری و داراییان لەسەرە، بۆیە دەبێت پشت بەتواناو بەرهەمی ناوخۆمان ببەستین و لە مەسەلەی حەواڵە و دابینکردنی دراوی قورسدا پشت بە سەڕافەکان نەبەستین.

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە پەسەندکردنی بودجەی گشتیی عێراق کە بودجەیەکی گەورەیە، تاکە ڕێگەیە بۆ دەربازبوونی عێراق لە زۆر لەو کێشە و گرفتە ئابووری و داراییانەی تووشی بووە، ئایا تا چەند بودجەی گشتیی عێراق فریادڕەسی هەموو ئەم قەیران و کێشە دارایی و ئابوورییانە دەبێت؟**

- بودجەی گشتیی ٢٠٢٣ نەخشەڕێگاو هێزێکی داراییە کە سیاسەتی ئابووریی حکومەتی نوێی عێراقی پێ جێبەجێ دەکرێت، زۆربەی وردەکاریی و سیمای سەرەکیی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بووە و عێراق لەبەردەم گەورەترین بودجەی گشتی لەمێژووی خۆیدایە،کە خۆی لە ١٤٠-١٥٠ تریلیۆن دینار دەدات و کورتهێنانی تێدا نییە، ئەم داهاتە زۆرەش بۆ بەرزیی بەهای نەوت و زۆریی داهاتی فرۆشتنی نەوتی ٢٠٢٢ و جێبەجێ نەکردنی زۆربەی پڕۆژەکان لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە، هەر خۆی لەخۆیدا داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ١٥٥ ملیار دۆلار بووە، ئەم بڕە پارە و داهاتانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر سێکتەرە جۆراوجۆرەکان و پارێزگا و هەرێمەکاندا دابەش بکرێت، عێراق زۆرترین پڕۆژە و وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

**زۆربەی وردەکاریی و سیمای سەرەکیی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە ئەنجومەنی وەزیران تەواو بووە و عێراق لەبەردەم گەورەترین بودجەی گشتی لەمێژووی خۆیدایە،کە خۆی لە ١٤٠-١٥٠ تریلیۆن دینار دەدات و کورتهێنانی تێدا نییە**

**داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ١٥٥ ملیار دۆلار بووە، ئەم بڕە پارە و داهاتانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر سێکتەرە جۆراوجۆرەکان و پارێزگا و هەرێمەکاندا دابەش بکرێت، عێراق زۆرترین پڕۆژە و وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت**



پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە جیهان محەمەد فەتاح بۆ گوڵان:

# کوردستان شوێنی شیاوی بۆ بەنداوی گەورە و ستراتیژی هەیە

دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئاو یەکێکە لە بایەخە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی ڕەهەندەکانی پرسی ئاو لە ڕووی زانستییەکەیەوە و لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمییەوە، بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە جیهان محەمەد فەتاح سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی سەرچاوەکانی ئاو لە زانکۆی سەلاحەدین، لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** لە سەرەتادا دەمانەوێت بزانین لە وڵاتێكی وەك هەرێمی كوردستاندا، گرنگیی ئاو لە چیدایە و چۆن دەتوانین پارێزگاری لێ بكەین و دەستی پێوە بگرین؟**

- جگە لەوەی وەك گوتراوە «ئاو و ئاوەدانی»، ئەوە ئاو وەك هیچ پێداویستییەكی دیكە نییە بۆ مرۆڤ و بوونەوەرەكان، لە لایەكی دیكەوە ئاو كەم بێت كێشەیە و، زۆر بێت هەر كێشەیە، لە هەر شوێن و كاتێكیشدا ئاو نەبێت، ئەوە كێشەكە یەكجار گەورەیە و ناكرێت ئاویش بە تانكەر لە وڵاتانەوە بهێنرێت، هاوكات ئاوی كوردستان ئاوێكی شیرینە و لەگەڵ ئاوی زۆربەی وڵاتانی دونیا بەتایبەت وڵاتانی ئەورووپا بە نموونە بەریتانیا جیاوازە، ئەو ئاوەی لە بارانی كوردستانیش دەبارێت، هەمدیسان شیرینە و كەچی ئاوی بارانی بەریتانیا ترشە لەو كاتەی دەكەوێتە سەر پەڵكی دار و درەخت وشكیان دەكات، هەر بۆیە پێویستە ئاو بە شێوەیەكی گشتی ئیدارەدانی نەكەوێتە بەردەستی خەڵكی ئاسایی، بەڵكو لەژێر چاودێریی حكومەت و لایەنی پەیوەندیداری شارەزا و پسپۆڕدا بێت، بۆ پارێزگاری لە ئاو و دەستپێوەگرتنی چەندین ڕێگا و سیستەم هەیە لەو سەردەمەی ئێستا كە دەتوانین لە هەرێمی كوردستان جێبەجێی بكەین، یان وەك پرۆژە پلان و بەرنامەی بۆ دابنرێت، لەو كارانەی كە دەتوانرێت بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوی باران وەربگیرێت لە ناو شار و گەڕەكەكان، دانانی سیستەمێكە كە ئاو لە سەربانی خانووەكان كۆدەكاتەوە و بە بۆڕییەك دێتەخوارەوە كە دەتوانرێت لە ئاودانی باخچەی ماڵەكان و سەوزایی گەڕەكەكان بەكاربهێنرێت، یان بە بۆڕی بخرێتەوە ژێر زەوییەوە، هەروەها لە گوندەكانیش بەتایبەت ناوچە شاخاوی و بەفرییەكان جگە لە ڕێگای ئاوڕێژی ئاودێری و پۆنت، دەتوانرێت ئاوی بارانبارین سوودی زۆری لێ وەربگیرێت، هاوكات دەتوانرێت ئەو ئاوەی لە تواندنەوەی بەفرەوە بەتایبەت لە وەرزی بەهار و هاوین دروست دەبێت، كۆبكرێتەوە. هەروەها كۆمەڵگەی كوردەواری كۆمەڵگەیەكی ئیسفەنجییە لە ڕووی بەكارهێنانی ئاوەوە، واتە بەپێی ئەو ئاوەی دەستمان دەكەوێت، ڕۆژانە ئەوە بەكار دەهێنین، بۆیە زۆر پێویستە ئەو ئاوەی چ لەسەر زەوی و چ لە ژێر زەوی بۆ خەڵك دابین دەكرێت، بڕەكەی بەپێی ستانداردی جیهانی بێت، تاوەكو خەڵك زیاد لە ڕێژەی گرنگ و پێویستی خۆیان بە كاری نەهێنن، ئەمەش پێویستی بەوەیە كە حكومەت هەموو هاوبەشێكی ئاو لە ماڵەكانیان پابەند بكات بە بەستنی پێوەری ئاو و دانانی تەوافە لەسەر تانكییەكانیان، بۆ ئەوەی ئاو بە هەدەر نەدرێت.

*** ئایا جگە لە ئاوی ژێر زەوی كە لە شارێكی وەك هەولێر دابەشی سەر سێ حەوز كراوە، چەند سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی لە هەرێمی كوردستان هەیە و گرنگترین كارو پڕۆژە بۆ پاراستنی سەرچاوەكانی ئاو چییە؟**

- دوو جۆر سەرچاوەی ئاومان هەیە، ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی، كە ئاوی سەر زەوی بریتین لەو جۆگە و ڕووبار و دەریایانەی كە هەن. ئەو سەرچاوە ئاوانەی سەر زەوی كە بەرچاو و كاریگەرن لەسەر ژیان لە هەرێمی كوردستان، بریتین لە زێی سیروان و زێی بچووك و زێی گەورە و زێی بادینان، ئەو زێیانە بەگشتی زۆر گرنگن بۆ هەرێمی كوردستان، بەڵام بە بۆچوونی من زێی گەورە (خەبات، یان كەلەك) لەهەر هەموو ئاوەكانی سەر زەوی لە هەرێمی كوردستان گرنگترە، چونكە ئەو ئاوە تا ئێستا زۆر پاك و خاوێنە و كەمترین پیسی تێكەڵی بووە، بەتایبەت هیچ ماددەیەكی پترۆكیمیاییش تێكەڵی ئەو زێیە نەبووە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری ئاوی ئیفراز بكەین، كە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێرە و لە ڕێگای پڕۆژەی (ئیفرازی یەك و دوو و سێ) ئاو بۆ هەموو شاری هەولێر دابین دەكات، ئاوەكە بەتایبەت دوای ئەوەی بە میكانیزمی سیستەمی پڕۆژەكەدا دەڕوات، زۆر بە خاوێنی و بەبێ كێشە دەگاتە ناو ماڵان، بەتایبەت لە ڕووی تەندروستییەوە زۆر گونجاوە بەكارهێنانی و لە ناو ماڵەكاندا دەتوانرێت بەبێ فلتەر بەكار بهێنرێت، كە ئەمەش بۆ سەرچاوەی ئاوەكە دەگەڕێتەوە، كە زێی گەورەیە. ئەم سەرچاوەیە بەپێی توێژینەوەكان و ئاماژەی شارەزایانی بیانی دواسەرچاوەی ئاوی خاوێنە لە ناوچەكە و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئاوی سیروان و زێی بچووك یان (حەمرین) لەبەر ئەوەی بەنداویان

**ئاو كەم بێت كێشەیە و، زۆر بێت هەر كێشەیە، لە هەر شوێن و كاتێكیشدا ئاو نەبێت، ئەوە كێشەكە یەكجار گەورەیە و ناكرێت ئاویش بە تانكەر لە وڵاتانەوە بهێنرێت**

**لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی كوردستان بەتایبەت شەخسی ڕێزدار سەرۆكی حكومەت زۆر بە تەنگ ئەوەیە كە ئاسایشی ئاو دابین بكات**

**كۆمەڵگەی كوردەواری كۆمەڵگەیەكی ئیسفەنجییە لە ڕووی بەكارهێنانی ئاوەوە، واتە بەپێی ئەو ئاوەی دەستمان دەكەوێت، ڕۆژانە ئەوە بەكار دەهێنین**

لەسەر کراوە، بۆیە زۆر خاوێن نین و سوودیشیان زۆر بۆ هەرێمی کوردستان نییە، لەلایەکی دیکەوە ئەو سەرچاوانەی ئاوی سەر زەوی پێویستیان بە پاراستنە، بەتایبەت بە ڕێگای دوورینەوەی ئاوی (ڕێن وێتەر هارڤێستینگ)، بۆ ئەمەش دەبێت بەنداو دروست بکرێت، لە هەندێ شوێنیش وەك بەستۆرە دەتوانرێت بەنداوی ژێر زەوی دروست بکرێت، کە ئەمەش سیستەم و تەقەنییەکی تازەیە لە جیهان و ئێستا بۆ پاراستنی ئاوی سەر زەوی دروست دەکرێت، کە کاریگەری لەسەر پاراستنی ئاوی ژێر زەوییش دەبێت. دروستکردنی بەنداوی ژێر زەوی گران و زەحمەت نییە، بەڵام ئەوەی لەو بەنداوە زەحمەتە، دیاریکردن و دۆزینەوەی شوێنی ئەو جۆرە بەنداوانەیە، لەو بارەوە بە نموونە بەستۆرە شوێنێکی زۆر گونجاو و پێویستە بۆ بەنداوی ژێرزەوی کە دەبێتە هۆی پاراستنی سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی. هەروەها دەتوانین لە چەندین شوێنی هەرێمی کوردستان لە بەنداوی بچووکتر، وەك ئەوەی ڕێزان کە پێی دەگوترێت «ویل و بەراج» دروست بکرێت و، دەتوانرێت بەنداو لەو شوێنانەش دروست بکرێت کە یەك وەرز ئاویان پێدا بڕوات، ئەو ویل و بەراجەی لە ڕێزان دروست کراوە، لە کاتێکدا بەنداوی بێخمە دروست بکرێت، ئەوە ژێر ئاو دەکەوێت. لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، زۆر پێویستە بەنداوی بێخمە دروست بکرێت و لە کۆنگرەیەکدا کە وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراقیش ئامادەی بوو، من تەئکیدم لەوە کردەوە کە پێویستە بە هەر جۆرێك بێت، بەنداوی بێخمە دروست بکرێت. لە دەستپێکردنیشی من سەرپەرشیاری بووم، ئەگەرچی پارەیەکی زۆر بەو کۆمپانیایانە دراوە کە کاریان لە بەنداوەکە کرد، دروستکردنی بەنداوەکە بەو شێوەیە نییە، گوایە کاریگەریی خراپی لەسەر ناوچەکە بەتایبەت دەڤەری بارزان دەبێت، بەڵکو ناوچەی بارزان سرووشتەکەی بە شێوەیەکی وایە، بە دروستکردنی ئەو بەنداوەش پارێزراو دەبێت و ژینگەکەشی وەك خۆی بە جوانی و پاك و خاوێنی دەمێنێتەوە لە هەموو ڕووێکەوە، هەر لە پاراستنی سرووشتەکەی، هەم لە پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندە و گیانەوەرەکان، لە لایەکی دیکەوە میللەتی کورد بەگشتی و ناوچە و دەڤەری بارزان بەرگەی ئەوە ناگرن کە جارێکی دیکە هەموو گوند و ناوچە و سرووشتەکەی وێران بێت و دابڕمێت، هەر بۆیە دیزاین و هەنگاوی زۆر باش و گونجاو و سەرکەوتوو هەیە، کە بەنداوی بێخمە دروست بکرێت، کە دەبێتە هۆکارێکی زۆر گەورە و کاریگەر بۆ پاراستنی ئاوی زێی گەورە و ئاوی ژێر زەوی و ئەو حەوز و سنوورانە، هەروەها لە بەنداوی بێخمە دەتوانرێت بڕێکی زۆر کارەبا بەرهەم بهێنرێت، هاوکات دروستکردنی بەنداوی بێخمە دەبێتە یەکێك لەو هۆکار و بنەمایانەی کە کەرتی گشتیاری و کشتوکاڵی لە هەرێم پێ دەنێتە قۆناغێکی بەرچاو لە گەشە و پێشکەوتنی. لەلایەکی دیکەوە بە دروستکردنی بەنداوی بێخمە هەرێمی کوردستان بەشێکی گەورە لە ئاسایشی ئاو دەستەبەر دەکات، بەڵام بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە، دەبێت سەرلەنوێ دیزاین بکرێتەوە و واز لەو دیزاینە کۆنە بێنن کە بۆی کراوە، هەرچەندە لە٣٠٪ی پڕۆژەکە بە چوار تۆنێلەوە تەواو بووە. ئەو شوێنەی بەنداوی بێخمەی تێدا دروست دەکرێت، زۆر گرنگ و ستراتیژییە و بڕبڕەی پشتی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەت لە ڕووی ئاوی سەر زەوییەوە، چونکە لەو شوێنەدا زێی ڕەواندز و بادینان یەکتر دەگرن، لە پاشان دێتە خوارێ بۆ ئەو ناوچە و سنوورانە کە باشترین شوێنی کشتوکاڵین، چ دەڤەری هەریر، چ خەبات و خوارتری. هەروەها یەکێك لەو جیاکارییانەی لە بەنداوی بێخمەدا هەیە، ئەوەیە کە دوو لە تۆنێلەکانی بۆ مەبەستی ئاودێری دروست کراون. هەروەها پاش دروستکردنی هەر بەنداوێك ئەوە کاری پڕۆژەکە بەوە تەواو دەبێت کە لێوار و ئاوڕێژییەکانی بە باشی دروست بکرێت، کە نەبێتە هۆی داڕمان و تێکچوونی لێواری بەنداوەکە کە سوودی دیکەشی بۆ گەشتیاری و ئاودێری دەبێت. هاوکات پاش تەواوبوونی بەنداوەکە لەلای خوارەوەی هەر چەند کیلۆمەترێك نێوانیان بێت، دەبێت ویل و بەراج دروست بکەین کە لە ڕێگای ئەمانەش بڕێکی باشی ئاو بۆ سنوورەکان کۆ دەکرێتەوە و سوویان لێ وەردەگیرێت.

**پێویستە ئەو ئاوەی چ لەسەر زەوی و چ لە ژێر زەوی بۆ خەڵک دابین دەکرێت، بڕەکەی بەپێی ستانداردی جیهانی بێت، تاوەکو خەڵک زیاد لە ڕێژەی گرنگ و پێویستی خۆیان بە کاری نەهێنن**

**حکومەت هەموو هاوبەشێکی ئاو لە ماڵەکانیان پابەند بکات بە بەستنی پێوەری ئاو و دانانی توافە لەسەر تانکییەکانیان، بۆ ئەوەی ئاو بە هەدەر نەدرێت**

**ئاوی سیروان و زێی بچووک یان (حەمرین) لەبەر ئەوەی بەنداویان لەسەر کراوە، بۆیە زۆر خاوێن نین و سوودیشیان زۆر بۆ هەرێمی کوردستان نییە**

**بە دروستکردنی بەنداوی بێخمە هەرێمی کوردستان بەشێکی گەورە لە ئاسایشی ئاو دەستەبەر دەکات**

*** بە شێوەیەکی گشتی پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بکات بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و ئایا تا ئێستا چ هەنگاوێك لەو بارەوە نراوە؟**

- هەرێمی کوردستان شوێن و ناوچەی زۆر گونجاو و شیاوی هەیە بۆ بەنداوی گەورە و ستراتیژی، هاوکات لە زۆربەی ناوچە و گوندەکان بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و بەفر، دەتوانرێت پۆنتی قەبارە جیاجیا دروست بکرێت، وەك لایەنی ئەکادیمی کە من دەیبینم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان بەتایبەت شەخسی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت زۆر بە تەنگ ئەوەیە کە ئاسایشی ئاو دابین بکات، بۆ ئەو مەبەستەش بە کردار دەست بە کارەکان کراوە و، دروستکردنی چەندین بەنداوی گەورە و ستراتیژی دەستی پێ کراوە، چەندانی دیکەش خراونەتە بەرنامە و بودجەی باشیان بۆ تەرخان کراوە، هاوکات پاڵپشتی و هاوکاریی جووتیاران و ئەو کەسانە دەکرێت کە پۆنت دروست دەکەن بۆ گلدانەوەی ئاو، هەموو ئەو جۆرە پڕۆژانە چ بە نداوەکان و چ پۆنتەکان دەبنە هۆی جێگیرکردن و پاراستنی ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی و هەر بەو جۆرە پڕۆژانە جگە لەوەی تووشی کارەسات و ڕووداوەکانی لافاو و سرووشتی نابینەوە، بەڵکو دەبنە بنەمای بەرەوپێشەوەچوونی کەرتی گەشتیاری و کشتوکاڵی و ئاودێری لە هەموو هەرێمی کوردستاندا و، بەو جۆرە پڕۆژانەی کە ئێستا لە بەنداوەکاندا دەستی پێ کردووە، هەرێمی کوردستان خۆی لەو مەترسی و کێشە و تەنگەژانە بە دوور دەخاتەوە، کە وڵاتانی دراوسێ لە گرتنەوەی ئاوی زێیەکان وەك فشار لەسەرمان دروستی دەکەن.

*** ئایا چی دیکە جگە لە بەنداو و پۆنت پێویستە بۆ پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بەتایبەت لە ڕووی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی ئەندازیاری؟**

- زۆر پێویستە گرنگی بە بەشی ئەندازیاریی سەرچاوەکانی ئاو بدرێت لە زانکۆکاندا و لەو زانکۆیانەی هەرێمی کوردستان کە ئەو بەشیان نییە، هەروەك ئەوەی کە ئەمساڵی خوێندن لە زانکۆی سۆران و شوێنی دیکە کرایەوە، هاوکات هەوڵ بدرێت کە ئێستا لە زانکۆکان سیستەم و پڕۆگرام هەردووکیان گۆڕاون و هاوچەرخ کراون، دەبێت قوتابیانمان لە ساڵی کۆتایی لە قۆناغی چوارەم، مەیدانی کار بکەن، نەك هەر یەکەی بە ئارەزووی خۆی لەسەر هاوکێشەیەك بە سوودوەرگرتن لە ئەنتەرنێت توێژینەوەمان بۆ ئامادە بکات، لەلایەکی دیکەوە پێویستە هانی قوتابیان بدرێت کە ڕوو لەو بەشەی ئەندازیاریی سەرچاوەکانی ئاو بکەن، نەك وەك ئەمساڵی خوێندن کە بەشەکەی ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدین یەك قوتابیشی وەرنەگرتووە، ئەمە هۆکارێکە بۆ ڕەوانەوەی قوتابیان لەو زانستە بەهەر هۆکارێك بێت، هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی توێژینەوەی ئاو و ژینگە دابمەزرێنێت، پڕۆژەی ئاودێریی زیاتر و جدیتر گرنگی پێ بدرێت، بە شێوەی هونەری کە ئاوی زۆر پێویست نییە و هەندێ لەو پڕۆژانە وەك ئەوەی سەر زێی گەورە لە خەبات هەیە، بە دوو قۆناغ ٤٠ هەزار دۆنم ئاو دەدات، هەر بۆیە پێویستە ئەو جۆرە ئاودێرییانە لە ناوچەی دیکەش لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێن. هەر بۆیە ئەو سەنتەری توێژینەوەی ئاوە زۆر پێویستە دابمەزرێت، تاوەکو بەپێی زانستی و پێویست پلان بۆ کار و پڕۆژەکان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم دابنین. لەلایەکی دیکەوە دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە بوونی مەزرەعەکان کە هەر یەکەی بیرێك، یان زیاتری لێ داوە، بەتایبەتی جۆرە بیرێك هەیەك بە قووڵی زۆرە و کاریگەریی خراپ لەسەر دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی دروست دەکات. بوونی ئەو هەموو بیری ئاوە لە ناو شار و گەڕەکەکان و بەهەدەردانی ئاو بە چەندین ڕێگا و هۆکاری دیکە، بوونەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێم، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر. هەروەها پێویستە حکومەت ڕێگا لە باڵەخانەی بەرز و ستوونی و چەند نهۆمی بگرێت لە شار و ناوچەکانی وەك شەقلاوە و باڵەکایەتیی بارزان و چەندین شوێنی دیکە، لەو شوێنانە پێویستە خانوو، یان باڵەخانەکان لە دوو نهۆمی یان، سێ نهۆمی زیاتر نەبێت.

**لە زۆربەی ناوچە و گوندەکان بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و بەفر، دەتوانرێت پۆنتی قەبارە جیاجیا دروست بکرێت**

**دەبێت قوتابیانمان لە ساڵی کۆتایی لە قۆناغی چوارەم، مەیدانی کار بکەن، نەک هەر یەکەی بە ئارەزووی خۆی لەسەر هاوکێشەیەک بە سوودوەرگرتن لە ئەنتەرنێت توێژینەوەمان بۆ ئامادە بکات**

**پێویستە هانی قوتابیان بدرێت کە ڕوو لەو بەشەی ئەندازیاریی سەرچاوەکانی ئاو بکەن، نەک وەک ئەمساڵی خوێندن کە بەشەکەی ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدین یەک قوتابیشی وەرنەگرتووە**

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی توێژینەوەی ئاو و ژینگە دابمەزرێنێت**

# ڕۆڵی ژنانی کورد لە بازرگانی و کارکردن لە ڕابردوو و ئێستادا

وەکو دیارە ژنان شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە بازرگانی کردن، هەروەها کارکردن، بگرە زۆر جار ڕۆڵی ژنان زیاترە لە پیاوان، ئەوەی کە زۆر جار ڕۆڵی ژنان بزر بووە، لەبەر ئەوەی ژنان کارەکانیان لە ماڵەوە بووە، یان دوور لە بەرچاو بووە. ئەگەر ژنان هاوکاری پیاوان نەبن، بەشێك لە زۆربەی کارەکان پەکیان دەکەوێت.

**ئەگەر ژنان هاوکاری پیاوان نەبن، بەشێک لە زۆربەی کارەکان پەکیان دەکەوێت**

ئەگەر تەماشا بکەین خەدیجە (خوای لێ ڕازی بێت) پێش ئەوەی شوو بە پێغەمبەر (د.خ) بکات، یەکێك بووە لە بازرگانە گەورە و سەرکەوتووەکان، بەڵام پیاوانی ناردووە بۆ وڵاتان بۆ سەرپەرشتیی سامانەکەی.

دەگێڕنەوە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب (خوای لێی ڕازی بێت) کاتێك هەندێك کاڵای کاری دەستی دەبردە بازاڕ بۆ فرۆشتن، دەیگوت ئەوە دایکی حەسەن دروستی کردووە، کەواتە هەم بایەخی بە حەزرەتی فاتیمە دەدا و باسی ڕۆڵی دەکرد، هەم گرنگی بە کاڵای خۆماڵی دەدا .

خودای گەورە لە بارەی بەدەستهێنانی ڕزقی حەڵاڵ دەفەرموێت :

(وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا) [الطلاق:٢-٣].

واتە: هەر کەسێك تەقوایی خوا بکات، ئەوە دەروی لێ دەکاتەوە، ئینجا ڕزقی پێ دەبەخشێت لە ڕێگایەکەوە کە خۆی حیسابی نەکردووە، لەو ڕێگایەوە ئەو قازانج و دەستکەوتەی دەست بکەوێت. مەبەست لەو کەسانەیە کە هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ڕزقێکی حەڵاڵ .

**بەشێک لە ژنانی ئێستا خەریکی بازرگانیکردنن و کۆمپانیا و دووکانیان هەیە و خۆیان سەرپەرشتی دەکەن**

بێگومان ژنانی کورد لە پێشان و لە ئێستاشدا بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی پاروویەکی حەڵاڵن بۆ منداڵەکانیان .

دەربارەی ئەو کەسانەی نانی دەستی خۆیان دەخۆن، پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: «ما أكَلَ أحدٌ طعامًا قطُّ خيرًا من أن يأكل من عمل يده، وإن نبيَّ الله داود عليه السلام كان يأكُلُ من عمل يده».

واتە: هیج کەسێك نانێکی باشتری نەخواردووە لەو نانەی کە بە دەستەکانی خۆی پەیدای کردبێت. ئینجا فەرموی: پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لەسەر) نانی دەستی خۆی خواردووە، کەواتە کەسابەتی کردووە .

خودای گەورە لە (سورة الجمعة) دەفەرموێت: (فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ).


واتە : لە دوای تەواوبوونی نوێژتان (نوێژی هەینی) پەرت و بڵاو بن بە سەر زەوی و لەو بەرەکەتانەی خودای پێی بەخشیون، لێی کۆبکەنەوە (بە حەڵاڵی) دواتر یادی خوا بکەن بۆ ئەوەی سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

**ژنی کورد جاران ئەم کارانەیان دەکرد:**

١. شینایی کردن و بەخێوکردنی ڕەز .
٢. دۆشین و بەخێوکردنی مەڕ و بزن و چێڵ و مانگا.
٣. نانکردن و ئامادەکردنی شێو سێ ژەمە .
٤. مەشکە هەژاندن و دروستکردنی ماست و پەنیر و ژاژی و لۆرك و کەشك و دۆ .
٥. ساوار کوڵاندن و باراش لێکردن .

باراش لێکردن یەعنی جونە ئاش بۆ لێکردنی (ئارد و ساوار و گەنم کوتا و پرۆژ و.. هیتر)

٦. تەشی ڕێستن و دروستکردنی لیفکە.
٧. دروستکردنی ڕایەخ جاجم و لباد و لێف و دۆشەك هەر لە خوری و مووی بزن .
٨. دروستکردنی بەڕ لەو پەڕۆیانەی کە بە کەڵکی بەکارهاتن نەدەهات .



**مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوان وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی**

٩. دروستکردنی حەسیر لە قەمیش .

١٠. دروستکردنی سەبەتە بە داری بی و هیتر .

١١. چاندن و دروستکردنی گێسك بە داری گێسك.

١٢. دارکۆکردنەوە، پێیان دەگوت تێلای دار.

١٣. دروستکردنی کڵاش و کەڕك کر و.. هیتر.

١٤: دروست کردنی تورشی و مەرەباو ئاو تەماتە و هیتر .

١٥. درووماني جلوبەرگ بۆ خۆیان .

زۆر کاری دیکە کە پێشینان کردوویانە. ئەمانەی باسمان کرد، بەشێکی زۆریان بە خۆیان، یان لەلایەن پیاوەکان دەبردرانە بازاڕ و دەفرۆشان، کەواتە ژنانی کورد لە ماڵەوە کارگەیەکی خۆماڵیی بچووك بوون. جگە لەمە کار و کەسابەتێکی حەڵاڵیان کردووە و هاوکاری پیاوەکانیان بوون، بۆیە خودای گەورە خۆشی و بەختەوەری و بەرەکەتی خستبووە ماڵ و تەمەنیانەوە .

**ژنانی ئێستا**

بەشێکیان بەتایبەتی ئەوانەی گوندنشینن، وەکو پێشان بەردەوامن لە خزمەتکردن شان بەشانی پیاوان و دەست ڕەنگینن لە کارەکانیان .

بەشێك لە ژنانی ئێستا خەریکی بازرگانیکردنن و کۆمپانیا و دووکانیان هەیە و خۆیان سەرپەرشتی دەکەن .

لە بەشێکی زۆری مارکێتەکان، یان بەڕێوەبەرن، یان لەسەر کالا و کاشێر کارمەندی سەرکەوتوون .

لە زۆربەی فەرمانگەی حکوومی و ناحکوومی ڕێژەی زۆرینەی لە ژنان پێك هاتووە و لە پیاوان زیاتر سەرکەوتووترن.

ژمارەیەکی زۆری پزیشکی ژنانمان هەیە .لە پەرلەمان ژمارەی ژنان زۆرن و سەرۆکی پەرلەمانیش ژنە و چەند وەزیرێکی ژنیشمان هەیە و لە ناو حزبە سیاسییەکانیش لە پێگەی بەرز پۆستیان هەیە، ئەمانەش هەمووی کارن .

ژنانی ئێستا بە هۆی مووچەکانیانەوە دەورێکی کاریگەریان لە هاوکاریکردنی پیاوەکانیان هەیە.

بەشێك لەو ژنانەی کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، یان منداڵی یەتیمیان هەیە، کاری دەستی دەکەن و بژێوی حەڵاڵ بۆ منداڵەکانیان پەیدا دەکەن .

بەشێك لە ژنانی کورد چێشتخانەی تایبەت بە خۆیانەوە هەیە و هەندێکی دیکەشیان نانەواخانەی نانی تیرییان داناوە و فرۆشیان زۆرە.

بەشێکی دیکە لە ژنانی سەربەرزی کورد لە شەقام و لە ناو بازاڕەکان عەرەبانەیان داناوە و گەس و شیرینی و شتی بچووك دەفرۆشن .

خوێنەری بەڕێز دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، بەشێکی زۆر لە ژنانی ئێستا داویانەتە تەمبەڵی و ئەو کارانەی باسمان کرد، نەك نایکەن و نایزانن ئەنجامی بدەن، بگرە ناوەکانیشیان نازانن، واتە داویانەتە تەمبەڵی بۆیە زۆربەیان نەخۆشن.

جا ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ژنانی کورد لە بەرەوپێش چوونی وڵات و نیشتمانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و هەیە.

ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کە هەندێك لە ژنان و کچانی کورد، خەریکی پەیداکردنی پارە و بازرگانی کردنن بە لەش و لاریان و خەریکی تێك تك و ڕێکلام کردنن بۆ کاڵای ناپەسەند و ناشەرعی و دوور لە تەندروستیی کەلتووری خۆمان، جگە لە ژنان، پیاوانیش خەریکی تێك توك و سناپ چات و هیترن، ئەمەش دەبێتە هۆی دارمانی دارایی وڵات و لە دەستدانی گەنجی وڵات .

**لە زۆربەی فەرمانگەی حکوومی و ناحکوومی ڕێژەی زۆرینەی لە ژنان پێک هاتووە و لە پیاوان زیاتر سەرکەوتووترن**

**ژنانی ئێستا بە هۆی مووچەکانیانەوە دەورێکی کاریگەریان لە هاوکاریکردنی پیاوەکانیان هەیە**



## سەحەر مەحموود زادە:

# ئاواتی گەورەم ئەوەیە دەرفەتی کار بۆ خانمانی کوردستان بڕەخسێنم

**سەحەر کەریم مەحموود، ناسراو بە سەحەر مەحموود زادە، خانمێکی پەنجەڕەنگینی کوردە و لەگەڵ ئەوەی خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمی بیرکارییە، بەڵام تێکەڵ بە جیهانی ئارت و هونەر بووە. چەندین ساڵە سەرقاڵی کاری هونەری و ڕستن و چنین و دروومانە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ (ژن و پیاو) جەوهەر و گەوهەریان کارکردنیانە و لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سەحەر کەریم یەکی ڕەزبەری ساڵی ١٩٨٠ لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و داواناوەندی لەو شارەدا تەوا کردووە، ئێستا قوتابیی زانکۆیە و وەك خۆی باسی دەکات ئاواتی گەورەی ئەوەیە پیشانگایەکی هونەری بۆ بەرهەم و کارەکانی بکاتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چ خوێندنەوەیەکت بۆ کارکردنی ئافرت و بەشداریکردنی لە دابینکردنی بژێوی خێزان هەیە؟ گوتی: «مرۆڤ (ژن و پیاو) جەوهەر و گەوهەریان کارکردنیانە، ژنیش وەك پیاو مافی خۆیەتی کار بکات و ئابووریی سەربەخۆی هەبێت. چونکە ئافرەت ئەگەر لە ڕووی ماددی و ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، مۆڵەتیش بە کەس نادات مافەکانی پێشێل بکات».




ئەو خاتوونە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بەرهەمی هونەری و بەتایبەتی کاری دەستی و ڕستن و چنین و تەنانەت دروومان، وەك منداڵێکی خۆت وایە و دوای تەواوکردن و کامڵبوونی ئاسوودەیی و ئارامیت پێ دەبەخشێت.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من بەرهەمەکانی خۆمم زۆر خۆش دەوێت، بۆیە ئاواتی گەورەم ئەوەیە پیشانگایەك بۆ بەرهەم و کارەکانم بکەمەوە».

ئەو خانمە پەنجەڕەنگینە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خێزانەکەت تا چ ئاستێك هاندەر و پشتیوانت بوون، بۆ تێکەڵبوون بە کاری هونەری دەستی و درێژەدانت بە خوێندن؟ گوتی: «زۆر بەداخەوە دایك و باوکم کۆچی دواییان کردووە، هەروەها خوشکی گەورە و برایەکی دڵسۆزم، ئێستا تەنیا یەك براگەورەم هەیە، کە هەمیشە پشتیوان و هاندەرم بووە و باوکایەتیی بۆم کردووە. هەر لێرەوە زۆر زۆر سوپاسی دەکەم و لە خوای میهرەبان داواکارم سێبەری پایەدار و تەمەنی درێژ بکات».

ئەوەش ناشارێتەوە کە لە ژیانی بیست ساڵی رابردوویدا تووشی زۆر گرفت و ئاریشە بووەتەوە. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «هیچ کەسێك لەم جیهانەدا نییە کێشە و گرفتی نەبێت و هەمیشە ڕێگەکانی بەردەمی بێ کۆسپ بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە سەریدا زاڵ بیت و ئیرادەت لاواز نەبێت. نموونەی ژنان و کچانی زۆرمان

هەیە کە لە نێو خێزانی خۆیان و کۆمەڵگەشدا ڕێز لە ئیرادە و ئامانجە مرۆیی و جوانەکانیان دەگرن. زۆرن خانمانی چالاکی مەدەنی، ژمارەی ژنانی سەرکەوتووش لە بواری بزنێس و کاری بازرگانی کەم نییە، بەڵام هیچیان بە بێ ئەرك و ماندووبوون و متمانەکردن بە خۆیان بەو پێگەیە نەگەیشتوون».

وەك دواپرسیاری گۆڤاری گوڵان داوای پەیامی ئەو خاتوونە کرا بۆ ئافرەتانی کوردستان و بەمجۆرە پەیامەکەی ئاراستە کردن: «پەیامی من بۆ هەموو خانمێك بە کچان و ژنانەوە ئەوەیە کە خۆیان گیرۆدەی ناوماڵ نەکەن. زۆر بایەخ و گرنگی بە پەروەردە و فێربوون بدەن. ڕێگاکانی بوون بە خاوەن ئابووریی سەربەخۆ بدۆزنەوە. ئەگەر هەر دەرفەتیان نەبوو، لە ماڵەوە لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە دەتوانن زۆر کاری هونەری و تەنانەت کاری شێف و دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆر فێر ببن و، کڕیاریش بۆ بەرهەمەکانیان بدۆزنەوە. گرنگ ئەوەیە داهاتی خۆیان هەبێت، کە هەم دەتوانن هاوکاریی خێزانەکەیانی پێ بکەن، هەم بۆ خۆیان هەمیشە چاو لە دەستی باوك و برا و هاوسەر نەبن. ئافرەتی خاوەن کار لە ناو خێزان و خانەوادەشدا بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیری دەکەن. منیش نەك هەوڵ دەدەم ببمە خاوەن کار، بەڵکو ئاواتی گەورەم ئەوەیە دەرفەتی کار بۆ خانمانی کوردستان بڕەخسێنم، هەروەها هیوادارم کچان و ژنانیش وەك پیاوان دەرفەتی کاریان هەبێت و بەرابەر و یەکسان بن».



# خانمان بۆ گەیشتن
# بە داهاتی سەربەخۆی خۆیان
# بەربەستەکان دەشکێنن



**ئافرەتی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕێژەیەکی بەرفراوان تێکەڵ بە بازاڕی کار و بازرگانی و سەرمایەداری بوون. لە ئێستادا وێڕای ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوەبردنی ماڵ، بەشێکی زۆری خانمان بێ ئەوەی چاوەڕێی کەرتی حکوومی و دامەزراندن بکەن، لە ماڵەکانیان دەستیان داوەتە ئەو کارەی کە دەیزانن و دواتر پڕۆژەکانیان گەورەتر کردووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری پرسی کارکردنی خانمان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەگەر بە گشتی ئاماری ئەو ئافرەتانە وەربگرین کە دەستیان داوەتە کاری سەربەخۆی خۆیان لە کوردستان و بیاندوێنین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەیان سەرکەوتوون و ئەنجامی باشیان بە دەست هێناوە و ڕازین لە کارەکەیان. هۆکار زۆرە بۆ ئەمە، بەڵام گرنگتریان ئەوەیە کە ڕێژەی ئافرەتی خاوەنکار و بزنێسمان کەمە و خەڵك بەگشتی حەز دەکەن کە پاڵپشتییان بکەن، بەوەی کە ببن بە کڕیاری بەرهەمیان، چونکە بابەتەکە نوێیە بۆ کۆمەڵگەکەمان و بە تایبەت بۆ پیاوان کە شێوازی نوێ لە کار و خاوەندارێتی دەبینن، پێیان باشە. هۆکارێکی دی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەت پشوودرێژتر و وردترە لە کارەکان و متمانەی زیاتریان هەیە بە تایبەت لای پیاوان». نموونەشی بەوە هێناوە: «من خۆم تا خواردنی دەستی ئافرەتان هەبێت، خواردنی دەستی پیاو ناخۆم». گوتیشی: «گرنگیدان بە کارەکەیان و پاك و خاوێنی و بەسەلیقەبوونی ئافرەتان فاکتەرێکی دیکەی سەرکەوتنی خانمانە لە کار و بزنێسەکانیان. لە هەمووی گرنگتر ڕاستگۆیی و متمانە و کاردروستیی خانمانە. هەروەها خانمان زیاتر لە پیاوان ڕازین لەوەی کە دەستیان دەکەوێت و ئەگەرچی کەمیش بێت، پێی ڕازین و بە ئامانەتەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن و کەمتر لە پیاوان بیر لە فرت و فێل و کاری نایاسایی دەکەن. بۆیە متمانەی زیاتریان لای پیاوان هەیە. چەند ساڵێکە ڕێژەی خانمانی ناو بازاڕی کار و خاوەنکار بەرەو زیادبوونە. من ئەمە بە مەرجی سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگە و وڵاتێك دەبینم کە خانمانیش بە بێ جیاوازی وەك پیاوان بتوانن کار بکەن و ببن بە خاوەنکار».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوە کردەوە کە «یاسای کار و بزنێس وایە هەر کەسێك زووتر بزنێسێك دەست پێ بکات و لە سەری بەردەوام بێت و بەردەوام پەرە بە کارەکەی بدات، زۆر سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێت بگاتە ئاستی زۆر بەرز و ژن زۆر ئاسانتر لە پیاوان دەگاتە ئامانجەکانی». گوتیشی: «ئامۆژگاری من بۆ خانمان ئەوەیە کە هەر بەهرە و توانایەکیان هەیە، بە زووترین کات بیکەنە کرداری و بزنێسی خۆیان دابمەزرێنن. گرنگ نییە کارەکە زۆر گەورە بێت، یان لە سەرەتا بودجەی باشی بۆ تەرخان بکات، بەڵکو دەتوانێت بە پێی تواناکای خۆی لە ڕووی ماددییەوە لە کارێکی بچووکەوە دەست پێ بکات. ئێستا باشترین دەرفەتە کە دەتوانن سوود لە کەمیی خانمان لە بازاڕی کار وەربگرن و زووتر بگەنە ئامانج. ئامارەکانیش ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەر کۆمپانیایەك، یان بزنێسێك کە ڕێژەیەکی باشی ئافرەتان تێیدا کاردەکەن، سەرکەوتووتر بوون لەو شوێنانەی کە تەنیا پیاوەکان کاریان تێدا کردووە. جگە لەو بابەتانەی کە باس لە توانا و لێهاتوویی ئافرەتان دەکرێت لە ڕووی فکری و جەستەییەوە، من جارێکی دی دەڵێم کە بە ڕاستی بازاڕی کار لە کوردستان پێویستی بە خانمان هەیە بە تایبەت وەکو خاوەنکار».

لیا سەیفەدین بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی ڕای وایە: «ئابووریی سەربەخۆی ئافرەت توانای وەڵامدانەوەی بەهێزی هەیە بۆ کردە خۆسەپێنەکانی ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوانن. ئافرەت کاتێك دەبێتە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆی، دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ئیدی لە ژێردەستی و پاشکۆیەتی و یاریکردن بە کەسایەتی و شکۆی ڕزگاری دەبێت و لە تاکێکی بێبەرهەمی چاو

**ئافرەت پشوودرێژتر و وردترە لە کارەکان و متمانەی زیاتریان هەیە بە تایبەت لای پیاوان**

**من خۆم تا خواردنی دەستی ئافرەتان هەبێت، خواردنی دەستی پیاو ناخۆم**

**گرنگیدان بە کارەکەیان و پاک و خاوێنی و بەسەلیقەبوونی ئافرەتان فاکتەرێکی دیکەی سەرکەوتنی خانمانە لە کار و بزنێسەکانیان**

لەدەستەوە دەبێتە تاکێکی بەرهەمدار»، گوتیشی: «ئابووریی ئازاد بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ ئەو تاکە دەکات بە تاکێکی ئەکتیڤ و ئازاد و سەربەخۆ .لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە ئافرەتان بەرهەمهێنی سەرەکیی پێداویستییەکانی ژیان بوون، دوای دروستبوونی کۆمەڵگەی چینایەتی و زاڵبوونی هێزی جەستەیی بەسەر هێزی لەخۆبوردوویی و میهرەبانی و نەرم و نیانیدا، ئەو مافە لە ئافرەتان سەندرایەوە و ئابووری و ئافرەتیان لێك ترازاند و لەلایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە قۆرخ کرا، ئەمەش سەرەتای کۆیلەکردن و بێ ئیرادەکردنی ئافرەتان بو بەرانبەر پیاوان، بەڵام دواتر ئافرەتان بە جۆرێکی سنووردار هاتنەوە ناو کایەی ئابووری و لە چوارچێوەی ماڵدا دەستیان بە کار کردەوە» هێمای بۆ ئەوەش کرد کە لە ڕابردوودا کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵدا کەم و بەرچاو نەبوو، مەگەر لە دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا نەبێت، بەڵام دوای ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەك بەشداریی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت و ئابووری سەربەخۆدا ڕووی لە زیادبوون کرد». گوتیشی: «دەبێت بە گرنگییەوە سەیری کارکردن و ئابووریی سەربەخۆی ئافرەت بکرێت. وڵات بۆ بەرەوپێشچوونی باری ئابووری و پتەوکردنی ژێرخانەکەی پێویستییەکی زۆری بە دەست و ڕۆڵی ئافرەت دەبێت، کارکردنی ئافرەتان کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە و بەرەو پێش بردنی لە هەردوو ڕووی ئابووری و کرانەوەی کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەوەش گەرەنتی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشترە. دروشمێکی ئابووری هەیە دەڵێت: (هیچ تاکێك ئازاد نابێ تا ئابوورییەکی سەربەخۆی نەبێت)، بۆیە پێویستە لە پەنای کاری ماڵ و خێزاندا کار لەسەر تواناکانی ئافرەت بکرێت و ئامادەبکرێتشان بە شانی هاوسەر و ئەندامانی خێزان کار بکات، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستییەکانی ژیان و قورسبوونی باری ژیان و گوزەران، بتوانێت هاوکار بێت و داهاتی هەبێت و لە جیاتی ببێتە ئەرك بە سەر شانی هاوسەر، یان باوك و براوە، ببێتە هاوکار بۆیان».

لیا سەیفەدین لە درێژەی وتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «کارکردنی ئافرەتان چووەتە قۆناغێکی نوێوە و جگە لە دامەزراوە فەرمییەکان ئافرەتان بە شێوازی سەربەخۆ لە کەرت و شوێنە جیاوازەکاندا هەوڵی کارکردنی خۆیان داوە و کاردەکەن، تەنانەت لە چوارچێوەی ماڵیشدا سەرباری ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و خێزان هەوڵیان داوە ببنە خاوەن کار و پرۆژەی تایبەت بە خۆیان، ئەوەش لە پێناوی بونیادنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ خۆیان و مسۆگەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و خێزانەکەیان». گوتیشی: «کارکردن وادەکات ئافرەتان تێکەڵ بە دونیای دەرەوە ببن و چاوکراوە بن و هەست بکەن دەژین و بەشێکی ڕاستەقینەن لە کۆمەڵگەدا و ڕۆڵیان هەیە و حیسابیان بۆ دەکرێت، دەرفەتێکیشە تا بیرۆکە و تواناکانیان بە کۆمەڵگە ئاشنا بکەن. بۆیە پێویستە ڕوانینی ئەو بەشەی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت کە پێی وایە نابێت ئافرەتان دەرفەتی کاری دەرەوەی ماڵیان پێ بدرێت، یان پێیان وایە ئافرەتان توانای ئەنجامدانی کاری دەرەوەی ماڵیان نییە. دەبێت ئاستەنگییەکان لەبەردەم کارکردنیان لاببرێت و بە هیچ پاساوێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و خێزانی ڕێگرییان لێ نەکرێت بۆ کارکردن و بوونە خاوەن ئابووریی سەربەخۆی خۆیان».

یاساناس و مافپەروەر شاخەوان خالید سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کارکردنی ئافرەت و سەرمایەی سەربەخۆی یەکێکە لە ئامانجەکانی بەدیهاتنی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، هەروەها بەشداریکردنیەتی لە ژیانی ڕۆژانەی پیاوەکەی کە بە یەکەوە بۆ خۆشگوزرانیی خۆیان و خانەوادەکەیان، یان پێشخستنی کۆمەڵگە کار دەکەن، ئەوە ڕاست نییە کاتێ دەگوترێ ئەگەر ئافرەت لە دەرەوە کاربکات بۆ پەیداکردنی پارەی سەربەخۆ، ئەرکەکانی دیکەی ماڵەوە پێشت گوێ دەخات، یان دەیکاتە منەت بەسەر ماڵەوەی، یان پیاوەکەی، بەڵکو کارکردنی ئافرەت بەشداری و هاوبەشییە بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و پێشخستنی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی زۆر ئافرەت لە بواری کارەکەی هێندە سەرکەوتووە، داهێنانیش دەکات، هەروەها کارکردنی ئافرەت دڵنەوایی دەروونی پێ دەخشێت، بە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ هاوپیشەکانی و بەشداریکردنی لە بەڕێوەبردنی کارەکان، کارکردنی ئافرەتان چەوساندنەوەیان نییە، بەڵکو هاوبەشیکردنی و بەهێزکردنی کەسایەتیی ئافرەتانە، لەبەر ئەوەی کارکردنی ئافرەت هەستێکی لا دروست دەکات بەوەی کە ئەویش بەشدارە لە کاری ئیداری و بەڕێوەبردن، بۆیە ئافرەتان کاتێ کاردەکەن، پەنا بۆ کەس نابەن و لەسەر پێیەکانی خۆیان

**ئامارەکانیش ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەر کۆمپانیایەک، یان بزنێسێک کە ڕێژەیەکی باشی ئافرەتان تێیدا کاردەکەن، سەرکەوتووتر بوون لەو شوێنانەی کە تەنیا پیاوەکان کاریان تێدا کردووە**

**ئابووریی سەربەخۆی ئافرەت توانای وەڵامدانەوەی بەهێزی هەیە بۆ کردە خۆسەپێنەکانی ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوانن**

**لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە ئافرەتان بەرهەمهێنی سەرەکیی پێداویستییەکانی ژیان بوون**

**وڵات بۆ بەرەوپیشچوونی باری ئابووری و پتەوکردنی ژێرخانەکەی پێویستییەکی زۆری بە دەست و ڕۆڵی ئافرەت دەبێت**

دەوەستن و خۆیان و خانەوادەکانیان بەڕێوە دەبەن».
گوتیشی: «کارکردنی ئافرەت دەرخەری ئەوەیە کە یەکسانن لەگەڵ پیاوان و بێ هێز نین وەك هەندێ کەس وای دەبینن، بەڵکو کارکردنی ئافرەتان کاریگەرییان لە کۆمەڵگە دەسەلمێنێ کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵن و ئەوانیش شان بە شانی پیاو کاردەکەن و دەتوانن کاریگەریی زۆر بنوێنن لە نێو کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە نەك هەر ئاساییە، بەڵکو پێویستە ئافرەتانیش کار بکەن و بەشدار بن لە پێشخستنی کۆمەڵگەکەیان».

ئەو یاساناسە باسی ئەوەشی کرد کە «ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەزارن ئافرەت بە هۆی نەبوونی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی، لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، یان بە شێوەی سەربەخۆ کاری خۆیان دەکەن، ئافرەتی کوردیش بە درێژایی مێژوو شان بە شانی پیاو لە لادێ و لە شار کاری سووك و قورسیان کردووە، بەڵگە بۆ ئەوە لە لادێکان زۆربەی ئافرەتان شەرواڵی پیاو لە کاتی کارکردن لەبەر دەکەن و ئەوەش مانای ئەوەیە کەسایەتییان بەهێزە و خۆیان بە یەکسان لەگەڵ پیاو دەبینن و دەتوانن هەموو کارێك بکەن». گوتیشی: «لە دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان ئافرەتان تا ڕاددەیەکی زۆر سەربەخۆن بۆ کارکردن و ئابووریی تایبەت بە خۆیان هەیە و توانیویانە لە هەموو بوارەکان شان بە شانی پیاوەکانیان و براکانیان کاری دەرەوەش بکەن و ببنە خاوەن بڕوانامەی بەرز و خاوەن پڕۆژەی خۆیان، یان خاوەن کۆمپانیا، یان خاوەن بزنێسی سەربەخۆی خۆیان و هچ کات ڕانەوەستان، جگە لەوەش ئەرکی ماڵەوەش بەجێ دەگەیەنن و بەشێکیان پێشمەرگەی کورستانن، بۆیە ئافرەتی کورد هەمیشە جێگەی شانازی بوون و بەشێك بوون لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و بەرخۆدانی نەپساوەی گەلی کوردستان».

ئەڤین هەرکی چالاکی مەدەنییە و ڕای وایە: «بە کارنەکردنی ئافرەت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی مەدەنی هەرگیز دروست نابێت. لە ژینگە و داب و نەریتی ئێمەدا ئافرەت ئەگەر چەندە لە ئاست پیاودا پێگەیەکی گشتی بەدەست نەهێنابێت، بەڵام بە دەرخستنی تواناکانیان جێگە و پێگەی خۆیان دیاری کردووە». گوتیشی: «ئەگەر باس لە خۆپێگەیاندنی ئافرەت بکەین، لە هەموو لایەکەوە دەبینین کە لە سەردەمی ئێستادا زیاتر بواری کارکردن بۆ ئافرەت ڕەخساوە، جا چ لە کەرتی حکوومی بێت، چ کەرتی تایبەت بێت، چ لە کاری سیاسەت و بڕیاردان‌دا بێت، یان خاوەن پڕۆژەی خۆیان بن. پشت بەخۆبەستنی ئافرەت و بوون بە خاوەن کاری خۆیان لە کۆمەڵگەیەك دەبێتە دەرخەری ئاست بەرزی و بەهێزیی ئەو کۆمەڵگەیە. چەندەها دەرچووی کۆلێژ و پەیمانگاکان هەن کە لە کەرتی حکوومی، یان تایبەت دەرفەتی کارکردنیان نەبووە، بەڵام بەپێی بەهرە و تواناکانیان بە پشت بەستن بە خۆیان توانیویانە ببن بە خاوەن کاری خۆیان و لە دوای کارکردنێکی زۆر پڕۆژەی کارەکەیان پەرەی پێ بدەن و گەورەتری بکەن، بەمەش توانیویانە دەرفەتی کار بۆ ئافرەتانی دیکەش بڕەخسێنن. بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوە خواردن ئامادە دەکەن بۆ کەسانی دی کە ئارەزووی خواردنەکانی ئەم ئافرەتانەیان هەیە، بە هۆی زیادبوونی داواکاری و خواستی خەڵك لەسەر خواردنەکان، دەرفەتێك بۆ ئەم ئافرەتانە دەڕەخسێنێت کە بتوانن ببنە خاوەن چێشتخانەی خۆیان، یان ئەو ئافرەتانەی کاری دەستی دەکەن، یان کاری فرۆشتن دەکەن بە ئۆنلاین، کاری مایکئاپ، کاری دروومان و ...هتد. هەر یەکە لە بواری خۆیدا بە تێپەڕبوونی کات و گەشەی بازاڕی کاریان دەبن بە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان».

ئەو چالاکی مەدەنییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتان لە ڕووی ئیدارەدانی ماڵ و کارەکانیشیان ئاست بەرزن دەتوانن کۆنترۆڵی هەر بارودۆخێك بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە». گوتیشی: «من هەمیشە سێ یاسا دادەنێم وەك ئافرەتێك :

١- ئافرەت دەبێت هەمیشە لە ژیانیدا ئامانجێکی هەبێت کە لە پێناویدا بجەنگێت.

٢- هیچ کاتێك بیر لە کۆڵدان نەکاتەوە کە هەر کاتێ نەگەیشت بەو ئامانجەی کە دیاری کردووە بەو پێیە دەبێت ڕێچکەی بە دەستهێنانی ئامانجەکەی بگوڕێت.

٣- هەرگیز نابێت لە یاد بکات کە بەهێزە. چۆنکە ئافرەت زۆر لەوە بەهێزترە کە بیری لێ دەکاتەوە...

لە هەر کۆمەڵگەیەك ڕۆڵی ڕەگەزی مێ بینرا لە هەر بوارێکدا بێت، کەواتە ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیرە و بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ئاراستە دەگرێت. هەمیشە ئەم ئافرەتانە دەبن بە نموونەیەك بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دەترسێن، یان شەرم دەکەن، یان وا بیر دەکەنەوە کە کۆمەڵگەکەیان وەك پێویست گونجاو نییە بۆ خۆپێگەیاندن و بوون بە خاوەن کار و پڕۆژەی خۆیان».


**کارکردن وادەکات ئافرەتان تێکەڵ بە دونیای دەرەوە ببن و چاوکراوە بن و هەست بکەن دەژین و بەشێکی ڕاستەقینەن لە کۆمەڵگەدا و ڕۆڵیان هەیە و حیسابیان بۆ دەکرێت**

**پێویستە ڕوانینی ئەو بەشەی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت کە پێی وایە نابێت ئافرەتان دەرفەتی کاری دەرەوەی ماڵیان پێ بدرێت**

**ئەوە ڕاست نییە کاتێ دەگوترێ ئەگەر ئافرەت لە دەرەوە کاربکات بۆ پەیداکردنی پارەی سەربەخۆ، ئەرکەکانی دیکەی ماڵەوە پێشت گوێ دەخات**

**لە لادێکان زۆربەی ئافرەتان شەرواڵی پیاو لە کاتی کارکردن لەبەر دەکەن و ئەوەش مانای ئەوەیە کەسایەتییان بەهێزە و خۆیان بە یەکسان لەگەڵ پیاو دەبینن**







# ڕەنگی ئەندێشە و خەیاڵ


تاریق کارێزی


لە هونەری نیگاردا ڕەنگ ڕەگەزی باڵادەستە. لێرەدا قسەمان لە بارەی هونەر ئەزموونی عومەر سەیدە، کە خاوەنی چەندین ڕۆمانە. لە هونەری ڕۆماندا، ڕۆماننووس دەروازە بە ڕووی بەرکەوت و جێکەوتی دەروونی و ئەندێشە دەکاتەوە، بە شاباڵی خەیاڵیش، زۆر ئازادانە شوێن و کات تەی دەکات. ئەم دەروازەی هەڵفڕینە بێ سنوورەی لە نێو دنیای ڕۆمان بە ڕووی نووسەردا دەکرێتەوە، کارێکی ناوازەیە کاتێك خۆی لە دنیای هونەری نیگار دووبارە دەکاتەوە. مەبەستمە بڵێم، (عومەر سەید)ی ڕۆماننووس کاتێك دەست بۆ تابلۆ کێشان دەبات، هەر دەبێت ئەزموونێکی دانسقەمان پێشکەش بکات. دانسقەیی ئەو ئەزموونەی ڕۆماننووسێك لە تابلۆ کێشاندا دەیخاتە ڕوو، دەبێت چی بێت؟ ئەمە پرسیارێکە لە جێی خۆیدا. ئێمە سووکە بەرخوردێکی لەگەڵدا دەکەین.


هەر کەسێك ڕۆمانەکانی عومەر سەید بخوێنێتەوە، بە دنیای تەژی لە خەیاڵ و ئەندێشەی ئەو ئاشنا دەبێت. ڕاستە من و تۆ


















































لە خوێندنەوەی ئەو دەقانەی نووسەر، باوەڕی تەواومان لە لا دروست دەبێت، کە کاراکتەر و پاڵەوانی ڕۆمانەکان کەسانی نزیکی خۆمانن یان کەسانێکن دێنە بەر زەین و دیدەمان. لە پاڵ ئەو باوەڕی من و تۆشدا، نووسەر لە داڕشتنی تان و پۆی دەقەکانیدا دەرگا بە ڕووی خەیاڵدا دەخاتە سەر گازەرەی پشت، دنیای بەر دیدە و بەر زەینی ئێمە تێکەڵ بە ڕووداوگەلێك دەكات، کە زادەی بیر و لێکدانەوەی گەشتەکانی خەیاڵی ئەون. هەر ئەم گەمە سەرنج ڕاکێشەی نێوان دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ، لە بری ئەوەی بە وشە و ڕستە گەڵاڵەی بکات، ئەم جارەیان هاتووە بە ڕەنگ دایڕشتووە. لە ڕۆماندا دەقی وێژە و لە تابلۆدا دەقی هونەری خستووەتە ڕوو.

بەیاری مانۆری هونەری عومەر سەید بە چەند تەرزێك خۆی دەنوێنێت. ئەو لە بەکار هێنانی ڕەنگ، لە گەڵاڵە کردنی فۆرم و فیگەر، لە بەرجەستە کردنی کەشی ئەندێشە و دنیای خەیاڵدا، توانا و بڕستی ئەزموون و مەشقێکی باش دەخاتە ڕوو. لە گەڵاڵە کردنی بیرۆکە و تۆمار کردنی دەقەکانی بە ڕەنگ و شێوە، پتر وابەستەی تێك چڕژانی شەپۆلی ڕەنگە. لە بەشێکی تابلۆکانیدا گیاندارێك دەردەکەوێت، ئەو گیاندارە مرۆڤە یان لە شێوەی ئەو، بەڵام لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا ئەو گیاندارە دەبێتە ڕوفاتی ئەنفالێك و گەواهی دەرهەق بە تاوانێکی کۆکوژی (جینۆساید) دەدات، هەندێك جاریش وەك جانەوەری دەرەوەی گۆی زەوی خۆی دەنوێنێت. لە چەند تابلۆیەکیشدا، عومەر سەید سروشت بەسەر دەکاتەوە، لەو تەرزە تابلۆیەشدا کارامەییەکی زۆر لە ڕووی گەڵاڵە کردن و گواستنەوەی دیمەنی سروشت و وەگەڕ خستنی ڕەگەزی ڕەنگدا، دەنوێنێت.

قسەیەك کە دەرهەق بە بەرهەمەکانی ئەم نووسەر/ هونەرمەندە دەگوترێت و بۆ هاوچەشنانی ئەویش دروست و بەجێیە، کاتێك بەهرەمەندێك لە دنیای هونەری نووسینەوە دێتە نێو دنیای هونەری نیگارەوە، بەرهەمەکانی لە ڕووی گوتاری دیدەییەوە، زۆر چڕ و پڕ دەبن.

# «مێسیی بەغدا»

## لە ئۆستێندە دەبێت

فیلمی بڵندی سینەمایی (مێسیی بەغدا) لە نووسین و دەرهێنانی دەرهێنەری کورد (سەهیم عومەر خەلیفە) لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی ١٥یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئۆستێندە لە بەلجیکا بەشدارە و کێبڕکێ بۆ بردنەوەی خەڵات دەکات.

کورتە فیلمی مێسیی بەغدا براوەی ٦٠ خەڵاتی جیهانییە، ئەمساڵ وەك فیلمێکی بڵندی سینەمایی بەرهەم هێنرا و کاری وێنەگرتنی لە هەرێمی کوردستان کراوە، یەکەم نمایشی فیلمە بڵندەکەی، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئۆستێندە دەبێت و لەگەڵ حەوت فیلم کێبڕکێ لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی فیلمە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات کە دوو فیلم بەناوی بەلجیکا لەو بەشە بەشدارن، یەکێك لەوانە «مێسیی بەغدا»یە و شەش فیلمی دیکە لە وڵاتانی دیکەوە بەشدارن.

چالاکییەکانی ١٥یەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئۆستێندە لە ٢٧ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ لە شای ئۆستێندەی کەنار دەریایی بەلجیکا دەست پێ دەکات و تاوەکو چواری شوبات بەردەوام دەبێت.



سەهیم عومەر، لە ساڵی ٢٠١٨ بە فیلمی سینەمایی (زاگرۆس) خەڵاتی ئەکادیمیی بەلجیکی بۆ باشترین دەرهێنەر و سیناریۆ وەرگرت، کە لەلایەن فیلمسازانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، کە تایبەتە بە فیلمە بەلجیکییەکان و لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵەکەدا دەبەخشرێت.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئۆستێندە، لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، ساڵانە لە مانگی ئەیلوول بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەمساڵ لە مانگی کانوونی دووەم دەست پێ دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم بەرهەمە سینەمایییە لە مانگی ئازاری ئەمساڵ(٢٠٢٣)لە سینەماکانی بەلجیکا پیشان دەدرێت و وەك ئامادەکارییەك بۆ بڵاوکردنەوەی، پۆستەر و ترەیلەری بڵاو کرایەوە.

بودجەی بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمە سینەمایییە لەلایەن وڵاتانی بەلجیکا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان دابین کراوە و، تەنیا لە هەرێمی کوردستان ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی لە بودجەی فیلمەکە بۆ وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی خەرج کراوە.

لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ وێنەگرتنی ئەم بەرهەمە لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، لۆکەیشنەکانی وێنەگرتنی فیلمەکە لە سنووری هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر بوو.

ستافی تەکنیکیی فیلمەکە لە کوردستان، بەلجیکا و هۆڵەندا بەشدارن و هەریەك لە زەهرا غەندور، ئەسیر عادل، حسێن حەسەن و عادل عەبدولڕەحمان لەم بەرهەمەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

هێندریك ڤێرتە لە ڕێگەی کۆمپانیای ئەی تیم پرۆدەکشن (A Team Productions) لە بەلجیکا، محەممەد ئەکتاش لە ڕێگەی کۆمپانیای میتۆس فیلم (Mitos Film) لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و هەرێمی کوردستانیش لە بەرهەمهێنانیدا بەشدارن. کۆمپانیای وایلد بۆنچ (Wild Bunch) کە یەکێك لە بەهێزترین کۆمپانیاکانی بڵاوکردنەوەی فیلمە لە ئەورووپا، ئەرکی بڵاوکردنەوەی فیلمەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

کورتەفیلمی (مێسیی بەغدا) لە ساڵی ٢٠١٢ بەرهەم هات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو کە بووە خاوەنی ٦٠ خەڵات لە فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا، یەکێك لە ١٠ کورتەفیلمەکانی لیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەك باشترین کورتەفیلم.

مێسیی بەغدا باس لە منداڵێك دەکات کە هەرچەند خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و هۆگری یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و ئەستێرەی هەڵبژاردی ئەرجەنتین لیۆنێل مێسییە.


ئەم فیلمە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنێل مێسی بکەوێت و دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی ماددی بۆ کۆ کردەوە، لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروست کرا.

لە ساڵی ٢٠١٧ بەڕێوبەرایەتیی سینەما لە بەلجیکا، بودجەی بۆ نووسینەوەی سیناریۆی مێسیی بەغدا بۆ فیلمێکی درێژ تەرخان کرد و، بودجەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی تەرخان کرد، کە ساڵانە تەنیا پاڵپشتی شەش تا هەشت پرۆژەی سینەمایی لەو وڵاتە دەکات.

بڕیار بوو کاری وێنەگرتنی فیلمەکە لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٠ دەست پێ بکات، بەڵام بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەك تەواوی بەرهەمە سینەمایییەکانی دیکە لە جیهاندا کاریگەریی لەسەر وادەی وێنەگرتنی ئەم فیلمەش هەبوو.

ئەم بەرهەمە دەبێتە دووەم بەرهەمی درێژی سینەمایی خەلیفە لە دوای فیلمی درێژی سینەمایی (زاگرۆس) کە ١٢ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایییەکاندا بەدەست هێناوە، لەوانە خەڵاتی گەورەی ٤٤مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی گێنت لە وڵاتی بەلجیکا.

سەهیم عومەر خەلیفە دانیشتووی وڵاتی بەلجیکایە، لە ڕێگەی کورتەفیلمەکانی (خاکی پاڵەوانان، مێسیی بەغدا، نێچیرڤانی خراپ) و فیلمی بڵندی سینەمایی (زاگرۆس) زیاتر لە ١٢٠ خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایییەکاندا بەدەست هێناوە، دوو لە فیلمەکانی کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار بوون، وەك باشترین کورتەفیلم، ئێستا یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی هەڵسەنگاندنی فیلمە لە ئەکادیمیای ئۆسکار و لە ڕووی وەرگرتنی خەڵاتی سینەمایییەوە خاوەنی چەندین ڕیکۆردە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و بەلجیکا.



# مەی عومەر لە جوانترینەکانی جیهانە

ئەکتەری میسری (مەی عومەر) لە پێشبڕکێی (١٠٠ جوانترین ڕوخسار) لە سەرانسەری جیهان پلەی هەشتەمی بەدەست هێنا، مەی عومەر بە یەکەم میسری دادەنرێت کە بگاتە کۆتایی، هەروەها لە هەندێك ئەستێرەی نێودەوڵەتی باشترە و هەنگاوی باشتری بڕیوە.

مەی عومەر دڵخۆشییەکی گەورەی خۆی بەم بۆنەیە دەربڕی لە ڕێگەی هەژماری فەرمی خۆیەوە لە "ئینستاگرام"، نووسیویەتی: «زۆر دڵخۆشم بۆ سەرکەوتنم لە پێشبڕکێی ١٠٠ جوانترین ڕوخساری جیهان و بۆ پلەی هەشتەم، لە دە یەکەم، بەتایبەت ئەوەش یەکەم میسری بێت کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بگاتە قۆناغی کۆتایی».

مەی زیاتر گوتی: «لە دە باشترینەکاندا پێش ئەستێرە نێودەوڵەتییەکانی وەك گال گادۆت، پاڵەوانی (ژن سەرسوڕهێنەر) کەوتووم، کە پلەی ١٢ی بەدەست هێناوە، پێشتر زیاتر لە کەسێك لە میسرەوە خۆی بۆ پاڵاوتنەکان کاندید کردووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە هونەرمەندێکی میسری سەردەکەوێت و لە پاڵاوتنەکاندا تێدەپەڕێت و دەگاتە قۆناغی کۆتایی».

مەی لە کۆتایی پەیامەکەیدا دەڵێت: «ئەم سەرکەوتنە بۆمن مایەی دڵخۆشییە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوەیە کە من لە پێشبڕکێیەکی گرنگی نێودەوڵەتیی وەك ئەمەدا سەرکەوتنم بەدەست هێناوە، دووەمیش ئەوەیە ئەو کەسەی هونەرمەندێکی میسری بەدەستبهێنێت، دەوێت هەر دەستکەوتێك یان سەرکەوتنێك کە هەر میسرییەك بەدەستی بهێنێت». ..میسر وڵاتی داهێنەران و کەسانی گەورە و بیلمەتە.



# ئاڤاتار بەرەو شک

تۆنێك پارە، بەم شێوەیە دەتوانرێت فیلمی «Avatar - Waterway»ی جەیمس کامیرۆن وەسف بکرێت، کە دوای تەنیا ١٤ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی، فیلمەکە زیاتر لە ملیارێك دۆلاری بەدەست هێناوە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێك لە فیلمە پڕداهاتەکانی ئەمساڵ و، کاندیدە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی پێوانەیی بشکێنێت.

فیلمی «Avatar - Waterway» درێژەی فیلمی زۆرترین داهاتی مێژووە و بە کۆی گشتی ١,٠٢٢ ملیار دۆلار، چووەتە نێو لیستی سەرکەوتووترین فیلمەکانی مێژووی سینەماو، بە ئاسانی دەتوانێت فیلمی تۆم کروز بڕووخێنێت «Top Gun» وەك خاوەنی زۆرترین داهات لە ساڵی ٢٠٢٢.

ساڵی ٢٠٢٢ بە ساڵی بوژانەوەی بۆکس ئۆفیس دادەنرێت، دوای ئەو دابەزینە گەورەیەی لە ساڵانی پێشوودا هەبووە، سێ فیلم لەمساڵدا ملیار دۆلارەکەیان تێپەڕاند، دوای ئەوەی هیچ فیلمێك نەیتوانی لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠دا بگاتە ئەم ژمارەیە.

سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی بینەرانی سینەما بە ڕێژەی ٤٠٪ بەهۆی ئەو سەکۆیانەی کە ئێستا زۆربەی فیلمەکان پیشان دەدەن و فیلمی خۆیان بەرهەم دەهێنن، بەشێك لە پسپۆڕانی فیلم لە نێویاندا دانیاڵ لوریا، بوونی ئومێد بۆ بەردەوامیی سینەما بۆ ساڵانی داهاتوو بەتایبەتی پشتڕاست دەکەنەوە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی فیلمی تایبەت بە چیرۆکی جوان و تەکنەلۆژیای بەرز.

**خێراترین فیلمەکان کە لە بۆکس ئۆفیسدا گەیشتنە ئاستی ملیار دۆلار**

هەرچەندە گەیشتن بە یەك ملیار

## اندنی ژمارەی پێوانەیی

دۆلار لە فرۆشتنی بلیتەکان لە سەرانسەری جیهاندا لە ماوەی تەنها ١٤ ڕۆژدا دەستکەوتێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە فیلمی "ئاڤاتار" خێراترین فیلم نییە بۆ گەیشتن بەو ژمارەیە، پێش هەندێك فیلم هاتە پێشەوە، ئەمانەی خوارەوە لیستێکە لە پێنج خێراترین فیلمەکان ئەو فیلمانەی توانیان ملیارێك دۆلار لە بۆکس ئۆفیس کۆبکەنەوە:

١- فیلمی "Avengers: Endgame" بە بڕی ١,٢٢٤ ملیار دۆلار، دوای پێنج ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٩.

٢- فیلمی "Avengers: Infinity War" بە بڕی ١,٣ ملیار دۆلار، دوای ١١ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٨.

٣- فیلمی (جەنگی ئەستێرەکان - هێزەکە بەئاگا دێتەوە) بە بڕی ١,٠٩٠٦ ملیار دۆلار، دوای ١٢ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥.

٤- فیلمی «پیاوی جاڵجاڵۆکە مەحاڵە بچیتەوە ماڵەوە» بە کۆکردنەوەی ١,٠٥٤٤ ملیار دۆلار، ئەمەش دوای ١٢ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١.

٥- «جیهانی جوراسیك»، کە ١,٠٢٦ ملیار دۆلاری کۆ کردەوە، ئەمەش دوای ١٣ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥.





## ئەمبر هێرد لە فیلمی «Aquaman 2» دوورخرایەوە

ئەو کۆمپانیایە کە بەشی دووەمی فیلمی بەناوبانگی (ئاکوا مان)ی بەرهەم هێناوە، بڕیاری دوورخستنەوەی ئەستێرەی ئەمبر هیردی لە کارەکەی دا، دوای ئەوەی لە دۆسیە بەناوبانگەکەیدا لە بەردەم ئەستێرەی جیهانی (جۆنی دیپ)دا سزا درا.

بەپێی سەرچاوەکان بۆ JUST JARED، ئەو دیمەنانەی کە لەلایەن ئەمبر هێردەوە گیراوە، کە کارەکتەری (میرا) لە فیلمەکەدا بەرجەستە دەکات، دەسڕدرێتەوە و دووبارە فیلمی بۆ دەکرێتەوە و دەخرێتە ژێر مۆنتاژەوە، بەڵام کۆمپانیاکە هێشتا لەسەر ئەو ئەکتەرە ئەڵتەرناتیڤە یەکلایی نەبووەتەوە.

بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ، واڵتەر هامادا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (وارنەر برۆس) کە بەرهەمهێنەری زنجیرەی (ئاکوامان)ـە، باسی لە دەرکردنی ئەمبر هێرد لە زنجیرەکەدا دەکرد، جەختی لەوە کردەوە کە کۆمپانیاکە بڕیارەکەی بۆ چەند هەفتەیەك دواخستووە، بەهۆی ئەو گفتوگۆیەشەوە لە دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆڵی ئەمبر هێرد لە بەشەکەدا یان گۆڕینی.

جێگای سەرنجە، لە کاتی بەشی یەکەمی فیلمە بەناوبانگەکەدا، کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بڵاو کرایەوە، ئەمبر هێرد زۆرترین پشکی لە دیمەنەکانی بەردەم پاڵەوانەکەدا هەبوو، وەك ئەو کچەی نزیك لە دڵی فیلمی (ئاکوا مان)، واتە بەرجەستە کراوە لەلایەن «مۆموا» و، کە ڕوونە کە کارەکتەرەکە ئامادە کراوە بۆ داهاتوو.

ڕەنگە نەبوونی ئەو کچە بۆ هەوادارانی فیلمەکە ناڕەحەتکەر بێت و لە ئێستادا دووبارە وێنەگرتنی بەردەوامە بۆ بەستنەوەی هەندێك تەوەر، بۆ ئەوەی لە فیلمەکەدا دوور بخرێتەوە.

فیلمی "Aqua Man"، کە بەشی یەکەمی لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاو کرایەوە، داهاتە جیهانییەکەی یەك ملیار و ١٣٩ ملیۆن دۆلار بوو، بە بەشداریی: جەیسۆن مۆموا، ئەمبر هێرد، نیکۆڵ کیدمان، ڕاندال پارك، پاتریك ویلسۆن، دۆلف لوندگرێن، ویلیام دافۆ، و گراهام مەکتاڤیش.



باخان عوسمان:

# ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ وەرزش زۆر باشە

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- ئاستی یاری باڵە بۆ کچان زۆر خراپە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی خول و پاڵەوانێتی و کەمیی یانەکان بۆ تیپی کچان لە شارێکی گەورەی وەك سلێمانی، کە تەنیا دوو یانە تیپیان هەیە، لەکاتێکدا زیاتر لە١٣ یانە هەیە لە شارەکەدا.

*** کەمیی پاڵەوانێتی کە تەنیا یەك جارە لە ساڵێکدا تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- کەمیی پاڵەوانێتیەکان و ئاستی یارییەکە پاشەکشێی کردووە، لە ساڵەکانی پێشوودا زۆرترین یانە هەبوو کە تیپی باڵەی کچانیان هەبووە، بەڵام لە ئێستادا تەنیا حەوت بۆ هەشت یانە هەیە لە هەموو هەرێمی کوردستان، بۆیە یارییەکە بەرەو دواوە ڕۆیشتووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- پێم باشە گرینگی بەم یارییە بدرێت، بەتایبەتی لەلایەن یانەکان و لیژنەی ئۆڵۆمپیی کوردستانەوە خول و پاڵەوانێتی زیاتریان بۆ بکرێتەوە، نەك تەنیا لە ساڵێکدا یەك خول هەبێت و خولەکەش بە چەند ڕۆژێك تەواو ببێت.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتەکان زۆرن، نەبوونی پاڵەوانێتی و نەبوونی هۆڵی تایبەت و نەبوونی فێرگەیەکی باڵە لەلایەن یانەکانەوە، نەبوونی پێداویستییەکانی باڵە و باری مادی و نەبوونی پاڵپشتی بۆ ئەم یارییە لە لایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە ئەوانە هەمووی گرفتن.

***پاڵەوانبوون چی دەگەیێنی لای ئێوە؟**

-پاڵەوانبوون زۆر شت دەگەیەنێت، بۆ ئێمە هەستێکی خۆشت پێ دەبەخشێت و زیاتر هانت دەدات بەردەوام بیت لە ڕاهێنان، چونکە دەزانیت ماندووبوونت بە زیادە نە ڕۆیشتووە.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-بەنیازی ئەوەم زیاتر ڕاهێنان بکەم تاکو زیاتر لە خولەکاندا دەربکەوم و درێسی هەڵبژاردەی عێراق بپۆشم و لە خولەکانی دەرەوەدا ئاستێکی باش پێشکەش بکەم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پەنا بۆ هێنانی یاریزانی بیانی ببەن؟**

- بەڵێ لەگەڵ ئەوەدام یاریزانی بیانی و ڕاهێنەری بیانی بێت بۆ ئەوەی زیاتر ئەزموون

یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێت لە پارێزگای سلێمانی کە تایبەتە بە یارییەکانی ئاستی کچان، تاکە یانەی شارەکەیە کە گرینگی بە تواناکانی کچانی شارەکە دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزان لە یارییە جیاوازەکان لە خۆیان کۆبکەنەوە، یاریی باڵەش یەکێك لەو یارییانەیە کە دەستەی کارگێڕیی یانەکە گرینگی پێویستی پێ دەدەن، ئەفرۆدێتی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەدەن، یاریی باڵەش گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، یانەکە تیپێکی بەهێزیان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقدا هەیە، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکانیان بەشدارن، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە یاریزانانی یانەکە بەردەوام لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ ئەفرۆدێت (باخان عوسمان)ـە کە لەدایکبووی پارێزگای سلێمانی و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.



دیمانە: کارزان کانەبی



وەربگرین، چونکە ئێمە لە ناو بازنەیەکداین و شتەکان هەمووی دووبارەیە.

***تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە بۆ ئێوەی وەرزشکار؟**

-ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگە لە بۆ وەرزش تا ڕادەیەك لەچاو پێشتر زۆر باشە، چونکە وەرزش زۆر شت دەبەخشێت لە زۆر شتی خراپیش دوورت دەخاتەوە بۆ تەندروستی مرۆڤ باشە، وەك دووركەوتنەوە لە سەرقاڵیی ژیان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم زیاتر گرینگی بە یارییەکان بدرێت، بەتایبەتی یاریی باڵەی کچان، چونکە لای ئێمە هەموو شتێك بۆ تۆپی پێیە و یارییەکانی دیکەبوونەتە قوربانی، بۆیە پێویستە ئاوڕێك لە یارییەکانی دیکەش بدرێتەوە.

***خەونی داهاتووت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

-خەونی وەرزشیم ئەوەیە بەشداری لە خولەکانی دەرەوە بکەین، چونکە ئێمە هیچمان کەمتر نییە لەو وڵاتانەی دەرەوە.

***حەز دەکەیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و یەکێك بیت لە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە؟**

-خۆزگە وا بوایە، بەڵام بەداخەوە هەڵبژاردەی کوردستان نییە، چونکە وڵاتێکی سەربەخۆ نین.

***خۆشترین هەستی وەرزشیت چییە کە لە یادەوەریتدا ماوەتەوە؟**

-وەرزی ڕابردوو توانیمان ببینە یەکەمی عێراقی و بە باشترین لیبرۆی عێراق هەڵبژێردرام، ئەوە بۆمن هەستێکی خۆش بوو.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا.**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم خزمەتە بەردەوامە، بەهیوای ئەوەم زیاتر ئاوڕ لە یاریی باڵەی کچان بدرێتەوە لەلایەن یانەکانەوە و خول زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی یاریزانی کچمان زیاتر بێت.

# جامی کەنداو
# لە شاری بەسرە دەستی پێکرد

## کوێت زۆرترین نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەستهێناوە

هەفتەی رابردوو لە شاری بەسرە (٢٥)یەمین وەشانی پاڵەوانێتی جامی کەنداو دەستی پێکرد بە بەشداریکردنی (٨) هەڵبژاردە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵەیەک دووهەڵبژاردە سەردەکەوێت بۆ چوار گۆشەی زێرین، لە چوار گۆشەی زێرین پلەی یەکەمی کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ دووەمی کۆمەڵەی دووەم یاری دەکات و یەکەمی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ دووەمی کۆمەڵەی یەکەم یاری دەکات دواتر یاری کۆتایی و یاری پلەی سێیەم و چوارەم ئەنجام دەدرێت.

ئا: رێبین رەمزی



**مێژووی دەستپێکی پاڵەوانێتییەکە**

لە ساڵی (١٩٦٨) لە کاتی بەڕێوەچوونی ئۆڵۆمپیادی مەکسیکۆ سەرۆکی پێشووی یەکێتی تۆپی پێی بەحرێن شێخ محەمەد بن خەلیفە ئەنجامدانی جامی کەنداو پێشکەش بە سەرۆکی ئەوکاتەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) ستانلی راوس کرد، ئەم بیرۆکەیە بووە جێگەی دەستخۆشی فیفا و کار لەسەر دانانی بنەما سەرەکییەکان کرا، هەرچەندە بیرۆکە سەرەکییەکە بۆ ئەمیر (خالد فەیسەل)ی سعودی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەحرێنییەکان بەکردار کردیانە راستی، کاتێک لە ساڵی (١٩٦٩) بەحرێن داوتنامەیەکی ئاراستەی هەردوو یەکێتی تۆپی پێی کوەیت و سعودیە کرا، کە ئەندامی فیفا بوون بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی بەحرێن ئەنجامدرا و بەکۆی دەنگ بڕیاردرا یەکەم پاڵەوانێتی جامی کەنداو لە ساڵی (١٩٧٠) لە بەحرێن ئەنجام بدرێت بە بەشداریکردنی (٤) هەڵبژاردە، کاتێک رێگەدرا هەڵبژاردەی قەتەر بەرەزامەندی تایبەت بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە بکات، چونکە قەتەر ئەندامی فیفا نەبوو ئەوکاتە، لەم پاڵەوانێتییە بڕیاردرا دوو ساڵ جارێک جامی کەنداو ئەنجامبدرێت و سعودیە مێوانداری دووەم پاڵەوانێتییەکە بکات و هەروەها هەر هەڵبژاردەیەک سێ جار نازناوەکە بباتەوە ئەوە جامەکە بۆ خۆی دەبات.

- پاڵەوانێتی یەکەم لە ساڵی (١٩٧٠) لە بەحرێن ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی چوار هەڵبژاردە (بەحرێن، قەتەر، سعودیە، کوێت) هەڵبژاردەی کوێت نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی دووەم لە ساڵی (١٩٧٢) لە سعودیە ئەنجامدرا بە بەشداریکردنی (٥) هەڵبژاردە دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیمارات بۆ یەکەم جار بەشداری لەم پاڵەوانێتییە کرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکان (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت)، هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری دووەم نازناوەکەی بردووە.

- پاڵەوانێتی سێیەم لە ساڵی (١٩٧٤) لە کوێت ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد دوای ئەوەی هەڵبژاردەی سوڵتان نشینی عومان بۆ یەکەم جار بەشداری لە پاڵەوانێتییەکە کرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکان (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان)، هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری سێیەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی چوارەم لە ساڵی (١٩٧٦) لە قەتەر ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد دوای ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ یەکەم جار بەشداری لە پاڵەوانێتییەکە کرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکان (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق)، هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری چوارەم نازناوەکەی بەدەستهێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی عێراقی بردووە.

- پاڵەوانێتی پێنجەم لە ساڵی (١٩٧٩) لە عێراق ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد، هەڵبژاردە بەشداربووەکان (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، هەڵبژاردەی عێراق بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی شەشەم لە ساڵی (١٩٨٢) لە ئیمارات ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری پێنجەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی حەفتەم لە ساڵی (١٩٨٤) لە سوڵتان نشینی عومان ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، هەڵبژاردەی عێراق بۆ جاری دووەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی هەشتەم لە ساڵی (١٩٨٦) لە بەحرێن ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری شەشەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی نۆیەم لە ساڵی (١٩٨٨) لە سعودیە ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، هەڵبژاردەی عێراق بۆ جاری سێیەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی دەیەم لە ساڵی (١٩٩٠) لە کوێت ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، عێراق) بوون، بەڵام هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییەکە کشایەوە و هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری حەفتەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.



- پاڵەوانێتی یازدەیەم لە ساڵی (١٩٩٢) لە قەتەر ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان) بوون، و هەڵبژاردەی قەتەر بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی دوازدەیەم لە ساڵی (١٩٩٤) لە ئیمارات ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان) بوون، و هەڵبژاردەی سعودیە بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی سیازدەیەم لە ساڵی (١٩٩٦) لە سوڵتان نشینی عومان ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان) بوون، و هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری هەشتەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی چواردەیەم لە ساڵی (١٩٩٨) لە بەحرێن ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان) بوون، و هەڵبژاردەی کوێت بۆ جاری نۆیەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی پازدەیەم لە ساڵی (٢٠٠٢) لە سعودیە ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٦) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان) بوون، و هەڵبژاردەی سعودیە بۆ جاری دووەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی شازدەیەم لە ساڵی (٢٠٠٣) لە کوێت ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٧) هەڵبژاردە بەشداریکرد و هەڵبژاردەی یەمەن بۆ یەکەم جار بەشداری لە جامی کەنداو کرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن) بوون، و هەڵبژاردەی سعودیە بۆ جاری سێیەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی حەڤدەیەم لە ساڵی (٢٠٠٤) لە قەتەر ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد و دوای گەڕانەوەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ پاڵەوانێتییەکە و هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی قەتەر بۆ جاری دووەم نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی هەژدەیەم لە ساڵی (٢٠٠٧) لە ئیمارات ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی ئیمارات بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی نۆزدەیەم لە ساڵی (٢٠٠٩) لە سوڵتان نشینی عومان ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی سوڵتان نشینی عومان بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی بیستەم لە ساڵی (٢٠١٠) لە یەمەن ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی کوێت بۆ دەیەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی بیست و یەک لە ساڵی (٢٠١٣) لە بەحرێن ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی ئیمارات بۆ دووەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی بیست و دوو لە ساڵی (٢٠١٤) لە سعودیە ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی قەتەر بۆ سێیەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.





- پاڵەوانێتی بیست و سێ لەساڵی (٢٠١٧) لە کوێت ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت،سوڵتان نشینی عومان، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی سوڵتان نشینی عومان بۆ دووەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

- پاڵەوانێتی بیست و چوارەم لە ساڵی (٢٠١٩) لە قەتەر ئەنجامدرا لەم پاڵەوانێتییە (٨) هەڵبژاردە بەشداریکرد وهەڵبژاردە بەشداربووەکانیش (سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، کوێت، سوڵتان نشینی عومانن، یەمەن، عێراق) بوون، و هەڵبژاردەی بەحرێن بۆ یەکەم جار نازناوەکەی بەدەستهێنا.

## جامی پاڵەوانێتییەکە

لە کاتی دەستپێکردنی جامی کەنداو لە ساڵی (١٩٧٠) تا ئێستا شەش جار دیزاینی جامی کەنداو گۆڕدراوە.

- یەکەم جامی پاڵەوانێتییەکە دیزانەکەی لە بەحرێن کرا و لە وڵاتی لوبنان دروستکرا لە ساڵی (١٩٧٠) جامەکە لە زیو لە دوو پارچەی زیتون و شیوەی شەش لایەن.

- لە ساڵی (١٩٧٦) وڵاتی قەتەر جامێکی تری پێشکەش کرد لە زێر.

- لە ساڵی (١٩٨٨) سعودیە جامێکی تری پیشکەش کرا و لە فەرەنسا دروستکرا لە شیوەی دار لەسەرەوەی نەخشەی وڵاتانی کەنداوی لەسەرە و لە ساڵی (١٩٩٠) دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراق جامەکە دزرا.

- لە ساڵی (١٩٩٢) قەتەر جامێکی تری پێشکەش کرد، کە لە لایەن هونەرمەندی قەتەری (سلێمان مالک) پیشکەشکرا و لە ئیتاڵیا دروستکرا.

- لە ساڵی (٢٠٠٢) سعودیە دیزانێکی تری پێشکەش کرد.

- لە ساڵی (٢٠٠٤) قەتەر جامێکی تری پێشکەش کرد بەبۆنەی گەرانەوەی عێراق بۆ پاڵەوانێتییەکە ئەم جامە لە وڵاتی ئیتاڵیا دروستکرا لە هەمان ئەو کارگەی، کە جامی جیهانی لێ دروستدەکرێت.

## گۆڵکاری مێژوویی


یاریزانی هەڵبژاردەی کوێت (جاسم یەعقوب) گۆڵکاری مێژووی پاڵەوانێتییەکەیە دوای ئەوەی (١٨) گۆڵی تۆمار کرد لە پلەی دووەم هەریەکە لە یاریزانان (حوسێن سەعید) ئەستێرەی عێراق و (ماجد عەبدوڵلا) ئەستێرەی سعودیە بە تۆمارکردنی (١٧) گۆڵ لە پلەی دووەم دێن و هەردوو ئەستێرەی کوێت (جاسم هوێدی) و (فەیسەڵ دەخیل) بەتۆمارکردنی (١٤) گۆڵ لە پلەی سێیەم دێت، نزیکترین یاریزان بۆ شکاندنی ئەم ژمارەیە یاریزانی هەڵبژاردەی کوێت (بدر متوعع)ـە، کە تا ئێستا لە یاریکردن بەردەوامە و خاوەن (١٢) گۆڵە، بەڵام پێش دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکە لە لیستی هەڵبژاردەی کوێت دوورخرایەوە.

## یاریگاکانی پاڵەوانێتییەکە

یارییەکانی جامی کەنداو ٢٥ لە شاری بەسرە لە هەردوو یاریگای (جذع النخلة)، کە لە شاری وەرزشی بەسرەیە ئەم شارە لە چوار یاریگەی مەشق کردن و یاریگایەکی سەرەکی و یاریگەی دووەم (فەیحا) پێکهاتووە.

یاریگەی (جذع النخلة) شوێنی (٦٥) هەزار هاندەر دەبێتەوە و یاریگەی (مینا) ئۆلۆمپی، کە شوێنی (٣٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە بەریوە دەچێت.

لە پاڵەوانێتی جامی کەنداوی ٢٥ لە بەسرە بۆ یەکەم جار لە عێراق سیستەمی ڤار بەکاردێت و هەروەها بۆ یەکەم جار لە عێراق بلیت بەشێوەی ئۆنلاین فرۆشرا.





# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی کاراتێی کوردستان بوون

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی کاراتێ لە کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە، بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی کاراتێی کوردستان و چاودێریی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، پاڵەوانێتی کاراتێی یانەکانی کوردستان بۆ ئاستی کچان بە بەشداری ١٦ یانەی شارەکانی کوردستان لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو لە هەردوو جۆری کاتا و کۆمێت، لەم پاڵەوانێتییەشدا کچە یاریزانانی یانەکانی کوردستان توانیان ئاستێکی بەرزی یاریی کاراتێ پێشکەش بکەن، دوای ئەنجامدانی چەندین ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان کچە یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکە، یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی باڵادەستیی خۆیان لە پێشاندا و توانییان ببنە پاڵەوانی پاڵەوانێتییەکە، بەم ئەنجامە.

١- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ١٣٠خاڵ
٢-یانەی هەڵەبجە ٨٠خاڵ
٣-یانەی چەمچەماڵ ٧٨خاڵ
٤-یانەی بەختیاری ٤٨خاڵ
٥-یانەی قەرەداغ ٤٦خاڵ



# یانەی بابان گۆڕانکاری دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی بابانی پارێزگای سلێمانی ئەمساڵ بەشدارە لە یارییەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی ڕاهێنەری یانەکە دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام کارگێڕیی یانەکە هەر زوو ڕاهێنەرێکی بۆ تیپەکە دەستنیشان کرد، ئاست و ئەنجامی تیپەکەش لە خولی پلەیەك وەکو پێویستە، تیپەکە دەیەوێت هەنگاو بۆ پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان بهاوێت، لەبارەی گۆڕانکارییەکانی لە ڕیزی یانەکەش (بگار ئەنوەر) سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاست و ئەنجاممان لە یارییەکانی قۆناغی یەکەم وەکو پێویست بووە و دەمانەوێت لە قۆناغی دووەمی خولەکەش گۆڕانکاری لە ڕیزی پێکهاتەی یانەکەماندا ئەنجام بدەین و لەم قۆناغەدا یانەکەمان لە ڕیزبەندی یانەکان ببەینە پێشەوە بۆ ئەوەی سەرکەوین بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، چەند یاریزانێك بەڕێ دەکەین و یاریزانی تازە دەهێنینە ڕیزی یانەکەمان، هەر چەندە ڕاهێنەر و یاریدەدەری یانەکەمان لە سەرەتای خولەکە دەستیان لە کار کێشایەوە، بەڵام هەر زوو ستافێکی تازەی ڕاهێنەرانمان دەستنیشان کرد، ئومێدی زۆرمان بەم یاریزانانەی خۆمان هەیە کە دەتوانین ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین لە داهاتوو.

# یانەی زانکۆی جیهان خۆی تۆکمە دەکات



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان کە ئەمساڵ بۆ یەکەم جار لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بەشداره و تا ئێستا ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست بووە لە خولەکە، بەڵام ئێستا خولەکە وەستاوە و یانەکانی کوردستانیش خەریکی خۆبەهێزکردنن بۆ یارییەکانی قۆناغی دووەم، یانەی زانکۆی جیهانیش دەیەوێت بۆ ئەم قۆناغە کە یارییەکانی بەهێزترە و تیپەکان کێبڕکێ دەکەن لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە خانەکانی پێشەوە بچێتە پێش، لەبارەی ئامادەکارییەکانیش بۆ قۆناغی دووەم (زیاد کەریم) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپەکەمان لە ئێستادا لە ئاستێکی باشدایە و دەمانەوێ لەم گواستنەوەی زستانەی یاریزاناندا تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر، بۆ ئەوەی بتوانین کێبڕکێ لەگەڵ تیپە بەشداربووەکانی دیکەی خولەکە بکەین، بۆیە لە ئێستادا خەریکی ئەوەین چەند یاریزانێك بهێنە ڕیزی پێکهاتەی یانەکەمان، بۆ ئەوەی تیپەکە زیاتر تۆکمە بکەین»، زیاد کەریم گوتیشی: «لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەراندا لە هەوڵی ئەوەداین تەنیا لەو هێڵانە یاریزان بهێنین کە کەموکوڕیمان هەیە، چەند یاریزانێکمان دەستنیشان کردووە و گفتوگۆشمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان کردووە، بۆ ئەوەی بیان گوازینەوە ڕیزی یانەی زانکۆی جیهان، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی یانەکەمان جیهان یەکێك بێت لە یانە بەهێزەکانی کوردستان، سوپاسی دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی یانەکەش دەکەین بۆ پاڵپشتیی بەردەوامیان لە تیپەکە، ئێمە تاکە یانەی ئەهلین لە کوردستان کە بەشداریی ئەو خولەمان کردووە و پشتمان بە خۆمان بە ستووە، ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆ سەرخستنی یانەکەمان دریغی ناکەین».

# بەدخۆراکی لە منداڵدا

بەدخۆراکی Malnutrition لە منداڵدا بە چەند شێوەیەك خۆی پیشان دەدات وەکو: باڵاکورتی (دواکەوتنی گەشە بە گوێرەی تەمەن)، پووکانەوە (کەمی کێش بەگوێرەی درێژی باڵا)، کەمبوونی کێشی لەش (کەمی کێش بە گوێرەی تەمەن)، لەگەڵ کەمی ڤیتامین و کانزاکان. گەشەی منداڵ لە سەرتاسەری جیهاندا بە نیشانەیەکی گرنگی ئاستی خۆراك و تەندروستی هەژمار دەکرێت. هۆکارەکانی بەخۆراکیی منداڵ: کەمی خۆراك، هەوکردنە میکرۆبییەکان، نەخۆشیی درێژخایەن، هۆکارەکانی دەوروبەر، لەگەڵ بێبەشبوون لە چاودێریی دەروونی و کۆمەڵایەتی. هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: رێکخستن و هاوسەنگکردنی خۆراك کە دەوڵەند بێت بە وزە و مادده خۆراکییە گرنگەکان Nutrients، خواردنی ژەمی بچوون لە نێوان ژەمە سەرەکییەکاندا، دۆزینەوەی هۆکارەکانی بەدخۆراکی و چارەسەرکردنیان لە لایەن دکتۆر، بەکارهێنانی یاریدەدەری خۆراکی Supplements Dietary لە مالتی ڤیتامین و کانزاکان و پرۆتین بە رێنمایی دکتۆر.




# بایەخی تەندروستیی زەردەچۆ

زەردوچـۆ Tumeric یـان کرکـم، جگـە لـە رەنـگ و چێـژ، مـاددەی کورکومیـن Curcumin لەخۆدەگرێـت کـە گرنگرتیـن ئاوێتـەی زەردەچۆیـە چونکـە دژەئۆکسـان و دژەهەوکردنێکـی بەهێـزە، کـە سوودی تەندروستیی زۆری هەیە وەکو: کەمکردنەوەی ئەگـەری نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، سـووککردنی نیشـانەکانی هەوکردنـی جومگە،خۆپاراسـتن لـە شـێرپەنجەی کۆئەندامـی هـەرس، پاراسـتنی توانـا و فرمانەکانـی مێشـك و کەمکردنـەوەی ئەگـەری نەخۆشـیی ئەلزهایمـەر، سـووککردنی خەمۆکـی، سـووککردنی نیشـانەکانی رەبـو و هەسـتەوەریی کۆئەندامـی هەناسـە، هاندانـی فرمانەکانـی جگـەر بەتایبەتـی پاککردنـەوەی لـەش لـە مـاددە زیانبەخشـەکان Detoxification و خۆپاراسـتن لـە زیادبوونـی چەوریـی جگـەر و بـەردی زراو، کەمکردنەوەی نۆرەکانی شەقەسەر و سەرئێشەی درێژخایـەن، هاندانـی کرداری هەرسکردنی خۆراك و سـووککردنی نیشـانەکانی گرژبوونـی کۆڵـۆن IBS، کۆنترۆلکردنـی ئاستی شـەکری خوێـن بۆیـە گونجاوە بۆ نەخۆشانی شـەکرە، باشترکردنی تەندروستیی پێست و هاندانـی دروسـتبوونی کۆلاجیـن، کۆنترۆلکردنـی پەسـتانی بـەرزی خوێـن و پاراسـتنی خوێنبـەرەکان، رێکخسـتنی ئاسـتی کۆلیسـتیرۆل و گلیسـریدە سـیانییەکان لـە خوێنـدا، پاراسـتنی تەندروسـتیی پەنکریـاس، بەهێزکردنـی سسـتمی بەرگریـی لـەش، هەروەهـا زیادکردنـی چالاکیـی ئینسـولین و رێکخسـتنی مامەڵەی لـەش لەگـەڵ چەوریـدا.



# ئایا وشە یەکتربڕەکان سوودی تەندروستی هەیە؟

لـە لێکۆڵینەوەکانـدا هاتـووە کـە شـیکارکردن، یـان تەواوکردنـی وشـە یەکتربـڕەکان Crossword puzzles سـوودی تەندروسـتی هەیـە، بۆنموونـە توێژەرانی زانکۆی پزیشکیی ئێکسیتر Exeter و کۆلێژی کینگی لەندەن ئەمەیان ڕوون کردوووەتەوە کە شیکارکردنی وشە یەکتربڕەکان بە بەردەوامـی، ئاسـتی تواناکانـی مێشـك تـا ڕادەیەکـی بـاش بـەرز دەکاتـەوە. لـە ڕاسـتیدا، ڕۆژانـە تەواوکردنـی وشـە یەکتربـڕەکان جگـە لـە باشـترکردنی توانـای سـەرنج و بیرکردنـەوە، سـوودی دیکەیشـی هەیـە وەك: سـووککردنی سـترێس و هاندانـی هێوربوونـەوە و خاوبوونـەوەی مێشـك، باشـترکردنی توانـای یـاد و بیرهاتنـەوە لـەو کاتـەی کـە وشـە یەکتربـڕەکان وەکـو مەشـقێکی چالاکـە بـۆ مێشـك، باشـترکردنی ئاسـت و کارامەیـی زمانەوانـی و بیرهاتنـەوەی وشـەکان کـە لەمێـژە بـەکار نەهێنـراون، پاراسـتنی تەندروسـتیی مێشك و بەهێزکردنی پەیوەندیی دەماری لە مێشکدا، باشـترکردنی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی، بەتایبەتـی لـە کاتـی هاوبەشـیکردن لەگـەڵ ئەندامانـی خێـزان، یـان کەسـانی دی بـۆ تەواوکردنـی وشـە یەکتربـڕەکان.





# سوودەکانی ماسکی قاوە

جگە لە سوودەکانی خواردنەوەی قاوە، بەکارهێنانی قاوە ڕاستەوخۆ بۆ پێست وەکو ماسك سوودبەخشە بۆ پاراستنی تەندروستیی پێست، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا. ئەمە ڕوونە کە سافی و گەشیی پێست بەهۆی بەرکەوتنی بە گەرد و تۆز، یان تەنۆلکەپیسکارەکانی هەوا و ماددەی چەور کەم دەبێتەوە، هەروەها ئەگەری سەرهەڵدانی زیپکە زیاد دەبێت. دانانی ماسکی قاوە ڕۆڵی هەیە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەم هۆکارە دەرکییانە، هەروەها هاندانی سووڕی خوێن لە پێستدا، کەمکردنەوەی ئاوسان و وشکبوون، سافکردنی پێست بەهۆی ڕامالینی چینی هەرە سەرەوەی پێست، هاندانی زووتر نوێبوونەوەی خانەکانی پێست Rejuvenation، هەروەها ڕێکخستنی گەشەی خانەکان و زیاتر دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین، هێشتنەوەی ئاستی شێداریی پێست، باشترکردنی توانای لاستیکیی پێست و دواخستنی کرداری لۆچبوون.




# زستان و کڕانەوەی قوڕگ

کڕانەوەی یان سووتانەوەی قوڕگ Sore throat حاڵەتێکی باوە، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، نیشانەکانی بریتین لە: ئازار، هەستکردن بە سووتانەوە، لەگەڵ نارەحەتی لەکاتی قووتدانی شلە یان خۆراکدا. فاکتەرە هاندەرەکانی تووشبوون ئەمانەن: جگەرەکێشان، پرخە، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ سوورێنچك و قوڕگ، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك دەرمان. هۆکارەکانی کڕانەوەی قوڕگ: هەوکردنە ڤایرۆسییەکان کە باوترین هۆکارن لە هەڵامەتەوە بگرە تا دەگاتە کۆڤید-١٩، هەوکردنە بەکترياييەکان، هەوکردنی ئاڵووەکان (لەوزەکان)، هەستەوەریی قوڕگ، ماددە وروژێنەرەکانی قوڕگ Irritants وەکو پیسکارەکانی هەوا و ماددە پاککەرەوەکان، هەوای وشك و گەرم لەوکاتەی کە ڕێژەی شێداری و پلەی گەرمی کاریگەری دەکەنە سەر ناوپۆشی لینجی قوڕگ، زیاد بەکارهێنانی دەنگ جا قسەکردن بێت یان هاوارکردن، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ سوورێنچك GERD بەتایبەتی کە درێژخایەن بێت.



# کەمیی پۆتاسیۆم هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن

پۆتاسیۆم زۆر گرنگە بۆ هێشتنەوەی ئاستی دروستی شلە لە ناو خانەکانی لەشدا، لەگەڵ هاوسەنگکردنی ئاستی بەرزی سۆدیۆم کە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها پۆتاسیم ڕۆڵی هەیە بۆ ڕێکخستنی لێدانەکانی دڵ و هاندانی فرمانی دروستی ماسولکە و دەمارەکان لەگەڵ دروستبوونی پرۆتین و میتابۆلیزمی کاربۆهیدرات. جگە لەمانە، پۆتاسیۆم دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی دیواری بۆرییەکانی خوێن، ئەمەش هاندەرێکی ترە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن. لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە کەمیی پۆتاسیۆم لە لەشدا Hypokalemia پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی مێشکەوە هەیە، هەروەها زیادکردنی پۆتاسیۆم لە خۆراکدا هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن. پێویستیی ڕۆژانەی پۆتاسیۆم بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ١٦٠٠-٢٠٠٠ ملگم (٤٠-٥٠ میللی ئیکویڤالەنت mEq). خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە پۆتاسیۆم: سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سپێناغ، سلق، خاس، پاقلەمەنییەکان، شیر و بەرهەمەکانی، ماسی، کوولەکەی زستانی، کاکڵەکانی گوێز یان باوی، مۆز، پرتەقال، سندی، کاڵەك، قەیسی.





## کەی پێویستە قژهەڵەوەرین بە هەند وەوربگیرێت؟

قژهەڵورین بە ڕێژەیەکی دیاریکراو دوچاری هەموو کەسێك دەبێت، بەڵام بۆ ئافرەت زیاتر جێگای نیگەرانییە، بەتایبەتی کە زیاتر و بەردەوام بێت. قژ بەردەوام گەشەدەکات و هەڵدەوەرێت، هۆکاری وەکو خۆراك، سترێس، بۆماوە، هاوسەنگیی هۆرمۆنی، ئاوێتەی جوانکاری، مەشقی وەرزشی، دووگیانی، وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەی ئافرەت، هەروەها زیانی لابەلای دەرمان، هەموویان ڕۆڵیان هەیە لە چەندێتی هەڵوەرینی ڕۆژانەی قژدا، پێویستە درك بەمە بکرێت کە کەی پێویستە قژهەڵوەرین بە هەند وەربگیرێت و پێویست بە بەدواداچوونی پزیشکی بکات. پسپۆڕانی پێست جەخت دەکەنەوە کە لە هەر کەسێکدا ڕۆژانە هەڵوەرینی ٥٠-١٠٠ تاڵە مووی سەر زۆر بە ئاسایی هەژمار دەکرێت و هەرگیز کاریگەری ناکاتە سەر شێوەی ڕوخسار، ئەگەر هەڵوەرینەکە لەم ژمارەیە زیاتر و بەردەوام بوو کە تەنکبوونی قژ بە ڕوونی تێبینی بکرێت، ئەوا پێویست بە بەدواچوونی پزیشکی دەکات.



# داری زیرەک وێستگەیەکی وزە ژینگەیەکی رازاوە

داری زیرەك Solar tree ئامرازێکی ئەلکترۆنی زیرەك کە وزەی خۆی لە خۆر وەردەگرێ و لە شێوەی دار دەچێت و لە شەقامەکان، شوێنە گشتییەکان، پارکەکان دادەنرێ، هەم رووناکی هەیە و هەم جوانی و هەم وزە.

لە هەندێك وڵاتی جیهان وەك بەریتانیا و ئیمارات و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی لە شەقامەکاندا داری زیرەك دەبیندرێ کە بە وزەی خۆر کاردەکات و وزەش دەبەخشێتەوە.

## سوودەکانی داری زیرەك

کاتێك لە پارکێك دانیشتووی، مۆبایلەکەت شەحنی تێدا نامێنێ و شەحنکەرەوە واتە chargerت لەلا نییە، ئەگەر شەحنکەرەوەش هەبێت وزەت گیرناکەوێ. لەوکاتەدا پەنا بۆ داری زیرەك دەبەن هەم وزەت دەبەخشێ هەم لە ژێریدا گوێ لە گۆرانی یا پارچە مۆسیقایەك دەگری چونکە لە بەشێکیاندا مۆنیتۆر هەیە و هێڵی ئینتەرنێتیش و دەکرێ ماڵپەڕێکی مۆسیقی بکەیەوە و گوێ لە گۆرانی بگری. یا سیستەمی وای-فای کراوەی هەیە و لە هێڵی وای-فای دارەکە سوود وەردەگرێ.

## تایبەتمەندی داری زیرەك

دەکرێت بەهۆی داری زیرەکە شارێك بە ناوەندێکی ئینتەرنێتی ببەستیەوە و ئیدی دانیشتوانی شار لەو هێڵە سوود وەربگرن. کاتی شەو بەهۆی هەڵبوونی گلۆپەکانی رووناکی دابین بکرێ. دیزاینی دارەکەش بە جۆرێکە کە سیمای شار دەگۆڕێ و جوانییەکی تایبەتی پێدەبەخشێ.

## داری زیرەك و بڵاوکردنەوەی زانیاری

لە شاشە تایبەتییەکانی داری زیرەك دەکرێ زۆر سوود وەربگیرێت، دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێك بەکار بێت بۆ کردنەوەی ماڵپەڕەکان، هەروەها دەکرێت زانیارییە گشتییەکان، وەك هەواڵەکان، کەش و هەوا، راگەیاندراو و ئاگادارییەکان بڵاو بکرێتەوە. هەروەها دەکرێت وەك شاشەی ریکلامی بازرگانیش بەکار بێت.

# نەوەی نوێی کتێبخوێنەکەی ئامازۆن



ئامێر یا شاشەی تایبەت بە کتێبخوێندنەوە. یا کتێبخانەی دیجیتالی گەڕۆك ئەو ئامێرانەن کە تەنیا لەیەك شاشە پێکهاتوون و زۆربەیان ڕەش و سپین تایبەتن بە کتێب خوێندنەوە. دەکرێت لەو کتێب خوێنانەدا هەزاران کتێبی هەڵبگری و هەر کتێبێك پێویستت بێ دەستبەجێ بیکەیەوەو بیخوێنیەوە.. زۆرکەس دژی ئەو جۆرە کتێب خوێندنەوەن و دەڵێن چێژی کتێب خوێندنەوەی سەر کاغەز نابەخشێت.

کتێبخوێنە ناسراوەکەی ئامازۆن واتە کیندڵ Amazon Kindle لەریزی یەکەمەکانی کتێبخانە دیجیتالییەکان دێت. لە دوایین ڤێرژنی کیندڵدا ئامازۆن گۆڕانکاری لە شاشە و باتری کتێبخوێنەکەیدا کردووە. شاشەکەی ٦ ئینجە، کێشی کەمە و هەتا مانگ و نیوێك پێویست ناکات شەحن بکرێتەوە. کێشەکەی تەنیا ١٥٨ گرامە. میمۆرییەکەی ١٦ گیگابایتە. ئەگەر ڕۆژانە نیو کاتژمێر کتێب بخوێنیەوە هەتا ٦ هەفتە وات مانگ و نیوێك شەحنی دانابەزێت.

# دی جی رکابەری گۆپرۆ دەکا

کۆمپانیای گۆپرۆ لە بەرهەمهێنانی کامێرای ئەکشندا لە ریزی یەکەمەکان دێت و تا ئێستا هەر لە پلەی یەکەمدا بووە. بەڵام DJI بە بەرهەمهێنانی کامێرای جۆری Osmo Action 3 رکابەرێکی جیدی گۆپرۆ دەکات.

کامێرای Osmo Action 3 دژە تەڕبوونە و لە ناو ئاویشدا دەکرێت وێنە و فیلمی پێبگری، باترییەکەی بەهێزە دەتوانێت دوو کاتژمێر و نیو فیلم هەڵبگرێتەوە. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی 4Kیە. لە ٢٠ پلە ژێر سفریش کار دەکا. لە قوڵایی ١٦ مەتر لە ئاودا کێشەی بۆ نایەتە پێش. کێشی تەنیا ١٤٥ گرامە. شاشەیەکی بچووکی ١,٤ ئینجی لە پێشەوەیە و هەروەها شاشەیەکی ٢,٢٥ ئینجی لە پشتەوەیە. سێ مایکی لەسەر داندراوە و کە دەکرێ لێبکرێنەوە.





# ماوسی سێ ڕەهەندی ئەرکەکان ئاسان دەکاتەوە

ماوس لە کۆمپیوتەردا ئامێرێکە زۆبەی فەرمان و ئەرکەکانی کۆمپیوتەر بەو ئەنجام بدرێ، جا ئەگەر ماوسی سێ ڕەهەندی بێت دەبێ چ بکا؟

ماوس یان لە راستیدا ئامێری Orbital 2 Creative Joystick بۆ گۆشت ئامێرێك دەبێت، بۆ تەبلێت و لاپتۆپ و دیسکتۆپ و بۆ هەموو سیستەمێکیش دەگونجێت. بەهۆی ئەو ماوسەکە کە لەراستیدا تەنیا دوگمەیەکە و بە هەموو لایەدا دەسووڕێت، کۆنترۆڵی وردی پرۆگرامەکانی، ڤیدیۆیی، دەنگ و گرافیك و نەخشەسازی ..تاد. دەکرێت. لەو ماوسەدا پێوستت بە دوو پەنجەیە بۆ سووڕاندنی دوگمەکە و هیچی دیکە. دەکرێت وای پرۆگرام بۆ دابندرێت کە ٣٢ هەتا ٢٥٦ ئەرك ئەنجام بدات. ئەرکی کیبۆردیش لەکۆڵ بکاتەوە.

دەکرێ سەدان فەرمانی پێ بسپێردرێت. هەروەها بە تێکەڵکردنی سێ جوڵە فەرمانە سەخت و دژوارەکانیش ئەنجام بدات. کردنەوە و دەستکاری کردنی پرۆگرامەکان بەبێ ئەوەی کیبۆرد بەکار بهێندرێت بەو ماوسە سێ ڕەهەندییە بسپێرە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت پاش ئەوەی مۆبایلەکەم ون بوو، لە دوورەوە زانیارییەکان بسڕمەوە؟**


خوێنەری بەڕێز دوو ڕێگا هەیە بۆ سڕینەوەی زانیارییەکانت لە ڕێگای دوورەوە، یەکەم هەر ئەو جیمێلەی کە لە مۆبایلەکەتدا ئەکتیڤە، دەکرێت بە لە کۆمپیوتەردا لە گوگڵدا سێرچ بکەی و بنووسی find my phone لەوێدا ئەگەر مۆبایلەکەت هێڵی لەسەر بێ بەیەك چرکە دەیانسڕیەو. ئەگینا بە پرۆگرامی Sec-Addon ئەم کارە دەکرێت، بەڵام دەبێ لە پێشدا ئەم پرۆگرامە لەسەر مۆبایلەکەت هەبێت، دواتر بەناردنی یەك کورتە نامە کە پێشووتر داتناوە بۆ ژمارەکەی خۆت دەنێری و زانیارییەکان دەسڕێنەوە.

# پرۆگرامێک بۆ نەخشەسازی خانوو و باخچەکان

پرۆگرامەکانی نەخشەسازی گەلێکن، رەنگە پرۆگرامی ئۆتۆکاد لە ریزی یەکەمی پرۆگرامی نەخشەسازی دابێت، بەڵام ئۆتۆکاد شارەزایی و لێزانینی زۆری دەوێت. پرۆگرامی DreamPlan لە ریزی یەکێك لە سادەترین و بێ گرفتترین پرۆگرامەکان دێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئەگەر شارەزاییەکی ئەوتۆشت لەسەر کۆمپیوتەر و بەشی دیزاین و نەخشەسازی نەبێت، ئەوەی مەبەستتە لە خانوو باخچە و تەنانەت ڤێلاش دیزاین بکەی.

لەناو خودی پرۆگرامەکەدا دیکۆراسیۆنی دوو رەهەندی و سێ رەهەندی تێدایە، وەك دار و دیوار و سەوزایی و دیکۆراتی دیکە. هەروەها چوارچێوەی باخ و دیمەنی تێدایە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی بە کورتی:

- دیزاینی ماڵ و ژوور و تەنانەت بن میچیش.
- شێوەی نیشاندانی دوو دەوری و سێ دەوری و پانۆرامایی
- بە ئاسانی بەکار دێت و پێویستی بە لێزانینی زۆر نییە.
- دیزاینی ناوچەی سەوز و دەوروبەری ماڵ
- دیزاینی باخ و سەوزاییەکان
- دیزاینی ژوورەکانی دەرەوە و ژوورەوە.






## سیستەمی ویندۆز بۆ ئامێرێکی گەڕۆکی یاری

ئامێرەکانی تایبەت کردن بە یاری ئەلکترۆنی گەلێکن، وەك لاپتۆپ، پلەی ستەیشن، نیتندۆ، کۆنسۆلەکانی یاری کردن...تاد. کۆمپانیای GPD نوێترین کۆنسۆلی یاری خۆی کە سیستەمی ویندۆزی لەسەرە بەناوی Win4 بەرهەم هێنا. ئامێرە نوێیەکە یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری AMD یە و شاشەکەی فوول ئیچ دی و ٦ ئینجە. شوێنی داکردنی داتاکانی ٢ ترابایتە.

کێشی تەنیا نیو کیلۆیە. لە مادەی پولی کەربۆنات بەرهەم هاتووە. لە دیزایندا لاسایی ئامێری PSP سۆنی کراوەتەوە و زۆر وەك ئەو دەچێت. کیبۆردێکی هەیە کە کاتێك شاشەکە بەرەو سەرەوە دەکێشێ کیبۆردەکە دەردەکەوێت و دەکرێت بەهۆی ئەو دوگمانە باشتر کۆنترۆڵی یارییەکە بکەی.



## ماڵپەڕێک بۆ وێنەگران

جیهانی وێنە لە ئینتەرنێتدا بەشی هەرە زۆری داگیرکردووە، بە هەزاران ماڵپەڕی تایبەت بە وێنەگران و جیهانی وێنەگەری هەیە. ماڵپەڕی petapixel.com لە ریزی یەکێك لە باشترین ماڵپەڕەکانی تایبەت بەو بوارە دێت. ئەو ماڵپەڕە لە راستیدا ئاژانسێکی هەواڵی دونیای وێنەگرییە. لەو ماڵپەڕەدا نوێترین زانیارییەکان تایبەت بە وێنە، کامێرای نوێ و رەخنەی تایبەت بە وێنەگەری هەیە. بەشێکی تایبەتی تایبەتی بە گێڕانەوەی بیرەوەری وێنەگران هەیە کە لە کاتی وێنەگرتندا تووشی چ گرفتێك یا رووداوێکی خۆش و ناخۆش بوونە. هەروەها بەشێکی تایبەتی تێدایە بۆ پاراستنی مافی وێنەگران و کێشەی کۆپی کردن و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەبێ ئیزنی خۆیان تێدایە.

## فڕین بە ئاسمان و ڕۆیشتن بە دەریادا

کۆمپانیایەکی بواری بەرهەمهێنانی ئامرازی ئەلکترۆنی ئامرازێکی نوێ بەناوی The Flying Hovercraft بەرهەم هێناوە کە وەك باڵندە بە بە ئاسماندا دەفڕێ و وەك کەشتیش بە دەریادا دەڕوات.

فڕۆکە کەشتییەکە بە وزەی بەنزین کار دەکات و دەتوانێت لە شەش مەتر لە زەوی بەرز بێتەوە و زیاتر لە سەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات و کاتێك تانکیەکەی پڕ بەنزین دەبێت دەتوانێت ٢٥٠ کیلۆمەتر بڕوات.

ئامرازە نوێیەکە دەتوانێت لە دەریادا و هەروەها لەسەر خیز و گڵ و زەلکاو و بیاباندا، بڕوات تەنانەت لەناو بەستەڵەك و بەفریشدا. بەشێکی زۆری پێکهاتەکەی فایبەر گڵاسە کە هەم کێشی سووکە و هەم پتەو و خۆراگریشە. دەتوانێت لە کاتی هاتنی بایەك بە خێرایی ٤٠ کیلۆمەتریشدا بڕوات و لە شەپۆلی دەریاش کێشەی بۆ نایەتە پێش. لە کاتی فڕیندا دەتوانێت کێشی ٢٧٢ کیلۆ هەڵبگرێت.



## چۆن مامەڵە لەگەڵ حاڵەتی شەرمنی دەکەیت





شێوازی مامەڵە و کەسایەتی بۆ ئافرەتان گرنگە، بۆیە پێویستە لە هەموو شوێنێك ئەتەکێت و شێوازی مامەڵەیان جیاواز بێت و، دیمەنێك نەبەخشن کە مایەی شەرمەزاری بێت، ڕۆژانەی ژیانی کچان پڕە لە حاڵەتی شەرم و شەرمەزاری، هەندێك جاریش شکانەوەی تێدا بەدی دەکرێت، لێرەوە چەند خۆ ئامادەکارییەك هەن کە یارمەتیت دەدەن لەو کاتانە ڕزگارت ببێت، سەرەتا کاتێك کەسانێك دەبینیت کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە یان ناویانت بیر چووەتەنە، مەشڵەژێ و دوای سڵاوو هەڵپرسین، هەواڵی کاری ئێستای بپرسە، بە خاتوون یان بە برای بەرێزم بانگی بکە. کاتێك کەسێکی ناودار سڵاوت لێ دەکات، هێندە تەماشای مەکە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی وەك کەسێکی ئاسایی وەری بگرە، هەمیشە لە کاتی قسەکردن سەیری ناوچاوی کەسی بەرامبەر بکە، لەگەڵ زەردەخەنەیەکی کەم بە بەردەوامیش نەبێت. کاتێك دەچیتە شوێنێك، کۆمەڵە کەسێك لەوێ بوون، یەکێکیان دەناسی، سەرەتا سڵاو لە هەمووان بکە، پاشان ئەو کەسەی دەیناسیت، یان دەتوانی سەرەتا سڵاو لە کەسی ناسراوت بکەیت و پاشان ئەوانی دیکە، ئەگەر چویتە شوێنێك کەست نەدەناسی، دەتوانی خۆت نزیك بکەیتەوە لەو کەسانەی هەست دەکەی دیارن و کەسانی بەرزن، ئاساییە خۆت بناسێنیت یان بابەتێك بکەیتەوە تاوەکو ناسیاوی دروست بکەیت، کاتێك ڕات وەردەگرن پۆزەتیف بە، نەوەك نیگەتیف.

## جلی کاجواڵ بۆ بۆنە و یادی تایبەت و گشتی



لەم ماوەیەدا بۆنە و یادەکان زۆر دەبن، بەمەش خانمان پێویستە جلێکی تایبەت و کاجواڵیان لەبەر بێت، تاوەکو جێگەی خۆیان لە نێو ئاهەنگەکاندا بکەنەوە، بەتایبەت لە بۆنە و یادی فەرمیدا، بۆیە دەبێت پابەندی چەند ڕێنماییەکی پسپۆڕانی جلوبەرگ بیت، لەوانە: تۆنی ئەترەش کە پسپۆڕە لە ئامادەکردنی جلی بۆنەرو یادەکان، ئاموژگاریی ئەو پسپۆڕە بۆ ئافرەتان ئەوەیە: جلەکانی بۆنە و یادەکانی ئەو وەرزە پێویستیان بە سەرنجڕاکێشیی زۆر نییە، ماکیاژ و ڕەنگەکان ئەو کارە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام سادەیی و ناسکیی کراسەکەت دەبێتە هێمایەك بۆ جوانیت، بە تایبەت ئەوانەی ڕەنگی سپی و قاوەیی و ڕەش و سوورن، هەر یەك لەو ڕەنگانە بۆ کراسەکانی بۆنە و یادەکان جوانترین و ناسکترین دیمەنیان دەبێت، هەروەها لە بارەی شێوازی کراسەکانەوە، تۆنی دەڵێت: ناکرێت کراسەکانی بۆنە و یادەکان هێندە تەسك بن کە نەتوانی بە ئارەزووی خۆت جووڵە و هاتوچۆ بکەیت، هەروەها پێویستە کراسەکەت بەپێی قەبارەی خۆت بێت، چونکە گەورەیی و بچووکی لە قەبارەی کراسەکەتدا، دەبێتە مایەی تێکدانی شێوەی خۆت و کراسەکەت، هەروەها نایابترین مۆدی کراسەکانی بۆنە و یادەکان بریتین لەوانەی کە لە بەشی سەرەوە تەسکن و لە خوارەوەش فراوان دەبنەوە، هاوشێوەی مۆدە کراسەکانی سەندرێلا.



# مامەڵەی نەرم لەگەڵ قژت بکە

دەستلێدان و شانەکردنی توندی قژ، هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی مووەکان لە ڕەگەوە، کە ئەوەش کاریگەری لەسەر لاوازبوونی قژت دەکات، بەم چەشنە بەشێکی مووەکان دەکەون و هەندێ جاریش نایەنەوە، چەندین هۆکار هەن کە قژت هەڵدەوەرێنن لەوانە: بەستن، یان پاڵەپەستۆ و هێز کە قژ پێی کاریگەر دەبێت، بۆیە تا دەتوانیت لە بەستنی قژتدا نەرم بە، چونکە ڕاکێشان و توندیی زۆر دەبێتە هۆی شێواندنی جوانیی مووەکان و، هەروەها بێهێزکردنی ڕەگەکانیش، بۆیە تا دەتوانیت بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ قژتدا بکە، نیگەرانی و باری دەروونی: پسپۆڕان پێیان وایە نیگەرانی ودوودڵی و بارگرژیی دەروونی هۆکارێکن بۆ هەڵوەرین و وشککردنی مووەکانی قژ، بۆیە تا دەتوانیت کێشە و باری دەروونی لەسەر خۆت ئاسان بکە و بە هەندیان وەر مەگرە. جگەرکێشان: بە هیچ شێوەیەك بیر لە جگەرەکێشان نەکەیتەوە، هەروەها هەوڵ بدە لەو شوێنانە دوور بکەویتەوە کە جگەرە و نێرگەلەی لێ دەکێشرێت، چونکە زیانی بۆ قژت دەبێت. ئاوی گەرم: گەرماوکردن و شووشتنی قژ بە ئاوی گەرم هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێکدان و شێواندنی قژت، بۆیە تا دەتوانیت ئاوی گەرماو و شووشتنی قژت شلەتێن بێت. هەروەها نابێت لە کاتێکدا کە قژت تەڕە بیبەستیت. تیشکی خۆر: کاریگەریی تیشکی خۆر لەسەر قژ بەهێزە و بۆیە بەرکەوتنت بۆ بەر خۆر، کاریگەریی خراپی لەسەر قژت دەبێت و ئەنجامی نێگەتیڤی بۆ سەر قژت دەبێت. خوراندنی قژ: بە هەر هۆکارێك بێت نابێت هێندە دەست لە قژت بدەیت و هەروەها خوراندن و دەستلێدانی زۆری قژ، دەبێتە هۆی تێکدانی جوانیی قژت.

# بەهرە و کارامەیی ئافرەتێک لە گوڵ فرۆشتن

لـە دێـر زەمانـەوە ئافرەتانـی کـورد دەسترەنگین و کارامـە بـوون، جـاران بـە شیشـك و چنیـن و تـەون چەندیـن مافـوور و ڕایـەخ و کومباریـان دەچنـی، تەنانـەت هەندێکیـان نەخوێندەواریش بـوون، کەچـی بەهـرەی دەسـت و مێشـکیان زۆر بـەرز بـوو، بەرهەمـە خۆماڵییەکانـی پێشـوو شـاهێدن لەسـەر لێهاتوویـی ئافرەتانـی کـورد. خەنسا مەجیـد، خاتوونێکـی شـاری هەڵەبجەیـە، تەمەنـی ٣٢ سـاڵە و خێزانـدارە دایکـی منداڵێکـە، هەروەهـا خـاوەن پێداویسـتی تایبەتـە و نەخۆشـیی شێرپەنجەشـی هەیـە، بـەڵام هەمـوو ئەوانـە ڕێگـر نەبـوون لـەوەی بەهـرە و توانـای خـۆی لـە گـۆڕ بنێت، حـەز و ویسـتی بـۆ گـوڵ و گوڵـزارەکان زۆرە، ئـەوەش وای کـردووە کـە کاری گـوڵ و مەرکانەگـوڵ فرۆشـتن لـە ڕێگـەی ئۆنلاینـەوە بـکات، گوڵفرۆشـەکەی هەڵەبجـە بەپێـی داواکاری گـوڵ لـە وڵاتانـی هۆڵەنـدا و تایلەنـد و ئێـران دەهێنێـت، ئەویـش لـە ماڵـەوە و بـە دەستەکانی خـۆی گوڵـەکان دەڕوێنێـت و پاشـان بە دانـە و دەسـتە بـە خەڵکـی دەدات، کارەکـەی بـە شـێوەی ئۆنلایـن دەکات، بـۆ ئەوانـەی کـە یـاد و بۆنەیەکیـان هەیـە، یـان بـۆ ڕۆژی مارەبڕیـن و هاوسـەری و زەماوەنـدی بووکگواستنەوە کۆمەڵێـك گوڵـی جوان ئامادە دەکات، هەروەها گوڵـی دیکـەی هـەن لـە نێو مەرکانـدا دەڕوێنێت بۆ ئەوانـەی حـەز دەکـەن مەرکانـەی گـوڵ لـە مـاڵ و شـوێنی کار و فەرمانگـەکان دابنێـن، وەك خـۆی دەڵێـت: «گـوڵ هێمـای جوانـی و ئارامییـە، بۆیـە ئـەو کارە دەکـەم تـا بتوانـم دەسترەنگین بـم، داواکاری لەسـەر بەرهەمەکانـم زۆرە و ڕۆژانـە دەیـان مەرکانـە و دەستەگوڵ بـە خەڵـك دەدەم».

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**



# یاریگای سەر داخراو و ڕوون

کارێکـی تـازەی بـواری ئەندازیارییـە، کـە یاریـگای داپۆشـراو بێـت و بـەڵام ئاسـمان و سـەرەوە بـە ڕوونـی دیـار بێـت، ئـەو پرۆژەیـە لـە شـەقامی (سـوزدال) لـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری مۆسـکۆی پایتەخـت رووسـیا دروسـت دەکرێـت لەژێـر ناوی (نرۆدۆڤی ڕیزیرڤی) ئەو یاریگایە لە سێ نهۆم پێك دێت و پاککردن و ڕێکخستنی هەوای نێو یاریگاکە بە ئامێری هەستەوەر چێ دەکرێت، هەر پارچەیەکی سەرەوەی ئەو یاریگایە لە ماددەی ئەلەمنیۆم و شووشە دروست دەکرێت، ڕۆبۆتەکانیش کۆنترۆڵی باری ئاگرکەوتنـەوە دەکـەن و چەندیـن بەشی جۆراوجۆریش لـە خۆ دەگرێت، لەوانـە: کافتیریـا، چێشـتخانە، ژووری خۆگۆڕیـن و پشـوودان، بەمـەش دەبێتـە یەکەمیـن یاریـگای داخـراوی سـەقف ڕوون کـە تـا ئێسـتا هیـچ یاریگایەکـی جیهـان بەم چەشـنە دروست نەکـراوە و هەموویـان سـەرەوەیان کراوەیـە، هەرچەنـدە ئـەو پرۆژەیـە بـە مۆندیالـی سـاڵی (٢٠١٨)ی ڕووسـیا نەگەیشـت، بـەڵام یەکێـك دەبێـت لـە پـرۆژە ناوازەکانـی بـواری وەرزش.







## وێنەی دەرچوون لەگەڵ گیانداری ترسناک

کچێکی ئەمریکی دەیەوێت بۆ ناوبانگ و کارێکی تازە، مۆدێکی نوێ وێنەگرتنی ئاهەنگی دەرچوون پەیڕەو بکات، کە خۆی دۆستی گیاندارانە و هەمیشە خۆی لە گیاندارە ترسناکەکان نزیك دەکاتەوە، ماکێنزی نۆڵاند، دەرچووی کۆلێژی زانستی زیندەوەرزانیی دەریاییە، لە ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونیدا چەندین وێنەی یادگاریی لەگەڵ تیمساحی گەورە و زەبەلاح گرتووە و بڵاوی کردوەتەوە، هەر یەکێك لەو تیمساحانە بە ناوی (BIG TEX) دەناسرێت، کە درێژییان تا چوار مەتر دەبێت، ئەو جۆرە تیمساحە لە دەریاچەکانی ویلایەتی تیکساسدا هەن، ژمارەیان نزیکەی (٤٥٠) دانە دەبێت، سەردان و لێکۆڵینەوەکانی ئەو کچە قوتابییە لەسەر زیندەوەر و گیاندارەکانی نێو ئاو و دەریادا، وای کردووە کە شارەزای زۆربەی گیانداران بێت و هەروەها دەزانێت کە چۆن مامەڵەشیان لەگەڵ دەکات، هەر بۆیە بەبێ ترس و بە جلی دەرچوونەوە چەندین وێنەی جۆراوجۆری لەگەڵ تیمساحە زەبەلاحەکان دەگرێت و بڵاویشی دەکاتەوە.

## پاشماوەی مرۆڤ دەبێتە سەرچاوەی وێنەی ڕوخسار

ئەوانەی لە شوێنە گشتیەکاندا پاشماوەکانیان یان بەشێك لە جەستەیان وەك، موو، نینۆك، یان ئاوی دەم و لووت جێدەهێڵن، دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ دووبارە نەخشاندنی شێوەیان بە پێی بەرنامەیەکی زانستی بە ناوی دروستکردنەوەی ڕوخسار - face-generating، کە لەلایەن قوتابییەکی دکتۆرا بەناوی (هێپەر داوی هاگبۆرگ) دروست کراوە، کە دواجار لە نمایشی ڕۆژهەڵاتی هامپۆتۆن لە شاری نیویۆرکی ئەمریکی نمایشی کرد، کارەکەی بووە جێگەی سەرنجی هەمووان بەهۆی ئەوەی توانی چەند چاپێکی سێ دووری دروست بکاتەوە بە وەرگرتنی دی ئێن ئەی لە پاشماوەی جگەرە فڕێدراوەکانی سەر شەقام، کە شێوەیانی دروست کردووەتەوە بەوەرگرتنی زانیارییەکانی (دی ئێن ئەی)ـە کانیان.



## به سەر و قژی لە گەورە دەچێت



ئەو منداڵە کچە ناوی (شین ئینکۆ)یە تەمەنی حەوت مانگە، هێندە جوان و خنجیلانەیە، بووەتە جێگەی سەرنجی هەمووان، تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەوادارێکی زۆری هەیە، وەك ئەوەی کەسێکی بەناوبانگ بێت، ماوەماوەش دایك و باوکی وێنەی دەگرن و لە تۆڕەکاندا بڵاوی دەکەننەوە. قژی ئەو منداڵە بەهێزە و پڕە، جیاوازیی لەگەڵ منداڵی ئاساییدا ئەوەیە کە قژی هیچ منداڵێك لەو تەمەنەدا بەم چەشنە نییە و نەبووە، تەنانەت دیزاینەرێکی بواری قژ بە ناوی (فیلیب کینگسلی) ئامادەیی خۆی دەربڕیوە لە ئێستاوە ئارایشتگاری ئەو منداڵە بێت، تا گەورە دەبێت.

## ڕێکلام




## یاسا

ئەو حاڵەتانە چین کە دادوەر ناتوانێت داوا ببینێت؟


هەندێ حاڵەت هەیە کە پێویستە دادوەر(حاکم) واز لە بینینی داوەکە بهێنێت و دادوەرێکی دیکە ببینێت، وەك لە مادە (٩١) ی یاسای دادبینیی شارستانی ژمارە(٨٣) ی ساڵی ١٩٦٩ باسی کردووە، ئەوەش بۆ بەدیهاتنی دادپەروەرییە، چونکە دادوەریش مرۆڤە و لەوانەیە نەتوانێت دادپەروەر بێت، لەم حاڵەتانە: ئەگەر دادوەر لەگەڵ یەکێك لە لایەنەکانی داوا پلەی خزمایەتییان هەبێت تا پلە چوار، ئەگەر کێشەیەکی کۆن هەبێت لە نێوان دادوەر و یەکێك لە لایەنەکانی داوا یان کەسوکاری دادوەر و یەکێك لە لایەنەکانی داوا، ئەگەر دادوەر پێشتر وەکیل یان وەصی یان قەیمی یەکێك لە لایەنەکان بوو بێت، ئەگەر ئەو داوایە بەرژەوەندیی یەکێك لە کەسوکاری دادوەری تیا بێت وەك دایك و باوك و خێزان و منداڵ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لایەنی سۆزداری زاڵ نەبێت بەسەر ئەو بڕیارە کە دەیدات، ئەگەر پێشتر ڕای خۆی دابێت لەسەر ئەو کێشەیە، وەك: پرسیان پێ کردبێت، شارەزایی هەبوبێت و وەك شارەزا قسەی تێدا کردبێت، هەندێك حاڵەتی دیکەیش هەیە وەك ئەوەی لایەنەکانی داوا دراوسێ یان هاوڕێی نزیکی دادوەر بێت، خۆی سەرپشکە لەوەی ببینێت یان نا، بەڵام ئەو پێنج حاڵەتەی سەرەوە ئیجبارییە کە نەیبینێ.

## کاریکاتێر



ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە خۆیان و ژیانیان پابەند کردووە بە پارە و سامان، کەچی ئاگاداری ئەوەش نین کە ژیان لە هەر ساتێکدا بێت دەڕووخێت.

## کتێب



**سلاو جوانکیلە - Hello Beautiful**

کتێبێکی تازە و ڕۆمانێکی پرجۆشی کچە نووسەر (ئان ناپۆلیتانۆ)یە کە دەرچووی زانکۆی نیویۆرکە، خاوەن خەڵاتی goodreads چەندین ڕۆمانی دیکەی هەیە، لەوانە: dear Edward، A good hard lock، within arm's reach، ڕۆمانەکەی باس لە خۆشەویستی دەکات کە چۆن کەسێك بە تەواوی تێك بشکێنێت، هەروەها دۆستایەتیی نێوان هاوڕێیان و خێزان دەخاتە ڕوو، لە ئێستادا کتێبەکە چاپ کراوە و لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی نوێدا.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کەسانی چواردەورت دروست دەکات و وزەی ئەرێنییان پێ دەبەخشێت، سوود لەو وزە زۆری ناخت ببینە پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پاڵپشتی هاوڕێکانت بکە و یارمەتییان بدە ئەگەر داوای هاوکارییان لێ کردیت، چاوت لەسەر خۆشەویستەکەت لامەبە، گرفتەکانی ئەم کۆتاییە ڕەنگە هۆکارێت بۆئەوەی لەدەستی بدەیت، لە ئێستادا تەندروستیت جێگیرە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە کۆتاییدا دەگەیت بەو ئاسوودەییەی ماوەیەکی زۆرە بەدوایدا دەگەڕێیت و هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەیت، کاتی ئەوەیە لە دوژمنەکانت خۆشببیت و ڕابردوو جێ بهێڵیت، پێویستت بەوەیە لاپەرەیەکی نوێ لە ژیانتدا هەڵ بدەیتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو بڕیارانەی دەدەیت لە ڕووی پیشەییەوە کاریگەری لەسەر بەرەوپێش چوونی کارەکەت دروست دەکەن، بەوردی بیربکەرەوە، لە ژیانی تایبەتیتدا بورجەکەت چەند ئاماژەیەکی ئەرێنیت پێ دەدات، هەربۆیە پێویست بە نیگەرانی ناکات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئاسان نابێت لە ڕووی پیشەییەوە تەواوی ئەرکەکانت بەجێ بگەیەنیت، پێویستت بە ڕێکخستنەوەی کات هەیە، بیربکەرەوە لەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت گۆڕانکاری ئەنجام بدەن، بە تەنیا هەوڵی چارەسەری کێشەکان مەدە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا هەست بە تێکچونی تەندروستیت دەکەیت، پێش ئەوەی دەست بە چارەسەر بکەیت، هەوڵ بدە هۆکارەکەی بدۆزیتەوە، لە ڕووی پیشەییەوە کاتێك باردودۆخەکان سەخت دەبن، خۆت نیگەران مەکە، هەوڵ بدە ئارام بیت.

بۆ زانیاریت

# دوو مانگ بە دەوری زەویدا



زانایانی بوورای گەردوون و هەسارەناسی لە بیردۆزەیەکی نوێدا دەڵێن ڕەنگە زۆر دەمێك لەمەوبەر دوو مانگ بە دەوری زەویدا خولابنەوە، ئەوانەی لە سەرەتای مێژووی سیستمی خۆریدا دروست بوون و پاشان وردەوردە بە یەکیاندادادوە و یەك مانگیان پێك هێناوە. لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتێکدا پەیامنێری دەنگی ئەمریکا (جەسیکا بێرمان) دەڵێت: زانایان لەو باوەڕەدان کە ٤,٥ ملیار ساڵ لەمەوبەر هەسارەیەك لە قەبارەی هەسارەی مارس (مەریخ) بەر زەوی کەوتبێت و لە پاشماوەکەشی مانگ دروست بووبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە لە لایەن هەسارەناس لە زانکۆی سانتاکروزی کالیفۆرنیا (ئێرك ئاسپۆك) ڕەت کراوەتەوە، لەبەر جیاوازیی نێوان ئەو دیوەی مانگ کە ڕووی لە زەوییە و دیوەکەی دیکەی کە تەختەکەی چڕتر و شاخاوی و بەرزایی چیاکانی دەگاتە سێ هەزار مەتر، لە ڕێگەی مۆدێلی کۆمپیوتەرەوە ناوبراو لەگەڵ مارتن یوتسەی لە زانکۆی بێرنگی سویسرا گەیشتوونەتە لێکدانەوەیەك سەبارەت بە جیاوازیی هەردوو دیوی مانگ و، لەو باوەڕەدان کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێکدادانێك لە نێوان مانگێکی قەبارە بچوك و مانگێکی قەبارە گەورەدا، زانایان لەو باوەڕەدان کە مانگە گەورەکە بەهۆی هێزی ڕاکێشانی زەوی و هێزی ڕاکێشانی خۆیەوە مانگە بچوکەکەی بە لای خۆیدا ڕاکێشابێت و، ئەم کارەش پێکدادانی لێ دروست بووبێت، بەڵام زانایان دەڵێن دروستیی ئەم کارە کاتێك یەکلا دەبێتەوە کە بتوانن بەراوردێك بکەن لە نێوان کانزاکانی هەردوو دیوی مانگدا، زانایان ئومێدەوارن ئەم ئەرکە سەبارەت یارمەتیدەر بێت بە ڕوونکردنەوەی دروستبوونی هەسارە بەرداوییەکان لە سیستمی خۆردا.



## پەند و وتە

ماری ماکارتی، ڕۆماننووسی ئیرلەندی، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری دبلەن لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەکارهێنانی هێز دەڵێت: کاتێك بیر لە بەکارهێنانی هێز دەکەینەوە، یان کە هێز بەکاردەهێنین، خۆمان لە بیر دەکەین کە کێن و ئێمە مرۆڤین.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا فێڵکارییەك هەیە، کە سێ کەس هەن، هەوڵ بدە کەسەکان دیاری بکەیت، کە لە وێنەکەدا تەنیا دوو کەس هەن، بەڵام کەس سێیەم دیار نییە و هەوڵدە بیدۆزیتەوە.

## فیلم




### مەلەزانان
### The Swimmers -

فیلمێکی دراما و وەرزشییە، باس لە چەند مەلەوانێك دەکات کە ژیانی چەندین کەسیان ڕزگار کردووە، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسی، تاوەکو ژیانی کەسانی دیکە ڕزگار بکەن، فیلمەکە لە دەرهێنانی سالی ئێل حوسەینی، لە نووسینی جاك تۆرن و کریستۆفەر ڕۆس، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ١٤ خولەکە، بە بەشداری و نواندنی هەردوو خوشەکی ئەکتەر (ناتالی و مانال عیسا) یە، کە توانیویانە پلەیەکی جیهانی لە مەلەوانیدا تۆمار بکەن، بە بەشداریی (ماتیاس شوینگۆلفێر، کیندا عەلوش، ئەحمەد مەلەك، جەیمس فلۆید).

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

بەشێکی زۆر لە داواکارییەکانت ڕەت دەکرێنەوە و شتەکان بە خواستی تۆ نابن، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوبیت، پێویستە ڕێگری بکەیت لەوەی ئەمە کاریگەریت لەسەر دروست بکات، متمانەکردن بە تواناکانی خۆت لە ئێستادا باشترین کارە .

**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە هاوپیشەکانت بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن، دەرفەتی ئەوەت دەبێت بیر لە ئامانجەکانت بکەیتەوە، ماوەیەکە بەهۆی سەرقاڵییەوە کاتت بۆ خۆت نەماوە، هەوڵ بدە هەندێك کات بۆ پشوو و حەوانەوە تەرخان بکەیت.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هیچ گرفتێك نایەتە سەر ڕێگەت و بەربەستت تووش نابێت، تەنیا پێویستە خۆت گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت بۆئەوەی زوتر بە ئامانجەکەت بگەیت، کات لەدەست مەدە و سوودی لێ ببینە،. چاوەڕوانی لە بەرژەوەندیت نییە.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١


پێش ئەوەی بکەویتە دۆخێکی سەختەوە، هەوڵ بدە خۆت ڕێگەی دروست بدۆزەرەوە و بە ژیرانە کارەکانت بکە، بچوکترین هەڵە لە ئێستادا گرفتی گەورە بۆ داهاتوت دروست دەکات، شێوازی ژیانت زۆر باشە لە ئێستادا.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

دەکەویتە دۆخێکی کەمێك سەختەوە و ڕووداوەکانی ئەم کۆتاییە بۆ تۆ چاوەڕواننەکراون، پێویستت بە خۆڕاگرییە، ئەمەش کلیلی بەهێزبونی تۆیە، ڕای کەسانی دیکە قبوڵ بکە و هەوڵ مەدە تەنها ڕای خۆت بسەپێنیت.


**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەربەست دێتە پێشت و ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژە تووشی فشارێکی دەروونیی زۆرت دەکات، هەندێك کات باشترە لەو دۆخە بێیتە دەرەوە، نەك بەرپرسیارێتییەکی زۆر لەسەر شانت هەڵبگریت، گرنگی بە تەندروستیت بدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
January 9, 2023 Issue,No.1348

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626